رووداو
RÛDAW

ژمارە (475) دووشەممە 2017/10/2 - 10ی ڕەزبەر 2717 (750) دینار


## کوڕەکەی خۆی بە کلکە خاکەناس دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

ئاوارەیەکی عەرەبی خەڵکی حەویجە کە نیشتەجێی هەولێرە، کوڕە 25 ساڵانەکەی خۆی بە زنجیر دەبەستێتەوە و تا مردن ئەشکەنجەی دەدات. دوای ڕووداوەکە، پۆلیس باوک و برایەکی قوربانییەکەی دەستگیر کرد.

برایەکی قوربانییەکە کە ئێستا لەسەر ئەو ڕووداوە لە زیندانە و شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، بە پۆلیسی ڕاگەیاند کە ئەو ئێوارەیە کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بە چاوی خۆی بینیویەتی براکەی بە زنجیر بەستراوەتەوە، کاتێک دەستی لە لاملی داوە، زانیویەتی گیانی دەرچووە، ویستوویەتی دەست بە گریان و هاوار بکات، بەڵام زانیویەتی باوکی تەنیا مەبەستی ترساندنی بووە نەک ئەوەی بیکوژێت، بۆیە بێدەنگ بووە و لەگەڵ باوکی تەرمی نیزالیان بردووەتە نزیک نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر و لەوێ فڕێیانداوە و گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

ئەو کوڕە لە دانپێدانانی بۆ پۆلیسی هەولێر گوتبووی کە دواتر لەگەڵ باوکی گەڕاونەتەوە هەمان شوێن بۆ ئەوەی تەرمەکە هەڵبگرنەوە و لە شوێنێک بیشارنەوە، بەڵام پۆلیس گومانی لێکردوون و گرتوونی.

«13



**مەجید نیزامەدین گلی**

### کورد دەبێت چی بکات؟

19

### تەنیا یەک کەس فۆرمی کاندیدی سەرۆکی هەرێمی پڕکردووەتەوە

3



### ژیانی تایبەتی کۆسرەت ڕەسووڵ لە زمانی خۆیەوە

4

## فەرەنسا پێشنیازێک بۆ کوردستان گەڵاڵە دەکات

# کۆنفیدراڵی لەجیاتی سەربەخۆیی

5



شرۆڤە 17

**سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا:**

### مافی دامەزراندنی دەوڵەتمان بەدەستهێنا



ڕاپۆرت 5

### پارتی ناگەڕێتەوە بەغدا

ڕاپۆرت 3

### سوننەکان سەرقاڵی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆمن



تاراوگە 7

### ڕۆژی ڕەشی کۆچبەرانی کورد لە دەریای ڕەشدا



ڕووداو
ژمارە (475) – دووشەممە 2017/10/2

## بەرپرسێکی تورکمان بەهۆی گشتپرسییەوە دەردەکرێ

**ڕووداو– هەولێر**

بەرپرسی لقی هەولێری بەرەی تورکمانی عێراق، ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی بە بەڵێ لە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان دەنگی داوە، لە حیزبەکەی دەرکراوە. ئازاد کوورەچی، بەرپرسی لقی هەولێر بەرەی تورکمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە فەرمانی ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی، لە ریزەکانی بەرەی تورکمانی دەرکراوم. دەرکردنم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بە بەڵێ لە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستاندا دەنگم داوە". بەڵام ئایدن مەعرووف، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی تورکمانی دەڵێت "دەرکردنی ئەو بەرپرسە حیزبییە، پەیوەندی بە گشتپرسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە پرسێکی ناوخۆیی حیزبەکەمان".



### هوتافەکان دژی بارزانی و پێشمەرگە بوون

# گشتپرسی هوتافی عاشوورای ئەمساڵی گۆڕی

> نوێنەری عەممار حەکیم پێیگوتین بەم هوتافانە شەرمەزار بووم
>
> بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف

**سیروان عەباس**
**ڕووداو – هەولێر**

عاشووورای ئەمساڵ، هێندەی شین و لەخۆدان بوو بۆ پارچەپارچەبوونی عێراق، هێندە شینگێڕان نەبوو بۆ مەرگی ئیمام حوسێن. شینگێڕانی عاشوورا لە زۆربەی حوسەینییەکان هێرشی توندیان کردە سەر پێشمەرگە و بارزانی. بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت چەندین بەڵگەیان لەبارەی سووکایەتی بە کورد لە عاشوورا پێشانی نوێنەری شیعەکان لە هەولێر داوە.

ڕۆژی 2017/10/1 بە سەتان هەزار شیعە لە حوسەینییەکانیان بە تایبەتی لە عێراق و ئێران، بەبۆنەی "شەهیدکردن"ی ئیمام حوسێن، شینیان گێڕا، بەڵام گوتاری ئەمساڵ زۆر جیاواز بوو لە گوتاری ساڵانی ڕابردوو، زۆرتر هێرش بوو بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە و بارزانی.

لە گوتارە ئایینییەکانیشیاندا هەندێک لە گوتاربێژان هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و بە هاوپەیمانی ئیسرائیلیان ناوبرد، سەربەخۆییشیان بە "پیلانی زایۆنیزم" ناوبرد.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕایگەیاند، ئەو هێرش و سووکایەتییانەی لەلایەن بەشێک لە کەسایەتییەکان و خەڵکی شیعە مەزهەبەوە بە کورد و کوردستان کراوە، لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە وەکو بەڵگەی ڤیدیۆیی هەڵگیراوە و لە کاتی بەشداریکردنی نوێنەری عەممار حەکیم لە یادی عاشوورا لە هەولێر، نیشانی درایەوە.

مەریوان نەقشبەندی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە شاری هەولێر یادی عاشوورا کرایەوە، لە مەراسیمەکەدا حەسەن حەکیم، برا و نوێنەری عەممار حەکیم ڕێبەری ڕەوتی حیکمە بەشداری کرد. دوای مەراسیمەکەش پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف بە وەکالەت بەڵگە ڤیدیۆییەکانی پیشانی حەسەن حەکیم دا، ئەو گوتی بە بینینی ئەم دیمەنانە شەرمەزار بووم، بەڕاستی ئەمە کاری موسوڵمانی شیعە نییە، بەڵکو کاری چەند توندڕەوێکی تێکدەرە".

بە گوتەی نەقشبەندی، هەر سەبارەت بە هوتاف و گوتارە توندئاژۆکانی بەشێک لە شیعەکان، وەزیری ئەوقاف پەیوەندی بە سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعەوە کردووە و نارەزایەتی خۆی پێ ڕاگەیاندووە.

شاری هەولێر و دهۆکی لێ دەربچێ، لەسەرجەم شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان حوسەینیە هەیە، لە بۆنەکاندا بە هەزاران موسوڵمانی شیعەمەزهەب ڕووی تێدەکەن. زۆرجار بۆنەکان بە سیاسیی دەکرێن و هوتافی سیاسییان تێدا دەگوترێتەوە.

نوێنەری هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکان لە هەولێر ڕایگەیاند، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خەڵکێکی زۆر هەن دژ بە هەرێمی کوردستان و بە پێچەوانەشەوە دژ بە بەغدا دەنووسن یاخود گرتەی ڤیدیۆیی بڵاودەکەنەوە، ئەوانە ڕای مەرجەعی باڵای شیعە نییە و بەهیچ جۆرێک پشتگیری ئەو کارانە ناکەن.

شێخ بەشیر عادل، بەرپرسی دامەزراوەی شەهیدی میحراب و نوێنەری هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕای ئێمە شیعەکان دەبێ ڕای مەرجەع بێ، مەرجەعیش دەڵێ نابێ هیچ دژایەتییەکی کورد بکرێ، چونکە کورد برای ئێمەن، بەڵام دەبێت کوردیش ئەوە بزانێت کە ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق نین و بە هەموو شێوەیەک ڕەتیدەکەینەوە".

شێخ بەشیر ئاماژە بەوە دەدات کە هوتافەکان دوولایەنەن و لە کوردستانیش هوتاف و دروشم دژی بەغدا دەگوترێنەوە، بۆیە دەڵێت "ئێمە ناتوانین ڕێگە لەو هەموو خەڵکە بگرین، بەڵام ڕای فەرمی مەرجەعی باڵای شیعە دژی توندوتیژی و جیابوونەوەی کوردستانە".

بەپێی ساڵنامەی کۆچی، ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەم، ڕۆژی کوژرانی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلی نەوەی پێغەمبەرە. ئەو ڕۆژە لای موسوڵمانانی شیعە بە عاشوورا ناسراوە و بە ڕێپێوان، لەخۆدان، سنگکوتان و سرووتی ئایینی شیوەن بۆ کوژرانی ئیمام حوسێن بە دەستی یەزیدی کوڕی معاویە دەگێڕن.


شیعەکان زۆر لە بۆنە ئایینییەکانیان بە سیاسیی دەکەن

### سێ دەروازەی بازرگانی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا هەن

# تورکیا لە ترسی دەروازەکانی ڕۆژئاوا، ئیبراهیم خەلیل داناخات

> دەروازەی خانەسۆر وەکو دەروازەیەکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ
>
> بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سنووری پارێزگای دهۆک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەردەوامە، سێ لە دەروازەکان لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانن، دوو دەروازەی دیکەش دەکەونە نێوان باشوور و باکووری کوردستان. سەرچاوە ئاگادارەکان دەڵێن تورکیا نایەوێ دەروازەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ببنە بەدیلی دەروازەکانی تورکیا، بۆیە زەحمەتە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بەڕووی کوردستاندا دابخات.

دوای ئەنجامدانی گشتپرسی، بەرپرسانی تورکیا و لەسەرووی هەموویشیانەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا و بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، زۆرترین قسەیان لەسەر گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان کردووە، چەندینجار هۆشدارییان داوەتە بەرپرسانی کورد کە دەبێ باجی ئەو گشتپرسییەی ڕۆژی 25ی ئەیلول بدەن. هاووڵاتیان نیگەرانن لەوەی تورکیا دەست بۆ کارتی ئابووری ببات و دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بەڕووی هاتوچۆی بارهەڵگرەکاندا دابخات و چیدیش ڕێگە نەدات نەوتی کوردستان بگاتە جیهان.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت "هەتا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ گرتنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، بەڵکو لە دوای گشتپرسی هاتوچۆ لەو دەروازەیە پتر بووە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بۆ تورکیا گرنگە، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی دانەخستنی ئەو دەروازەیە ئەوەیە کە تورکیا نایەوێت هەرێمی کوردستان بەدیلی ئەو دەروازەیە بەکاربهێنێ کە دەروازەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە، چونکە ئەگەر هاتوچۆی بازرگانیی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان گەشە بکات، تورکیا لە دوو ڕووەوە زەرەر دەکات، هەم گورز لە ئابوورییەکەی دەدات، هەمیش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕۆژئاوای کوردستان کە تورکیا هیچ یەکێک لەمانەی ناوێت".

لە دوای ئەڵمانیا و بەریتانیا، هەرێمی کوردستان گەورەترین هاوبەشی ئابووری و بازرگانیی تورکیایە، ئەو هاوبەشییەش دەروازەکەی ئیبراهیم خەلیلە، بەپێی داتاکان ساڵی ڕابردوو بایی 10 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو دەروازەیە کراوە.

هەر دوای گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گومرگەکانی عێراق، نووسراوێکی نهێنی دەرکرد و بڕیاری دا کە دەست بەسەر گومرگەکانی هەرێمی کوردستاندا بگرێ و بۆ ئەمەش لە نووسراوەکەدا ناوی 41 کارمەندی هێنابوو کە وەکو ستافی سەرپەرشتیکردنی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەستبەکار ببن. بەڵام فرسەت ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گومرکی ئیبراهیم خەلیل بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ گۆڕانکارییەک لە خاڵە گومرگییەکە ڕووینەداوە و کارەکان وەکو جاران و بگرە باشتریش لە جاران بەڕێوەدەچن".

پێشتر شێخ مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە دڵنیایی دابووە هاووڵاتیان کە تورکیا سنوور داناخات، بەڵام دەڵێت ئەگەر ئەوەش ڕوویدا، بیریان لە دەروازەی دیکە کردووەتەوە "دەتوانین لەڕێگەی سووریاوە لە هێڵی ڕۆژئاوای کوردستان، کاڵا هاوردە بکەین".

یەکێک لەو خاڵە سنوورییانەی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندایە، دەروازەی خانەسۆرە لە سنووری ناحیەی سنوونێی سەر بە قەزای شنگال.

تایف سەیدۆ، بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەیەکە ئەو دەروازەیە کراوەتەوە، زیاتر دەروازەیەکی بازرگانییە، ئێستا ئاژەڵ و پیاز و پەتاتە و گەنم و جۆ لەو دەروازەیەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ شتێک لەو دەروازەیە ناچێت بۆ ڕۆژئاوای کوردستان".

بە گوتەی سەیدۆ، دەروازەکە وەکو فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و لە هەردوو دیو گومرگ لە بازرگانان وەردەگیرێ".

# کارمەندانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کوردستان جێدەهێڵن

> بڕیارەکانی بەغدا بوونە هۆی ئەوەی نەگەمە لای کچەکەم لە کەنەدا
>
> خێزانێکی کوردی ئێزدی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– هەولێر**

بەرپرسی بۆردی مرۆڤایەتی لە دهۆک هۆشداری دەدات لە درێژەکێشانی ئابڵوقەی ئاسمانیی سەر هەرێمی کوردستان و دەڵێت ئەگەر ئەو ئابڵوقەیە بەردەوام بێ، زۆربەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کوردستان جێدەهێڵن و دەچنە کەمپی ئاوارەکان لە تورکیا و ئوردن.

ئەو قەدەغەیەی ئێوارەی هەینیی ڕابردوو بە بڕیاری حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق خرایە سەر ئاسمانی کوردستان، سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی دەرەوەی بۆ هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی ڕاگرت. چەندین کارمەندی بیانیی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان ناچار بوون بەر لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، کوردستان جێبهێڵن، بە گوتەی کارمەندانی بواری مرۆیی، ئەو بڕیارەی بەغدا کاریگەریی زۆری لەسەر هاوکاریکردنی ئاوارەکان دەبێ.

بەپێی ئامارەکان دوو ملیۆن و 700 هەزار ئاوارە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن کە زۆربەیان لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییە بیانییەکانەوە کۆمەک دەکرێن. هەروەها زۆر لە کاروباری نێو کەمپەکان لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە دەکرێ.

بەپێی ئامارەکان، تەنیا لە سنووری پارێزگای دهۆک 116 ڕێکخراوی بیانی هەن کە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاوە هاتوون، بۆ ئەوەی هاوکاریی 800 هەزار ئاوارەی سنووری پارێزگاکە بکەن.

جگە لەو ڕێکخراوە بیانیانە، نزیکەی 100 ڕێکخراوی ناوخۆش بە هاوکاریی ئەو ڕێکخراوە بیانیانە یارمەتی ئاوارەکان دەدەن، نزیکەی 150 کچ و کوڕی دهۆک لەو ڕێکخراوانە کار دەکەن، لە ئەگەری ڕۆیشتنی ڕێکخراوە بیانییەکاندا، کاری ڕێکخراوە ناوخۆییەکانیش لاواز دەبێ و چەندین کەس کە قووتیان لەسەر ئەو ڕێکخراوانەیە، بێکار دەمێننەوە.

ئیسماعیل محەممەد، جێگری پارێزگاری دهۆک بۆ کاروباری ئاوارەکان کە بەرپرسی بۆردی مرۆڤایەتیشە لە پارێزگاکە، بە (ڕووداو)ی گوت: "وەکو ڕێکخراوەکان، هێشتا هیچ ڕێکخراوێک دهۆکی جێنەهێشتووە، بەڵام کارمەندە بیانییەکان کە لەو ڕێکخراوانە کار دەکەن، زۆربەیان گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، بەشێکیان پێش ئەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی کوردستان ڕابگیرێ گەڕانەوە، بەشێکیشیان لەو دوو ڕۆژە لە ڕێگای وشکانییەوە چوونە تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە".

ئیسماعیل محەممەد، باسی ئەگەری درێژەکێشانی ئەو قەیرانە دەکات و دەڵێت: "ئەگەر ئەو قەیرانە بەردەوام بێ و ڕێگای ئاسمانی هەروا بەداخراوی بمێنێتەوە، ئیدی بیانییەکان ناگەڕێنەوە، ڕەنگە زۆربەیان کوردستان جێبهێڵن و ڕوو لە کەمپی ئاوارەکان لە تورکیا و ئوردن بکەن، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئاوارەکانی پارێزگای دهۆک کە 800 هەزار ئاوارەی تێدایە".

ئەو ڕەخنەی لە بەرپرسانی بەغدا گرت کە تەنانەت حیسابیان بۆ هاوزمان و هاونەتەوەی خۆشیان نەکردووە و دەڵێت "بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانەی لێرەن، عەرەبن و خەڵکی مووسڵ و ئەنبار و سەلاحەددینن، بەغدا نەک هاوکارییان ناکات، بەڵکو بەو بڕیارەشی هێندەی دیکە باری سەرشانی ئاوارەکان قورس دەکات، چونکە ئەگەر وا بڕوات زۆربەی ڕێکخراوە بیانییەکان کوردستان جێدەهێڵن و چیدی کۆمەک لە دەرەوە بۆ ئاوارەکان نایەت".

ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی کوردستان بەرنامەی زۆر کەسی تێکدا، یەکێک لەوانە خەولین بوو. خەولین کە ئافرەتێکی کوردی ئێزدیی خەڵکی شنگالە و ئێستا لە کەمپێکی ئاوارەکان لە دهۆک دەژی، بەنیاز بوو بەم نزیکانە بگاتە کەنەدا، بەڵام ئێستا دەبێ چاوەڕێی ئایندەیەکی نادیار بکات.

خەولین بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش دوو مانگ کچەکەم بە هاوکاریی ڕێکخراوێکی کەنەدی چووە کەنەدا، ئێمەش بەنیازبووین لە ڕێگەی کچەکەمەوە بڕۆین، بەڵام بەهۆی ڕاگرتنی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بۆ دەرەوە، بێ هیوا بووین، چونکە ئەو ڕێکخراوەی بڕیار بوو ئێمە بگەیەنێتە کەنەدا، کوردستانی جێهێشت".

گوتیشی: "ئەوە تەنیا کێشەی من نییە، چەندین خێزانی دیکەش بە نیازی سەفەر بوون و لێیان تێکچوو".



116 ڕێکخراوی بیانی لە دهۆک هاوکاری ئاوارەکان دەکەن (فۆتۆ: AFP)

سبەی دوا مۆڵەتە..

# تەنیا یەک کەس فۆرمی کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پڕکردووەتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو وادەیەی کۆمیسیۆن دەستنیشانی کردووە، تەنیا یەک ڕۆژ لە بەردەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا ماوە بۆ پێشکەشکردنی کاندیدەکانیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیش ئاشکرای دەکات کە تەنیا یەک کەس فۆرمی وەرگرتووە، ئەویش بە "ناتەواوی" پڕی کردووەتەوە و ڕەنگە داواکارییەکەی ڕەتبکرێتەوە.



## کەس فۆرمی پڕ نەکردووەتەوە

شۆڕش حەسەن، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لە ڕۆژی 3ی ئەیلولەوە، بانگەوازمان بۆ هەموو ئەو کەسانە کردووە کە مەرجی یاساییان تێدایە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ڕۆژی سێشەممەش 2017/10/3 دوا وادەیە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری فۆرمی خۆکاندیدکردن بۆ ئەو پۆستە".

شۆڕش حەسەن ئاشکرای کرد کە لە ماوەی 28 ڕۆژی ڕابردوودا تەنیا یەک کەس داوای ئەو فۆرمەی کردووە "تا ئەو چرکەیە کە قسە لەگەڵ ئێوە دەکەم هیچ کاندیدێک فۆرمی بە تەواوەتی پێشکەشی کۆمسیۆن نەکردووە، تەنیا یەک هاووڵاتی بەناوی زەنوون فۆرمەکەی وەرگرتووە، بەڵام بە تەواوی پڕی نەکردووەتەوە".

> زۆر زەحمەتە لەو ماوەیەی کە دیاری کراوە هەڵبژاردن بکرێ
>
> خەسرۆ گۆڕان

## مەرجەکانی خۆکاندیدکردن

بەپێی ماددەی پێنجی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005ی هەموارکراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر کەسێک بیەوێت خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید بکات، دەبێ سێ مەرجی تێدا بێت. یەکەم: تەمەنی لە کاتی هەڵبژاردندا لە 40 ساڵ کەمتر نەبێ. دووەم: نیشتەجێی کوردستان-عێراق بێت. سێیەم: لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەهرەمەند بێت. بەپێی قسەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمیسیۆن، پێویستە هەر کاندیدێک بڕی 50 ملیۆن دینار وەکو دڵنیایی بداتە کۆمیسیۆن.

دوایین هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 25ی تەمووزی 2009 لە نێوان 5 ڕکابەر بەڕێوەچوو کە تێیدا مەسعود بارزانی توانی یەک ملیۆن و 266 هەزار و 397 دەنگ (69.60%ی دەنگەکان) بهێنێ.

ڕۆژی 2017/6/8 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەرسوومێکی پێنج خاڵی دەرکردبوو کە تێیدا دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی بۆ کۆمیسیۆن جێهێشتبوو، بەڵام لایەنەکانی نێو کۆمیسیۆن نەیانتوانی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە، بۆیە بارزانی لە دوای 35 ڕۆژ چاوەڕوانی، ڕۆژی 2017/7/12 بە مەرسوومی ژمارە 128 ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ڕاگەیاند کە ڕۆژی یەکی نۆڤەمبەری ئەمساڵە.

## پارتی لە کۆمسیۆن تێناگات

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا ڕوون نییە کۆمسیۆن بە کامە یاسا هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجام دەدات، ئەوەش دیار نییە دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن یان نا، ئێمە وەکو پارتی هەر کاتێک کۆمیسیۆن بڵێ هەڵبژاردنە ئامادەین، بەڵام بەپێی ئەزموونی خۆمان زۆر زەحمەتە لەو ماوەیەی دیاریکراوە هەڵبژاردن بکرێت".

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی سعودی ئاشکرای کردبوو کە نە خۆی و نە کەسانی نزیک لەخۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کورستان خۆیان کاندید ناکەن، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە بارەی کاندیدی حیزبەکەی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی "هێشتا زووە قسە لەسەر ئەو پرسە بکەین، چونکە ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردن وەکو گشتپرسی نییە، تەنیا بەڵێ و نەخێر بێ، لانیکەم چوار مانگ ئامادەسازی پێویستە، وردبینیی ناوی کاندیدەکان و پەسەندکردنیان کاری زۆر دەوێت".

> پێدەچێت پارتی و یەکێتی هەڵبژاردن دوابخەن
>
> شوان رابەر

## لەنێو گۆڕان باسی سێ کاندید دەکرێت

کارزان گەردی، بەرپرسی ئۆفیسی ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەکو بزووتنەوەی گۆڕان بە دڵنیاییەوە کاندیدمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت، لە نزیکترین کاتدا ناوی کاندیدەکەمان پێشکەشی کۆمسیۆن و ڕای گشتی دەکەین".

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان گومانی لە پارتی و یەکێتی هەیە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە کاتی دیاریکراوی خۆی بەڕێوەبچێت، بە تایبەتی کە ئەو دوو لایەنە کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش نەکردووە، جگە لەوە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی و ئەگەری بەشداریکردن بە لیستی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکان کە لە ڕێککەوتنەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بووەتە بەربەست، بۆیە گۆڕان نایەوێ موفاجەئەکەی بسووتێ و تا دڵنیا نەبێت هەڵبژاردن دەکرێت یان نا، کاندیدی پێشکەش ناکات. لە نێو بزووتنەوەکەش باسی 3 کاندید دەکرێ، ئەگەرچی پێشتر مام ڕۆستەم هەڵسوڕاو و هاوڕێی نزیکی نەوشیروان مستەفا کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، بەڵام لەلایەن گۆڕانەوە وەکو کاندید نەناسێنراوە.

> کاندیدی سەرۆکی هەرێم دەبێ 50 ملیۆن دینار وەکو دڵنیایی بداتە کۆمسیۆن
>
> کۆمیسیۆن

## ئیسلامییەکان کاندیدیان نییە

تاوەکو ئێستا هیچکام لە حیزبە ئیسلامییەکان باسی کاندیدی خۆیان بۆ ئەو پۆستە نەکردووە و پێشناچێ کاندیدیان هەبێ. شوان رابەر، بڕیاردەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "نە بە تەنیا و نە بە هاوپەیمانی کاندیدی خۆمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کۆمیسیۆن نەکردووە، جارێ زووە ئەو پرسە بکرێتەوە، هەر کاتێک پێویست بوو بڕیاری خۆمان دەدەین".

> بە دڵنیاییەوە گۆڕان کاندیدی دەبێت
>
> کارزان گەردی

## قەوارەکەی بەرهەم ساڵح بەرچاوی ڕوون نییە

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، هاودیدی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح سەبارەت بە کاندیدیان بۆ ئەو پۆستە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هێشتا دۆخە سیاسییەکە ڕوون نییە. دیار نییە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەمێنێ یان نا، چونکە ئێمە ریفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە. کەواتە دەبێ ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە، ئایا لەچوار ساڵی داهاتوودا هەروەک هەرێم لە عێراق دەمێنینەوە یان سەربەخۆیی بنیات دەنێین؟! هەر کاتێک بەڕوونی دەرکەوت هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی کۆماری کوردستان یان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەوکات بێگومان کاندێکی شیاومان بۆ سەرۆکایەتی دەبێت".

---

ناجح میزان، گوتەبێژی هۆزە عەرەبە سوننەکان:

# لەنێو عەرەبی سوننە جوڵانەوەیەکی بەهێز بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی ریفراندۆم هەیە

ناجح میزان، گوتەبێژی هۆزە عەرەبە سوننەکانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، ئاشکرای کرد کە سوننەکان سەرقاڵی گفتوگۆن بۆ پێکهێنانی "ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم" بە مەبەستی ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ جیابوونەوەی شارە سوننییەکان لە عێراق. ناجح میزان گوتی کە گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان "ئومێدی بە عەرەبی سوننە بەخشیوەتەوە" بۆ ئەوەی ئەوانیش داوای مافەکانیان بکەن. ڕەخنەش لە هەندێک سەرکردەی سوننە دەگرێ و دەڵێ "هەندێک سەرکردەی سوننە بۆ ڕازیکردنی ئێران، لە شیعە زیاتر بەرامبەر کورد توندن".

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر



> گشتپرسیی کوردستان ئومێدی بە عەرەبی سوننە بەخشییەوە

**ڕووداو: دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، عەرەبەی سوننە بەرەو کوێ؟**

**ناجح میزان:** دیاریکردنی چارەنووسی عەرەبی سوننە لە دیاریکردنی چارنووسی گەلی کورد گرنگترە، بە تایبەتی ئێستا عەرەبی سوننە زۆربەیان ئاوارەن، یان لە زیندانەکانی حکومەتی عێراقدان بە تۆمەتی تیرۆر و بەعسیبوون. ناوچەکانیشیان لەلایەن میلیشیا ئێرانییەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، ملیۆن و نیوێک عەرەبی سوننە عێراقیان جێهێشتووە، بۆیە ئێستا پێویستە هەنگاو بنێین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی عەرەبی سوننە و دروستکردنی چەند هەرێمێک بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان.

**ڕووداو: گشتپرسی باشووری کوردستان دۆزی سوننەکانی لە عێراق پێشخستووە؟**

**ناجح میزان:** قەیرانەکانی عێراق و گشتپرسیی کوردستان بوونە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی شیعەکان بکەوێتە خراپترین و لاوازترین دۆخەوە، دواجار پارچە پارچە دەبن، بۆیە ئێستا بیهێزن، پێویستیان بە پاڵپشتی پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق هەیە، نایانەوێ هیچ بەرەیەکی دیکە بکەنەوە، چونکە ئێستا لە بەرەیەکدان بەرامبەر کورد. بۆیە ئەگەر عەرەبی سوننە داوای مافی خۆیان بکەن بە دامەزراندنی هەرێم و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان، ناتوانن دژی بن. گشتپرسیی کوردستان ئومێد و هێزێکی زیاتری بە ئێمە داوە، بۆیە دەبێ ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە.

**ڕووداو: پارتە کوردستانییەکان ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆمیان دروستکرد کە توانی پرۆسەکە بە ئەنجام بگەیەنێ، هیچ هەوڵێک هەیە ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم دروست بکەن؟**

**ناجح میزان:** بەڵێ هەوڵ و جوڵەیەکی میللیی زۆر هەیە و جەماوەری سوننە گوشار دەکەن بۆ ئەوەی ئەزموونی کوردستان دووبارە بکرێتەوە. داواکاریی زۆریش بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم هەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە سوننەکان. بەداخەوە کێشەکە لە خودی سەرکردە سوننەکانە کە بۆ ڕازیکردنی ئێران و ویلایەتی فەقیە داوای مافی سوننە ناکەن و بێدەنگ دانیشتوون لە پێناوی پاراستنی پۆست و دەستکەوتی ماددی، وەکو ئەوەی بارودۆخی سوننە زۆر باش بێت و هیچیان بەسەر نەهاتبێت، بەڵام جەماوەری سوننە و هۆزەکان و خەڵکی بێلایەن و ئەکادیمی لە جاران زیاتر دەنگیان بەرز کردووەتەوە.

> 4000 ئەمریکا سوننەی لە ئەنبار چەکدار کردووە

> هاوپەیمانیی شیعەکان پارچەپارچە دەبێت

**ڕووداو: ئەگەر سەرکردە سوننەکان لەگەڵ دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم نەبن چۆن دەتوانرێت هەنگاوێکی وا گەورە و هەستیار بنرێ؟**

**ناجح میزان:** بەداخەوە هەندێک سەرکردەی سوننە لەبارەی گشتپرسی لە شیعە زیاتر بەرامبەر کورد توندن. سەیر بکە هەموو ڕۆژێک سەلیم جبووری و ئەوانەی بە دوای کەوتوون، کۆدەبنەوە و کۆمەڵێک بڕیار دژی کورد دەردەکەن، ئەوانە هیچیان بۆ سوننە پێناکرێت، بەڵام جووڵانەوەیەکی سیاسی بەهێز لە عەمان، لەندەن و هەولێر دەستی بە کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ لایەنەکانی نێو پێکهاتەی سوننە کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوننە و دارشتنی نەخشەڕێگایەکی دروست بۆ حوکمڕانی و شەراکەت. ئەگەر عەرەبی سوننە ئەو ئەزموونەی کورد کۆپی بکەن، هاوپەیمانی شیعە ناتوانێت دژی بوەستێ. یان هەرێمی فیدراڵی لە پارێزگا سوننەکان دروست دەبێت یاخود عەرەبی سوننە دەچنە پاڵ دەوڵەتی کوردستان، هەروەکو لە زمانی شێخ ئەحمەد کوبەیسی و چەندین کەسایەتی دیکەی سوننەوە تەئکید کراوەتەوە.

**ڕووداو: هیچ وڵاتێکی عەرەبی هەیە پشتگیری عەرەبی سوننە بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش کار بۆ دروستکردنی هەرێم و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بکەن؟**

**ناجح میزان:** عەرەبی سوننە لە لایەن هەندێک لە وڵاتانەوە پشتگوێخراون، چونکە سەرکردە و کەسی وایان تێدا نەماوە تا مامەڵەی لەگەڵ بکەن. لە کوردستانیش هەمان کێشە هەیە، برایانی کورد سەرکردەیەکی سوننەیان نەدۆزیوەتەوە تا کاری هاوبەشی لەگەڵ بکەن، ئەوەی ماوە خەڵکی هۆزەکان و دەستەبژێر ماون کە ناتوانن لە ناوچەکانی خۆیان بە ئازادی کاری سیاسی بکەن لەبەر هەڕەشەی میلیشیاکان، بۆیە پەنا دەبەنە بەر دەرەوەی عێراق.

**ڕووداو: دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننەکان لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە، بە نیازی چین؟**

**ناجح میزان:** ناوچەی سوننەکان پێشتر لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوون، ئێستاش لە لایەن میلیشیای تائیفی داگیرکراون، هیچیان ئەو ناوچانەیان ئازاد نەکردووە، بەڵکو هاتوون خەڵکەکەیان ئاوارە و ماڵوێران کردووە، سەیری جورف ئەلسەخر و سلێمان بەگ بکە هەمووی بە دەستی میلیشیاکانەوەیە. عێراق هەمووی لەلایەن ئێرانەوە هەڵدەسووڕێ، ئەگەر ئەو ناوچانە ڕادەستی خاوەنی حەقیقی نەکرێنەوە دەست لە ئاوارەکردن و سوتاندنی ماڵ و تێکدانی کێڵگە کشتوکاڵییەکان هەڵنەگیرێت، ئەوە عەرەبی سوننە پەنادەبەنەوە بەر چەک وەکو دوایین بژارە و چارەسەر.

**ڕووداو: ئێوە ناتوانن ئەزموونی ڕەبیعە و هۆزەکانی شەممەر لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دووبارە بکەنەوە کاتێک لیوای پێشمەرگە بۆ ئەو هۆزە عەرەبانە پێکهێنرا و ئێستا ناوچەکانی خۆیان دەپارێزن؟**

**ناجح میزان:** ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو، ڕەبیعە پێش مووسڵ ئازاد کرا، ئەگەر دەرفەتێکی دیکە هاوشێوەی ڕەبیعە بۆ عەرەبی سوننە بێتە پێشەوە زۆر باشە، ئێمە بەدوای چارەسەری شەرعی بۆ دۆزی عەرەبی سوننە دەگەڕێین، بۆیە چەکیش لە ڕێگای شەرعییەوە هەڵدەگرین، نەک لە ڕێگای ئێرانەوە. چەک هەڵگرتنیش لە پێناو گەڕاندنەوەی کەرامەت و ئازادی خۆمان و پاراستنی ناوچەکانمان لە دەستی داعش و میلیشیاکان.

> پێویستە عەرەبی سوننە ئەزموونی کورد کۆپی بکەنەوە

**ڕووداو: لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی ئەو پرسەتان نەکردووە؟**

**ناجح میزان:** چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبووە، لە ئەنبار 4000 کەس لە لایەن ئەمریکاوە چەکدارکراون. لە ڕێگای ڕوتبە و سنووری ئوردن هۆزەکان چەکدار کراون. لە دوای ئەم دۆخە نوێیە چەکدارکردنی عەرەبی سوننە بە چەکی شەرعی پێویستییەکی حەتمیە.



## ژیانی تایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە زمانی خۆیەوە

# کۆسرەت ڕەسوڵ .. پێشمەرگەیەکی دڵسووتاو

عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی کە دواتر بە (کۆسرەت) ناسرا و هەمووان ناوە ڕاستەقینەکەیان لەبیر کرد. لە 1/7/1952 لە گوندی شیواشۆکی سەر بە قەزای کۆیە لەدایک بووە. ساڵی 1968 پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی 1974 دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لە کۆتایی ساڵی 1975 پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و دەبێتە سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی خوێندکاران.

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو . هەولێر

### بە 180 هەزار دینارەوە ڕۆیشت

بەهۆی جموجوڵ و چالاکییەکانی، ساڵی 1977 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی دەکرێت، یەکێک بووە لەو پێنج ئەندامەی کۆمەڵە کە سەرەڕای ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەڵام هیچ نهێنییەکیان نەدرکاند، بۆیە هەمان ساڵ ئازاد کراوە. ساڵی 1980 بووەتە لێپرسراوی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران، هەر لەو ساڵەدا چالاکییەکی گەورە ئەنجامدەدات، ئەویش بردنی پارەیەکی زۆری ڕژێمی ئەوسای عێراق بووە بۆ پێشمەرگە.

بەکر مستەفا، لێپرسراوی پێشووی مەڵبەندی سێی یەکێتی کە هاوڕێی نزیکی کۆسرەت ڕەسوڵە، باسی ڕووداوی پارە بردنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "ساڵی 1980 کاک کۆسرەت سەرپەرشتی چالاکییەکی کرد و توانی 180 هەزار دیناری ئەوکات لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر بە هاوکاریی کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمان بڕفێنن. دواتر پارەکەیان تەسلیمی سەرکردایەتی یەکێتی کرد، ئەوکات ئەو بڕە پارەیە زۆر زۆر بوو".

### جفرەی "باوکی ڕێناس"

کۆسرەت ڕەسوڵ، ساڵی 1984 بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی هەڵبژێردراوە. لە 1984/8/14 دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی 1988 دەکرێتە لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکێتی. کۆسرەت ڕەسوڵ لە ساڵی 1977 هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو ئەمیرە کردووە و کچێک و شەش کوڕیان بووە. ساڵی 1985 بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی هەلیکۆپتەر لە سماقوڵی، بە سەختی بریندار دەبێ. ساڵی دواتر لە هەمان ناوچە و هەر بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە دوو لە کوڕەکانی بە ناوەکانی (ئاراس و پێشڕەو) شەهید دەبن. کوڕێکی دیکەشی بە ناوی ڕێباز، بەر لە 15 ساڵ بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لەدەستداو ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر جێهێشتووە.

هەرچەندە کۆسرەت ڕەسوڵ خاوەنی شەش کوڕ بووە، بەڵام ڕێناس دەبێتە کۆدی نهێنیی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ ئاگادارکردنەوەی شانە چەکدارە نهێنییەکان لە نێو شاری هەولێر لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991دا کە ئەوکات کۆسرەت ڕەسوڵ لێپرسراوی بەرەی کوردستانی بوو بۆ پارێزگای هەولێر.

کۆسرەت ڕەسوڵ، لەبارەی جفرەی "باوکی ڕێناس" پێشتر لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "بیرۆکەی ناوی (باوکی ڕێناس) و بەکارهێنانی وەک وشەی نهێنیی ڕاپەڕینی هەولێر بیرۆکەی خۆم بوو، ساڵی 1991 کە ئەوکات ماڵمان لە مەهاباد بوو، ڕێناسی کچم تەمەنی کەمتر لە سێ ساڵ بوو، زۆر پەیوەست بوو بەمنەوە، منیش زۆر زۆرم خۆشدەویست، بۆیە حەزم کرد بە دانانی ئەم ناوە خۆشەویستی خۆمی بۆ دەرببڕم".

سەبارەت بە دەستپێکی ڕاپەڕین لە هەولێر، کۆسرەت ڕەسوڵ دەڵێ: "بە شانە چەکدارەکانی برووسک و ڕێکخراوی هەولێرم گوت کە وشەی نهێنیمان (باوکی ڕێناس) دەبێ و هەرکات لە دەنگی گەلی کوردستانەوە گوێتان لەم پەیامە بوو: (لە باوکی ڕێناسەوە بۆ شانە چەکدارەکانی برووسک) ئێوە لە ناوەوە دەستپێبکەن و ئێمەش لە چەند لایەکەوە هێرش دەکەین بۆ ئازادکردنی شاری هەولێر".

### نەوت و کۆسرەت ڕەسوڵ

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ساڵی 1992، کۆسرەت ڕەسوڵ بووە ئەندامی پەرلەمان. دواتر لە ساڵی 1993 دەکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تاوەکو ساڵی 1996. مام جەلال لە کتێبی (دیداری تەمەن)دا کە بە یاداشتەکانی تاڵەبانی هەژمار دەکرێ، دەڵێت: "کۆسرەت ڕەسوڵ یەکەمجار سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی کرد بۆ پشتگیریکردنی و پێیگوت ئەگەر لەگەڵ مام جەلال پشتگیریم نەکەن، ئەو پۆستە وەرناگرم".

لە ماوەی سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵدا، جگە لەوەی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە (پارتی و یەکێتی) دووچاری شەڕێکی سەختی نێوخۆیی بوون،

> باوکم لە گەنجێک زیاتر ئیش بۆ یەکێتی و کورد دەکات
>
> دەرباز کۆسرەت

بەڵام بۆ یەکەمجار توانرا بە ئەندازیار و کرێکاری کورد و پێداویستیی نێوخۆیی لە 1993 نەوت لە شیواشۆک دەربهێنرێ. دوای ڕووداوەکانی 31ی ئابی 1996 و دابەشبوونی کوردستان بۆ دوو ئیدارە، کۆسرەت ڕەسوڵ بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی



کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) دانرا تاوەکو ساڵی 2001. دواتر دەبێتە بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

### کۆسرەت ڕەسوڵ و چاکسازییەکانی یەکێتی

کۆسرەت ڕەسوڵ، لە زۆربەی ئەو پڕۆژانەی بەناوی چاکسازی و گۆڕانکارییەکانی نێو یەکێتی ئامادە دەکران، تێدا بووە، هەر لە واژۆکردنی پڕۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ عومەری سەید عەلی و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پێشووی یەکێتی، تاوەکو دروستکردنی ناوەندی بڕیار.

> مام جەلال بە کاک کۆسرەتی دەگوت شێرەکەی یەکێتی و هەولێر
>
> فەرەیدوون عەبدولقادر

لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی لە ساڵی 2006، کۆسرەت ڕەسوڵ زیاتر چووە پێشەوە و تاڵەبانی بە بڕیارێک کردیە جێگری خۆی، لە کۆنگرەی سێیەمیش لە ساڵی 2010 جارێکی دیکە لەسەر پێشنیازی تاڵەبانی دەکرێتە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی.

کۆسرەت ڕەسوڵ لە جووڵانەوەی سیاسیدا کەسێکی پراگماتیکە، تا دروستکردنی باڵی ناوەندی

بڕیار لە ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، لە هەموو هەوڵێکی چاکسازی و گۆڕانکاری لەنێو حیزبەکەیدا بووە، بەڵام تا کۆتایی لەگەڵ هەڤاڵەکانی نەچووە. ئەمەش بەلای هەندێک لە یەکێتییەکانەوە وا لێکدەدرێتەوە کە "کۆسرەت ڕەسوڵ هاوڕێی نیوەی ڕێگایە".

کەسێکی نزیکی ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک کۆسرەت لە هەموو جوڵانەوەیەکی چاکسازی و گۆڕانکاری لە نێو یەکێتی دەوری هەبووە، بەڵام لە یەکەم دەقەوە بە هەموو ئەو کەسانەی ڕاگەیاندووە هەتا پڕۆژەکان لەنێو یەکێتی بن لەگەڵی دەبێ، بەڵام لە دەرەوەی یەکێتی پشتگیری هیچ پڕۆژەیەک ناکات، پێشتریش بە کاک نەوشیروانی گوتبوو، ئەمجارەش بە بیری کاک بەرهەمی هێنایەوە".

### دەستگیرکردنی سەددام

دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کۆسرەت ڕەسوڵ لە 2006/6/21 وەک جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێ. لە ئاداری 2012 بۆ جاری دووەم پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردرایەوە.

بەکر مستەفا دەڵێت کە کۆسرەت ڕەسوڵ ڕۆڵی هەبووە لە دەستگیرکردنی سەددام حوسێن، سەرۆکی ڕژێمی پێشووی عێراق و تەها یاسین ڕەمەزان، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی بەعسدا. ئەمەش بەهۆی بەهێزیی پەیوەندی ئەو لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک هۆزی عەرەب لە مووسڵ و تکریت.

> کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ (ڕووداو):

## کاتێک ڕێبازی کوڕم بیر دەکەوێتەوە دڵم دەسووتێ

**ڕووداو: ئەگەر پێشمەرگە و سیاسەتوان نەبوویتایە، چ پیشەیەکت هەڵدەبژارد؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** حەزم دەکرد پارێزەر بم، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی خەڵک بکەم.
**ڕووداو: حەزت لە دەنگی چ گۆرانیبێژێکە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** تەحسین تەها و حەسەن زیرەک
**ڕووداو: خولیای چ جۆرە وەرزشێکی، هاندەری چ هەڵبژاردە و یانەیەکی؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** حەزم لە تۆپی پێیە. هاندەری یانەی مانچستەر یونایتدم، ئەویش لەبەر دڵی دەرباز و شاکێو.
**ڕووداو: خۆشترین شوێن بە لای تۆ کوێیە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** لە کوردستان دۆکان. لە جیهانیش ئیتاڵیا.
**ڕووداو: حەزت لە چ جۆرە خواردنێکە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** هەموو جۆرە خواردنێکی کوردەواری دەخۆم.
**ڕووداو: جگە لە مام جەلال، حەز لە نوکتەی کێ دەکەی؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** نوکتەکانی کەمال شاکر.
**ڕووداو: قسەی دڵی خۆت لای کێ دەکەی؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** هەندێ کات قسەی دڵی خۆم لای کەس ناکەم.
**ڕووداو: حەز دەکەی بەناوی باوکی ڕێناس بانگت بکەن یان ناوێکی دیکە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** هیچ جیاوازییەکی نییە بەهەر ناوێک بانگم بکەن.
**ڕووداو: سەختترین ئازار لە ژیانتدا بینیبێتت چییە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** ئەشکەنجە و ئازاری بەندیخانەی بەعس لە ساڵی 1977
**ڕووداو: ڕێبازی کوڕت چ مانایەکی هەیە بۆ تۆ؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** کە بەبیرم دێتەوە دڵم دەسووتێ.
**ڕووداو: چ ئامۆژگارییەک بەردەوام بە بیری منداڵەکانت دەهێنییەوە؟**
**کۆسرەت ڕەسوڵ:** خزمەتی خەڵک بکەن و بەوەفا بن بۆ کورد، خۆتان دووربگرن لە هەموو شتێک کە کاریگەریی خراپ بکاتە سەر ناوبانگتان.

### "لە گەنجێک زیاتر ئیش دەکات"

سەرەڕای هاتنەپێشی هەردوو کوڕەکەی: دەرباز و شالاو کە دووەمیان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە و ئەوی دیکەشیان وەزیری ئاوەدانکردنەوەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ هێشتا پێگەی بەهێزی خۆی لەدەست نەداوە. دەرباز کۆسرەت لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی تەندروستیی باوکییەوە دەڵێ: "باوکم هێندەی گەنجێک و بگرە زیاتریش کار دەکات هەم بۆ یەکێتی و هەمیش بۆ گەلی کورد. باوکم لە کۆنگرەی سێی یەکێتی داوای دەستلەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام جەنابی مام جەلال قبوڵی نەکرد".

### پشتی بارزانی بەرنەدا

لە مەسەلەی گشتپرسیدا کۆسرەت ڕەسوڵ ئەو بۆچوونەی هەندێک لە یەکێتییەکانی ڕەتکردەوە کە دەڵێن: "ڕەفیقی نیوەی ڕێگایە". ئەو یەکێک بوو لەو سەرکردانەی لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی لەگەڵ گشتپرسی بوو، ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی کە ڕۆژێک لەگەڵ گشتپرسی بوون و ڕۆژی دواتر داوای دواخستنیان دەکرد.

ڕۆژی 2017/6/7 لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و بڕیاریاندا گشتپرسی لە 25ی ئەیلول بەڕێوەبچێت، کۆسرەت ڕەسوڵ لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرایەتی یەکێتی دەکرد و پشتیوان و جێبەجێکاری سەرەکی پرۆسەکە بوو، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی: "بۆ مێژوو دەڵێم: جەنابی کاک کۆسرەت لەو کۆبوونەوەیەدا بە جەنابی سەرۆک بارزانی گوت ئەگەر بە تەنیاش بمێنیتەوە من لەگەڵت دەبم".

زۆربەی هێزە عێراقی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەچوونی گشتپرسیان لە کەرکووک بە ڕیسک و یاریکردن بە ئاگر وەسف دەکرد، بە تایبەتی ژمارەیەک سەرکردە و بەرپرسی باڵای یەکێتی لە کەرکووک لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسی نەبوون لەو شارە بە بیانووی کەمیی دەنگ و دروستبوونی ئاژاوە لە نێوان پێکهاتەکان، بەڵام بەهۆی سووربوونی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لیژنەی باڵای ریفراندۆم و سپاردنی ئەرکەکە بە کۆسرەت رسوڵ لە کەرکووک، پرۆسەکە بەبێ کێشە و گرفت کۆتایی هات و بەرزترین ڕێژەی بەشداری و دەنگی بەڵێی تۆمار کرد.

ڕۆژی 2017/9/28 بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ

> سووربوونی کاک کۆسرەت وای کرد ریفراندۆم لە کەرکووک بکرێت
>
> بەکر مستەفا

کۆبوونەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بارزانی پێزانینی هەبوو بۆ ڕۆڵ و هەوڵە بەردەوامەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ لە سەرخستنی پرۆسەی گشتپرسی بە تایبەت لە کەرکووک و سوپاس و دەستخۆشی لێکرد.

بەکر مستەفا کە ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری سەربازی، دەڵێ: "من لە نزیکەوە ئاگاداری کۆبوونەوە و دۆخی چەند شەوی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم بووم، ڕۆڵ و سووربوونی کاک کۆسرەت و پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود نەبووایە ڕەحمەت بوو ریفراندۆم لە کەرکووک بکرابایە، بەڵام کاک کۆسرەت توانی قەناعەت بە هەموو کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی بکات کە ریفراندۆم لەو شارە بکرێت باشە و هیچ کێشەو گرفت ڕوونادات. سوپاس بۆ خوا هەر واش بوو".

بەکر مستەفا هەروەها دەڵێت: "کەرکووکییەکان کاک کۆسرەتیان خۆشدەوێت، چونکە دووجار داعش ویستی ئەم شارە داگیربکات، ئەگەر هیمەتی کاک کۆسرەت نەبووایە، شکاندنی داعش ئاسان نەبوو. کاک کۆسرەت لە ڕاپەڕینی 1991 ڕۆڵی لە ئازادکردنی ئەو شارە هەبوو، بۆیە لەم ریفراندۆمەش هەر ئەو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو".

### جەنگاوەرێکی ئازا

کۆسرەت ڕەسوڵ بەهۆی سەرکردایەتی شەڕ و هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەر ڕژێمی پێشووی عێراق، ناوبانگی زۆری پەیدا کرد. فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک کۆسرەت لە هەموو داستانەکاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە و خۆی سەلماندووە، مام جەلال زۆر ستایشی دەکرد و بە شێرەکەی یەکێتی و هەولێر وەسفی دەکرد، بە بیرم دێت لە داستانی ڕزگاری ڕۆڵی سەرەکی هەبوو کە 120 ڕەبیەی دوژمن و چوار فەوج تێکشکێندران و 180 سەربازی عێراق بەدیلگیران، ساڵی 1987 لە هێرشی شارۆچکەی تەقتەق، پاشان شەڕی دێگەڵە و میشراق کە ئەمانە لە مێژووی یەکێتی داستانی گەورە و پڕ لە دەستکەوت بوون، کاک کۆسرەت لە داستانی سەری ڕەش توانی دەست بەسەر 2000 پارچە چەکدا بگرێت".

فەرەیدوون عەبدولقادر ئاماژە بە هەڵوێستی کۆسرەت ڕەسوڵ دەکات لە دانانی نەخشە و پلان بۆ هێرشکردنە سەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی بە هاوکاریی سوپای ئێران لە دژی ڕژێمی بەعس کە هێرشەکە لە ڕۆژی 1988/10/10 کرا. فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت: "بۆ مێژوو کۆبوونەوەکە لە ماڵی من بەڕێوەچوو، کاک کۆسرەت پێی کارێکی خراپ بوو، لەگەڵی نەبوو، گوتی بەشداریی ناکەم".

ئێستا لە غیابی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیدا لەلایەن بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتییەوە، کۆسرەت ڕەسوڵ کەسی یەکەمی یەکێتییە و لە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی پێش گشتپرسیدا قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوەی یەکێتی هەر لای کۆسرەت ڕەسوڵ بوو.

> بە 180 هەزار دیناری سویسرییەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد

> سووربوونی کاک کۆسرەت وای کرد ریفراندۆم لە کەرکووک بکرێت
>
> بەکر مستەفا

### بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا

# فەرەنسا پرۆژەیەک لەبارەی کۆنفیدراڵی ئامادە دەکات



هێنری لێڤی: ماکرۆن دەستپێشخەری بە بارزانی داوە تاوەکو فەرەنسا ببێتە نێوەندگیر

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

لیژنەیەکی تایبەت کە کۆشکی ئێلیزێ لە فەرەنسا دروستی کردووە، سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەکن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی.

بڕیارە رۆژی 2017/10/5 لە کۆشکی ئێلیزێ، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆببێتەوە، بۆ ئەو دیدارە، تیمێکی تایبەت پرۆژەی کۆنفیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەولێر و بەغدا ئامادە دەکەن.

عادل باخەوان، مامۆستای زانکۆ لە پاریس بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2019/9/30 بۆ ماوەی کاژێرێک لەگەڵ ئەو لیژنەیە گفتوگۆمان لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەیەکی بەهێز و تۆکمەی کۆنفیدراڵی کرد کە بڕیارە سەرۆککۆماری فەرەنسا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق باسی بکات".

ئەو لیژنەیە پرس و راوێژ بە کەسانی تایبەتمەند دەکەن. بڕیارە دووشەممە 2017/10/2 جارێکی دیکە لەگەڵ ئەو مامۆستا کوردە کۆببنەوە. ئەو هەوڵانەی فەرەنسا لەکاتێکدایە کە لە چەند رۆژی داهاتوودا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایش وەردەگرێ.

فەرەنسا بە دۆست و هاوسۆزی کوردستان دادەنرێ و رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ساڵی 1991، هەروەها لە شەڕی داعشدا هاوکاریی پێشمەرگەی کرد. فرانسوا ئۆلاند، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا دووجار سەردانی هەولێری کرد.

د.عادل باخەوان گوتی "باسی ئەو هۆکارانەم بۆ تیمەکەی کۆشکی ئێلیزێ کرد کە وا دەکات کوردستان نەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش گشتپرسی، کۆنفیدراڵیزم لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە رێککەوتنی دوو کیانی دەوڵەتی لە چوارچێوەیەکدا کە پێکەوە دروستی بکەن".

بەپێی زانیارییەکانی عادل باخەوان، بڕیارە رۆژی 2017/10/2 تۆڕێکی گەورەی ئەکادیمییانی فەرەنسی بەیاننامەیەک دەربکەن بۆئەوەی گوشار بخەنە سەر سەرۆکی فەرەنسا تاوەکو کورد بە تەنیا جێنەهێڵێت "ئەم تۆڕە کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر بڕیارە سیاسییەکانی پاریسەوە هەیە، زۆربەی وەزیرەکانی حکومەت خوێندکاری ئەو ئەکادیمستانە بوون، ئێستاش هەر لە ژێر کاریگەریی ئەواندان، لەوانە پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا کە بە رەگەز جووە و سەرۆکی فۆنداسیۆنی خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریسە، لەگەڵ پرۆفیسۆر ئالان تورێن و چەندانی دیکەش".

چوار رۆژ پێش بەڕێوەچوونی گشتپرسی، ماکرۆن بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بارزانی کرد و داوای لێکرد کە گشتپرسی دوابخرێ، بەڵام بارزانی پێیڕاگەیاند کە گشتپرسی دەکەن و دواتر لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەن.

بەبۆچوونی عادل باخەوان، فەرەنسا ناتوانێت راستەوخۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، بەڵام کۆنفیدرالیزم وەک قۆناغێکی راگوزەر باشترین چارەسەرە "گومانم لەوە نییە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێی رازی دەبن".

> گومانم لەوە نییە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە کۆنفیدراڵی رازی دەبن
>
> د. عادل باخەوان

رۆژی 2017/9/29 ئیمانوێل ماکرۆن لەرێی تەلەفۆنەوە لەگەڵ حەیدەر عەبادی قسەی کرد، بە فەرمی بانگهێشتی پاریسی کرد و ئامادەیی پیشانداوە بۆ ئەوەی لە کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا رۆڵێکی یارمەتیدەر بگێڕێت، هۆشداریشی داوە لە گرژبوونی رەوشەکە. نووسینگەی ماکرۆن بڵاویکردەوە، سەرۆککۆماری فەرەنسا جەختی لە پێویستی یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووەتەوە، بەڵام ئاماژەی بەوەش کردووە کە دەبێت مافەکانی گەلی کورد بپارێزرێن.

بێرنارد هێنری لیڤی گەورە فەیلەسوفی فەرەنسی کە یەکێکە لە لۆبییە سەرسەختییەکانی سەربەخۆیی کوردستان، لە وتارێکدا بە ناونیشانی "سەرۆک مەسعود بارزانی قسە دەکات"، دەڵێت: "من ئێستا دەزانم کە ئیمانوێل ماکرۆن دەستپێشخەری بە بارزانی داوە تاوەکو فەرەنسا ببێتە نێوەندگیر. هەروەها دەشزانم، کە سەرۆکی فەرەنسا بە سەرۆک بارزانی گوتووە ئەو ئامادەیە بەبێ دواکەوتن بۆ پاریسی بانگهێشت بکات بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ عەبادی".

هێنری لیڤی هەروەها دەڵێ "بارزانی گوتی بە سەرۆکەکەت بڵێ کە هەموو کورد هەست بە خۆشەویستی بۆ ژنی مەزنی فەرەنسا دەکات، بۆ دانیال میتران. من بە شانازییەوە ئەو بانگهێشتە پەسەند دەکەم و دەتوانم هەر لە سبەینێوە لەوێ بم و هیواداریشم بۆ عەبادیش هەر بەو جۆرە بێت".

# گۆڕان چاوەڕێی

# کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان دەکات بۆ بڕیاردان

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان دەیانەوێ زۆرتر لەوەی هەیە کاردانەوە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان ببینن بۆ ئەوەی دیدێکی رۆشنتر هەڵبژێرن بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دۆخەی بەهۆی ئەنجامدانی گشتپرسییەوە رووبەرووی باشووری کوردستان بووەتەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکەش هەڵوێستی بزووتنەوەکەیان لەسەر ئەو زنجیرە سزایە دەردەبڕێ کە بەغدا خستوویەتییە سەر هەرێمی کوردستان "کۆمەڵێک سزای شۆڤێنی و تائیفین و بەرگی دەستووری و یاسایی کراوە بە بەریاندا".

دوای نزیکەی دوو ساڵ ململانێی قورس لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، پێکهاتنەوەی ئەو دوو لایەنە نزیکبووەوە لە ئاستەم و دواجار لە 15ی ئەیلول، پەرلەمانی کوردستان بەبێ بەشداریی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، دانیشتنەکانی خۆی دەستپێکردەوە. ئێستا ناکۆکیی نێوان ئەو دوو لایەنە لەوە دەرچووە تەنیا لەسەر پەرلەمان و سیستەمە سیاسییەکە بێت، گشتپرسیشی هاتە سەر، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان پێیوابوو ئەو وادەیەی پارتی و حیزبەکانی دیکە لە کۆبوونەوەکەی 7ی حوزەیران دەستنیشانیان کرد بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی، گونجاو نەبوو.

بەڵام هێشتا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئاخۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و حکومەت یان نا؟ ئیسماعیل نامیق، بەرپرسی ژووری یاسایی و ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ وەک چۆن بڕیاری پەکخستنی پەرلەمان "سووکایەتی" بوو بە پەرلەمان و گۆڕان، کاراکردنەوەشی بەو شێوەیە بوو. ئیسماعیل نامیق گوتی "ئێستا پەرلەمان تەنیا سەیری پرسە چارەنووسسازەکان دەکات، نەک بڕیاریان بۆ دەربکات، بۆیە هیچ دەرفەت لەبەردەم بێدەنگیی گۆڕان نەماوە و دەبێ بۆ هەڵبژاردنی ئۆپۆزیسیۆنبوون و گەڕانەوە نێو حکومەت و پەرلەمان، یەکلایی ببێتەوە".

ئەو هەماهەنگییەی لە نێوان پارتی و یەکێتی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی دروستبوو، دۆخەکەی لەبەردەم بزووتنەوەی گۆڕان ئاڵۆزتر کرد. تەنانەت کاتێک کە رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە و چەند بەرپرسێکی باڵای بزووتنەوەکە لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول بە "بەڵێ" دەنگیان دا، لەلایەن چەند هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەکە رووبەرووی رەخنەی توندبوونەوە. هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ، دەڵێ تاوەکو ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان بەرچاوی روون نییە کە ئاخۆ بگەڕێتەوە پەرلەمان و حکومەت یان نا، تەنانەت بەرچاوی روون نییە کە چۆن راگەیێندراوێکیش لەبارەی ئەو پێشهاتە نوێیانە بڵاوبکاتەوە کە بەهۆی گشتپرسییەوە سەریانهەڵداوە "هەندێک دەڵێن بابچینەوە حکومەت و پەرلەمان و هەندێکیش دەڵێن با ببینە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ چاوەڕێ بێ تاوەکو بزانێ کاردانەوە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان بەرامبەر ئەنجامەکانی گشتپرسی چۆن دەبن".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان، سەرباری نیگەرانی زۆری بزووتنەوەکەی لەبارەی شێوازی کاراکردنەوەی پەرلەمان و پشتگوێ خستنی تێبینی و خاڵەکانی لەلایەن پارتی و یەکێتی، شێوانی تابلۆ سیاسییەکەش بە گرفت دەزانێ لەبەردەم بزووتنەوەکەیدا کە ئێستا بەغدا سزا لە دوای سزا دژی هەرێمی کوردستان پێڕەوی دەکات "ئاسانیش نییە عەبادی و حکومەتەکەی ئەو هەموو گەمارۆیە بسەپێنن بەسەر هەرێمی کوردستاندا و تۆش ببیتە ئۆپۆزیسیۆن و حکومەت دابگریتەوە".

عەبدولڕەحمان عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، نایشارێتەوە کە دوو بژارە زیاتر لەبەردەم بزووتنەوەکەی نەماوە و دەبێ "جڤاتی نیشتمانی یەکێک لەو بژارانە ساخ بکاتەوە"، هەرچەند ئەو پێیوایە کە دەنگی زۆرتر داوای بوونە ئۆپۆزیسیۆن دەکەن "بەڵام ئەوەی ناونراوە کاراکردنەوەی پەرلەمان و سێ کۆبوونەوەیان کردووە، ئەگەر دانیشتنەکان و کاری داهاتووش بەو شێوەیە بێ، ئێمە لەگەڵی نابین و دەمانەوێ پەرلەمان خۆی بڕیارەکان بدات و کارەکان رێک بخات، نەک لەدەرەوە بۆی دیاری بکرێ".

سەرباری ئەو هەموو رەخنەیەی هەیەتی لە پرۆسەی سیاسی و بەگەڕ خستنەوەی پەرلەمان، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان سزاکانی بەغدا ئیدانە دەکات و ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئەو سزایانە کۆمەڵێک سزای شۆڤێنی و ناڕەوان و نیەتی بەغدا دەردەخات بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەرگی یاسایی و دەستووریش بەبەر ئەو سزایانەدا کرابن".



# پارتی ناگەڕێتەوە بەغدا

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بڕیارە لەم هەفتەیەدا سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان جگە لە فراکسیۆنی پارتی، بگەڕێنەوە بەغدا و پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێ: "تاوەکو ئەو کاتەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە کۆی دەنگ داوای کشانەوە دەکەن، ئێمە لە بەغدا دەمێنینەوە". پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێ "ئێمە لەم هەفتەیەدا ناگەڕێینەوە".

رۆژی 24ی ئەیلولی رابردوو، فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغداوە گەڕانەوە باشووری کوردستان و بەشێکی زۆریان لە گشتپرسیدا بەشدارییان کرد، بەڵام کاردانەوەکانی بەغدا هێندە خێرا و توند بوون، گەڕانەوەی پەرلەمانتاران بۆ بەغدا بووە جێی گفتوگۆی گەرمی نێوان فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتارانی کورد. چونکە وەک یەکێک لە پەرلەمانتاران باسی دەکات "لەو دۆخەدا کە هەڕەشە لە دوای هەڕەشە رووی لە هەرێمی کوردستان دەکرد، ئێمە بوون و نەبوونمان لە بەغدا وەک یەک وابوو".

مەسعود حەیدەر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ ئەوان هەماهەنگییان کردووە لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان و پێیانوایە بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئێستا وادەخوازێ لە بەغدا بن "کورد تاوەکو ئێستا لە پرۆسەی سیاسی بەغدا بەشدارە و ناکرێ تۆ لەوێ نەبی".

گوتیشی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تاوەکو ئێستاش پێداگیری لەسەر گفتوگۆ دەکات "نابێ خەڵک ببنە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان و تاوەکو ئەوکاتەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بە کۆدەنگی بڕیاری کشانەوە دەدەن، ئێمە وەک گۆڕان لە بەغدا دەبین".

رۆژی 25ی ئەیلولی رابردوو، هێشتا پرۆسەی دەنگدان بۆ گشتپرسی تەواو نەبووبوو، هەموو فراکسیۆنە شیعەکانی بەغدا و بەشێک لە سوننەکان، 14 خاڵی توندیان لە دژی کوردستان کردە بڕیار و پەسەندیان کرد کە تەنانەت رێگا لەبەردەم سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاوەڵا دەکات، پەلاماری سەربازی ئەو ناوچانە بدات بەدەست پێشمەرگەوەن.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق کە دەڵێ ئەوان وەک فراکسیۆنی پارتی بڕیاریانداوە لەو هەفتەیەدا نەگەڕێنەوە بەغدا، گوتی "مادام ئەو بڕیارانە کورد بەشداریی تێدا نەکردووە و کورد ئامادە نەبووە لە پەرلەمان، نایاساییین و هەر دانیشتنەکە بۆ خۆی نایاساییە".

چەند رۆژێکە پەرلەمانتارانی کورد لە سلێمانی و هەولێر سەرقاڵی وتووێژی چڕوپڕن ئاخۆ کام رێگایە هەڵبژێرن؟ بەشێک لە پەرلەمانتاران نەیاندەشاردەوە کە تەنانەت ترسی ئەوەیان هەیە پەلاماریش بدرێن، بەڵام فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێش هەموو فراکسیۆنەکان بڕیاری دا بەرەو بەغدا بگەڕێتەوە.

ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "ئێمە ئەمڕۆ دووشەممە وەک فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەگەڕێینەوە بەغدا. کێ پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدای تێکداوە بەهۆی گشتپرسییەوە با ئەو لایەنە چاکی بکاتەوە، ئێمە لەوێ هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و لایەنەکان ببینین بزانین چیمان پێدەکرێ".

ئەحمەد حاجی رەشید هەروەها دەڵێ: "ئێمە گەیشتینە ئەو بڕوایەی بەغدا وەک سەنتەری کاری سیاسی جێنەهێڵین و لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەش قسەمان کردووە و پێموابێ ئەوانیش دەگەڕێنەوە".

لەمانگی چواری ئەمساڵیشدا سەدرییەکان بۆ ماوەی سێ مانگ بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کرد، بەڵام بایکۆتی ئەوجارەی کورد جیاوازە، چونکە پەرلەمانی عێراق، کۆمەڵێک بڕیاری لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە.

ئێوارەی رۆژی 2017/10/1 کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی ئەنجامدا و داوای لێکردن بگەڕێنەوە بەغدا. هەر بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش بڕیاری داوە بگەڕێتەوە بەغدا. بەڵام وەک شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پارتی گوتی "لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبەوە داوامان لێکراوە ئەم هەفتەیەش نەگەڕێینەوە بەغدا".

بەغدا بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەنجامی گشتپرسی پەسەند ناکات و ئامادەش نییە گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەی کەواتە پەرلەمانتارانی کورد چۆن گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە دەکەن؟ مەسعود حەیدەر، دەڵێ "گشتپرسی موڵکی تەنیا لایەنێک نییە و موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، هەر قسەیەک لەسەر گشتپرسی بکرێ، دەبێ هەموو لایەنەکان لەسەری پێکبێن نەک تەنیا لایەنێک، دەبێ بۆ هەر ئەگەرێک هەماهەنگی لەنێوان هەموو لایەنەکان هەبێ".



## ئەحمەد تورک: برسیکردن باشووری کوردستان پاشگەز ناکاتەوە

**ڕووداو – ئامەد**

ئەحمەد تورک، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد و هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانیی مێردین، ڕەخنەی توندی لە هەڕەشەکانی ئەردۆغان گرت، کە گوتبووی "ئەگەر سنوورەکان دابخەین، کورد برسی دەبێت" و ڕایگەیاند "سیاسەتی برسیکردنی کورد هیچ دەرەنجامێکی نابێت". ئەحمەد تورک گوتیشی "کورد ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و ئەگەر ببنە خاوەنی دەسەڵاتیش پەیوەندی باش لەگەڵ گەلانی ناوچەکە پێکدەهێنن، وەک چۆن هەیانە. بەڵام هەندێک وڵات و سیاسەتمەدار بەردەوام کورد بەهەڕەشە دەزانن و بە هەموو جۆرێک سیاسەتی دژ بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا کورد هیچ کاتێک نەبووەتە فاکتەری هەڕەشە".

# پاش گشتپرسییەکەی کوردستان وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا چییان پێدەکرێت؟

**ڕووداو– هەولێر**

لە ڕۆژی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولەوە هەڕەشەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ تادێت زاتر دەبن و وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش گشپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بە "ناشەرعی" دەزانێت. پرسیاری سەرەکی لەدوای گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان ئەوەیە هەر کام لە وڵاتانی دژبەر چییان لەدەست دێت و ئەگەر هەڕەشەکانیان کردەیی ببێتەوە چ کاریگەرییەک لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێت؟

### ئێران و بژارە سەربازی و ئابوورییەکانی

تاران گشپرسییەکەی کوردستان بە "پرۆژەیەکی ئیسرائیلی ـ ئەمریکی" دەزانێت. ڕۆژێک پێش دەنگدانەکەی 25ی مانگ، ئێران هەموو گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەولێر و سلێمانی ڕاگرت. هەروەها هاتوچۆی تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان ڕاگرت. حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لەگەڵ هاوتا ڕووسی و تورکییەکەی باسی لە نیگەرانییەکانی وڵاتەکەی کرد و داوای کرد هەر سێ وڵاتەکە پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی "یەکپارچەیی خاکی عێراق".

عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری ڕێبەری ئێران بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، هۆشداری دا کە وڵاتەکەی ڕێگە نادات "ئیسرائیلی دووەم" لە عێراق دروست ببێت. ویلایەتی کە یەکێک لە داڕێژەرانی ستراتیژی نێودەوڵەتیی ئێران بووە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئێران بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، وەکوو چۆن لە شەش ساڵی ڕابردوودا بەرگرییان لە یەکپارچەیی خاکی سووریا کردووە.

بەڵام بژارەکانی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی گشتپرسییەکەی کوردستان چین؟ فەرزین نەدیمی، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "تاران ژمارەیەک ئامرازی لەبەردەستە بۆ ئەوەی گوشاری سەربازی و ئابووری لەسەر کوردی عێراق دروست بکات، بەڵام ئەگەر ئێران هۆشدارییەکانی ئەمدواییەی کردەیی بکاتەوە، ئەوە تووشی ناڕەزایەتی نێوخۆیی بەرفراوان دەبێت".. لە ئێوارەی ڕۆژی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستاندا، خەڵکانێکی زۆر لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکان و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبیان گوتەوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکان هەرزوو کەوتنە گیانی خەڵکەکە و چەند کەسێکیان لێ دەستگیرکردن.

### بژارەی سەربازیی ئێران:

ئێران چوار ناوەندی فەرماندەیی و چاودێری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە دوویان لە ورمێ و کرماشانن. قەرارگای هەمزە سەیدوشوهەدای سوپای پاسداران لە ورمێیە و چاودێریی باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەکات، قەرارگای نەجەفی ئەشرەفیش لە پارێزگای کرماشانە و مامەڵە لەگەڵ سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران دەکات. ئەرتەشی ئێرانیش (کە هێزی سەر بە حکومەتە) دوو بارەگای لە ورمێ و کرماشان هەیە و ئەرکیان چاودێری و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی سەر سنووری باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێرانە.

جگە لەم چوار قەرارگایەی سوپا و ئەرتەش، ئێران میلیشیاکانی حەشدی شەعبی عێراقیشی لەبەردەستە بۆ ئەوەی گوشاری سەربازی لەسەر باشووری کوردستان دروستبکات. بەڵام

> لاوازبوونی بارزانی واتە بەهێزبوونی پەکەکە
>
> توێژەرێکی تورک

به بۆچوونی لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن، دەستی ئێران لە بەکارهێنانی ئەو بژارە سەربازییانەدا بە تەواوەتی کراوە نییە.

هێزەکانی سوپا و ئەرتەش کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیرکراون، بۆ جڵەوکردنی ڕەوشی ئەو پارچەیەی کوردستانە، بۆیەش هەموو هەوڵێکی هێرشی سەربازیی سوپا و ئەرتەش کاردانەوەی توندی ناوچە کوردییەکانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە. بەڕای نەدیمی، دەستی ئێران لە بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدیش تەواو کراوە نییە، چونکە "هەموو هەوڵێکی ئێران بۆ تێکدانی خەونی سەربەخۆیی کوردستان و پێدانی چەک بە ئەکتەرەکانی دیکە (وەکوو حەشدی شەعبی) وەکوو دیارییەک وایە کە ئێران بە ئیدارەی ئەمریکی بدات"، چونکە بەمە ئیدارەی ئەمریکی بیانوویەکی دەستدەکەوێت بۆئەوەی بەرپەرچی چالاکییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بداتەوە.

نەدیمی پێیوایە ئێران ناتوانێت لە ئاستە ئابوورییەکەشدا هەموو هەنگاوێک بنێت، لەبەر ئەوەی "ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێران پشت بە بازرگانیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبەستن، بۆیەش سزای ئابووری (لەدژی هەرێمی کوردستان) یان سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، ناسەقامگیری و ناڕەزایەتی لە ڕۆژئاوای ئێران دروست دەکات، ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە ئێران نایەوێت ڕووبدات".

لێکۆڵەرە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکەی پەیمانگای واشنتن، ئەوەش بەبیر دێنێتەوە کە بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکانی ئێران لەدژی هەرێمی کوردستان، ڕەزامەندی و هاوکاریی ڕووسیاش پێویستە. هەڵوێستی ڕووسیا بەرامبەر گشتپرسییەکەی کوردستان ڕوون نییە، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە لەلایەکەوە دەڵێن کە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرن و لەلایەکی دیکەشەوە جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە. بە بۆچوونی فەرزین نەدیمی، ڕێککەوتنی کۆمپانیای ڕۆسنێفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی 30 ملیار مەتر سێجا لە ڕێگەی تورکیاوە، دەتوانێت ڕێگر بێت لەوەی ئێران هەوڵی سەربازی یان هێرشی ئاسمانی لەدژی دامەزراوە نەوتی و غازییەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێ.

### تورکیا و بژارە ئاڵۆزەکانی

لەچەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا تووشی شکستی گەورە بووە. خەونی حکومەتی تورکیا بۆ لادانی ئەسەد بە کردەوە شکستی هێناوە، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل ئاڵۆزیی گەورەیان بەخۆوەبینی، پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و مۆسکۆش جێگیر نین، واشنتن و ئەنقەرەش بەهۆی مانەوەی ئەسەد و بەهێزبوونی پەیەدە لە سووریا ناکۆکی گەورە لە پەیوەندییەکانیاندا

> ئەردۆغان لەنێوان دەنگدەرانی کوردی ئاکپارتی و تورکی نەتەوەپەرستدا گیری خواردووە

دروستبووە. بۆیە گونۆڵ تۆڵ، توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، پێیوایە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئاکپارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە خاڵی پرشنگدارە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی تورکیادا.

ساڵی 2013، بارزانی بۆ یەکەمجار لە دوو دەیەی ڕابردوودا سەردانی ئامەدی کرد، لەوێ داوای لە کوردی باکووری کوردستان کرد پشتگیری لە پرۆسەی چارەسەری بکەن. تورکیا چەندین بنکەی سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان هەیە. بە بۆچوونی تۆڵ، ئەو بنکانە لەلایەکەوە ڕێگە نادەن پەکەکە خاکی هەرێمی کوردستان وەکوو قووڵایی ستراتیژی بەکاربهێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەی بۆ تورکیا خۆش کردووە لە تورکمان و سوننەکانی عێراق نزیک بێت.

وەکوو گونۆڵ تۆڵ ئاماژەی بۆ دەکات، تورکیا قازانجێکی ئابووریی گەورەش لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ نموونە کوردستان (لە پاش ئاڵمانیا و بەریتانیا) سێیەم هاوبەشی بازرگانیی ئەنکەرەیە.

لەکاتی هێرشەکانی داعشدا، سوپا و پۆلیسی عێراق بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە پارێزگای کەرکووک چۆڵکرد، هێزەکانی پێشمەرگەش ئەو بۆشاییە ئەمنی و سەربازییەیان پڕکردەوە. تورکیا نەک هەر بەبێدەنگی وجودی هێزە کوردییەکانی لەو ناوچەیە قەبووڵ کرد، بەڵکو قازانجێکی زۆریشی لەو هەنگاوەی پێشمەرگە کرد، لەبەرئەوەی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی تورکیاوە ڕەوانەی بەندەری جەیهان کرا و بەشێکیشی بۆ پێویستیی نێوخۆیی تورکیا بەکارهێنرا.



"سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن ئێرانەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، ناڕەزایەتیی کوردی ڕۆژهەڵاتی لێدەکەوێتەوە" (فۆتۆ: AFP)

بۆیە توێژەرەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیوایە "ئەگەر تورکیا بڕیاری سەپاندنی گەمارۆ بەسەر کوردستاندا بدات و ئێران نەیکات، ئەوە کۆمپانیا ئێرانییەکان و ڕووسەکان دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بەهۆی کشانەوەی کۆمپانیا تورکییەکان دروست دەبێ، ئەمەش ئەو شتەیە کە تورکیا حەز ناکات بیبینێ". حاڵی حازر ڕووسیا گەورەترین وەبەرهێنەری کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانە و چوار ملیار دۆلار گرێبەستی نەوت و غازی لەگەڵ هەولێر هەیە، واتە ئاستی وەبەرهێنانی ڕووسیا لەو کەرتەدا "ئەو ڕادەیەی تێپەڕاندووە کە هەرێمی کوردستان پێشتر لە تورکیای وەردەگرت".

سەپاندنی ئابڵۆقە لەسەر هەرێمی کوردستان تەنیا زیانی ئابووری بە ئەنقەرە ناگەیەنێت، بەڵکو پێگەی تورکیا لە ناوچەکەشدا لاواز دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە تورکیا بە دەگمەن هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا ماوە. بە بۆچوونی تۆڵ سەپاندنی سزا بەسەر هەرێمی کوردستاندا پێگەی دژبەرانی نێوخۆیی بارزانی کە نزیکن لە ئێرانەوە، بەهێز دەکات، بەمەش دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات، ئەمەش لەسەر حیسابی ئەنقەرە دەبێت".

تویژەرە تورکەکە پێیوایە لاوازبوونی بارزانی بەمانای بەهێزبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)شە "لەکاتێکدا هەردوو لایەن (واتە پەکەکە و پارتی) لەسەر دەسەڵات و نفوز لە ململانێدان".

ئەردۆغان و پارتەکەی لە نێوان دوو بژارەدا گیریان خواردووە، لەلایەکەوە تورکیا لە 2019 هەڵبژاردنی پەرلەمان و شارەوانییەکانی لە پێشە، بۆ سەرکەوتن لەو هەڵبژاردنەدا ئەردۆغان پێویستی بە دەنگی نەتەوەپەرستەکانە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ ئاگای لە هەست و سۆزی دەنگدەرە کوردەکانی ئاکپارتیش بێت، لەلایەکی دیکەوە تورکیا دەبێ ئاگای لە پێگەی ناوچەیی خۆی بێت کە بە پێچەوانەی پێگەی ئێران، لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لاواز دەبێت.

> ئێران هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان بکات، بەرەورووی ناڕەزایی فراوانی نێوخۆیی دەبێتەوە
>
> توێژەرێکی پەیمانگەی واشنتن

### ئەمریکا چی دەکات؟

فەرزین نەدیمی و گونۆل تۆڵ هاوڕان لەسەر ئەوەی تورکیا و ئەمریکا ناتوانن هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و ڕووسیا جێبهێڵن. مایکڵ نایتس، شارەزای کاروباری عێراق لە پەیمانگای واشنتن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەگەر ڕێوشوێنی توند بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگیرێتەبەر، ئێران بەهێز دەبێت و کێشە بۆ شەڕی دژی داعش دروست دەبێت".

ڕۆژی چواری تشرینی یەکەم، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، سەردانی ئێران دەکات. نایتس پێیوایە پێویستە ئەمریکا پەلە بکات پێش گەشتەکەی ئەردۆغان بۆ تاران شێواز و جۆری هەڵوێستی تورکیا و عێراق بەرامبەر گشتپرسییەکە بگۆڕێت.

مایکڵ نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئابڵوقەی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دەخاتە مەترسییەوە. ئیدارەی ترەمپ دوو ئەولەویەتیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە، یەکەمیان تێکشکاندنی داعشە و دووەمیان چاودێری و کۆنترۆڵکردنی تموحەکانی ئێرانە.

نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئابڵوقەی ئابووری بخرێتە سەر کوردستان، هەردوو ئەولەویەتەکەی ئەمریکا دەکەونە مەترسییەوە "چونکە ئەو ئابڵوقەیە پاش چەند هەفتە یان چەند مانگێک کوردستان تووشی مایەپووچی دەکات، بەمەش پێشمەرگە مووچەی نامێنێ و بەشێکی زۆریان بۆ چاودێریی خێزانەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان".

نایتس دەشڵێت "ئەگەر عێراق بەتەواوەتی کەوتە ناو خولگەی ئێرانەوە، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات ڕۆڵی پلان B دەبینێ بۆ ئەمریکا، جیا لەمەش کورد تاکە هێزی نێوخۆیی عێراقە کە بەرەنگاری قاسم سولەیمانی بووەتەوە، بۆیە ئەگەرچی ئەمریکا دەبێ ئاگای لە پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بێت، پشتگیری لە کورد وەکوو شتێکی بەهادار دەمێنێتەوە".

توێژەرەکەی پەیمانگای واشنتن لەو سۆنگەیەوە دەڵێت: "ئیدارەی ترەمپ دەبێ هەنگاوی خێرا بنێت بۆ ئەوەی متمانە و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بپارێزێت". بەڕای نایتس واشنتن نابێت لە بەغدا ڕۆڵی پارێزەری هەرێمی کوردستان بگێڕێت، بەڵکو دەبێ ڕووی قسەی لە تورکیا بێت، چونکە "هەنگاوی داهاتووی ئەنقەرە بۆ بەردەوامی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگن".

سێ ڕۆژ دوای گشتپرسییەکەی کوردستان، ئەردۆغان لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، کۆبووەوە و نێوەڕاستی ئەم هەفتەیەش لەگەڵ ئێران کۆدەبێتەوە. نایتس پێیوایە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە ڕووسیا و ئێران کاریگەرییان لەسەر بڕیار و هەنگاوەکانی داهاتووی تورکیا لە هەمبەر هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە هەردوو لایەن هەوڵ دەدەن کاریگەری و دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، نایتس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەرکی هەنووکەیی ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە نێردەیەکی تایبەت ڕەوانەی ناوچەکە بکات بۆ ئەوەی قەیرانەکە لە نێوان تورکیا، عێراق و کوردستان چارەسەر بکات، بەو

> سەپاندنی سزای ئابووری لەلایەن تورکیاوە، دژبەرانی بارزانی بەهێز دەکات کە لە ئێرانەوە نزیکن، ئەمەش بە قازانجی ئێران و لەسەر حیسابی ئەنکەرە دەبێ
>
> توێژەرێک

مەرجەی نێردەکە هیچ پێشینەیەکی نێگەتیڤی لەگەڵ سێ لایەنەکە نەبێت. ئەرکی ئەو نێردەیەش بریتی دەبێت لەو خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: داننان و قەبووڵکردنی پاڵنەرە نێوخۆییەکانی هەر کام لە لایەنەکان: نێوبژیوانە ئەمریکییەکە دەبێ کۆمەڵێک ڕێوشوێن دیاری بکات کە لەگەڵ نیگەرانییە سیاسییە نێوخۆییەکانی ئەردۆغان، بارزانی و عەبادی بگونجێ.

بە بۆچوونی نایتس، بەشێک لە هەڵوێستە توندەکانی هەرکام لەو سێ سەرکردەیە بۆ ڕازیکردنی بنکە جەماوەرییەکەی خۆیان لە تورکیا، کوردستان و عێراق بووە و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "یەکێک لەو هۆکارانەی وای کرد قەیرانەکە پێش گشتپرسی چارەسەر نەبێت، ئەوە بوو کە هیچکام لە ئەکتەرەکان ئەو پاڵنەرە سیاسییە نێوخۆییەی یەکدییان نەدەبینی".

دووەم: گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە: بە بۆچوونی نایتس ئەردۆغان و عەبادی دەبێ بۆ خەڵکی خۆیانی بسەلمێنن کە گشتپرسییەکەی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاوی کورتخایەن بۆ دەوڵەتی کوردستان و لکاندنی ناوچە کێشە لەسەرەکانی لێناکەوێتەوە. بۆیەش ئیدارەی ئەمریکی دەبێ "هانی سەرکردایەتیی کورد بدات بەخێرایی و بەئاشکرا پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەوان ئەو جۆرە هەنگاوە نانێن"، واتە بەخێرایی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی نانێن. لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ئەمریکی دەبێ هەموو ئەو هەنگاو و لێدوانانە سارد بکاتەوە کە ئەردۆغان توورە دەکەن، لەوانەش: "ئەو بەیاننامانەی لە کۆنگرێسی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بۆ پشتگیریی کوردستان بڵاودەکرێنەوە".

سێیەم: پێکهێنانی لیژنەی دانوستاندن: مایکڵ نایتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە واشنتن بۆ ئیدارەکردنی قەیران و کێشە هەنووکەییەکان

> ئەگەر ڕێوشوێنی توند بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگیرێتەبەر، ئێران بەهێز دەبێت
>
> مایکڵ نایتس

لە پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر لیژنەیەکی دانوستاندنی ئەمریکی ـ کوردی ـ عێراقی پێکبهێنێ، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ڕێوشوێنە توندەکانی حکومەتی بەغدا کێشە بۆ شەڕی داعش دروستبکەن و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسییەوە.

"خۆم تەرمی هەر چوار منداڵەکەم شووشت"

# ڕۆژی ڕەشی کۆچبەرانی کورد لە دەریای ڕەشدا

**9** کۆچبەری کورد کەوتوونەتە دەست گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان

عومەر چاوشین
ڕووداو – ڕانیە

ئیبراهیم محەممەد، هەرچی موڵک و ماڵی هەبوو فرۆشتی، بەو ئومێدەی پێی بگاتە یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپا و ئایندەیەکی باشتر بۆ چواری منداڵەکەی مسۆگەر بکات، بەڵام بەدەستی خۆی تەرمی هەر چوار منداڵەکەی شووشت.

منداڵەکانی ئیبراهیم لەنێو ئەو 25 کۆچبەرەدا بوون کە ڕۆژی 2017/9/22 بەهۆی تێکشانی یەختەکەیان لەنێو دەریای ڕەش خنکان. جگە لەو 25 کەسە، دەگوترێ 11 کۆچبەری دیکەش چارەنووسیان دیار نییە.

ماوەی چەند مانگێکە شەپۆلێکی دیکەی کۆچکردن بۆ ئەورووپا سەری هەڵداوەتەوە، چەندین کۆچبەری باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕێگەی قاچاخ یان بە فەرمی خۆیان دەگەیەننە تورکیا و لەوێش بە بەلەم و یەخت بە دەریای ڕەشدا بۆ وڵاتانی ئەورووپا دەپەڕنەوە.


9 لە قوربانییەکانی یەختەکەی دەریای ڕەش خەڵکی ڕانیە بوون


گەشاو محەممەد یەکێک لە قوربانییەکانی دەریای ڕەش



لیای تەمەن 4 ساڵان لە کاتی ڕزگارکردنی لەلایەن تیمێکی فریاگوزاریی تورکی

## 82 کەس لە یەختێکدا

ئیبراهیم محەممەد کە بە موعجیرە لە ڕووداوی تێکشکانی یەختەکەی دەریای ڕەش ڕزگاری بووە، باسی ئەو شەوە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕۆژی 9/22 بە یەختێک بەڕێکەوتین، نزیکەی 82 کەس لەنێو یەختەکەدا بووین، زۆربەمان خەڵکی ڕانیە بووین، دەمانویست بە دەریای ڕەشدا لە تورکیاوە بچینە ڕۆمانیا".

سەرەتای گەشتی کۆچبەرەکان بەبێ گرفت بوو، بەڵام بە گوتەی ئیبراهیم، دوای 13 کاژێر کەشوهەوا گۆڕا و باوبۆران هەڵیکرد، بۆیە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە کەنار دەریا، بەڵام کاپتنی یەختەکە کۆچبەرەکان دەباتە ناوەڕاستی دەریا و دەڵێت ڕێگەی لێ ون بووە.

ئیبراهیم دەڵێت: "کەشوهەوا تا دەهات ناخۆشتر دەبوو، شەبەکەی مۆبایل نەبوو داوای یارمەتی بکەین، یەختەکە گازی لێبڕا و پەکیکەوت، کەشتییەک بەوێدا تێپەڕی، داوای هاوکاریمان لێکرد، لەبەر خاتری ژن و منداڵەکان ئامادەبوون هاوکاریمان بکەن، دوای ئەوەی یەختەکەمان بە کەشتییەکەوە بەستەوە، چەند جارێک باوبۆران یەختەکەی بە کەشتییەکەدا دا، بەو هۆیەوە یەختەکە کون بوو، بە چەند خولەکێکی کەم یەختەکە پڕ بوو لە ئاو، ژن و منداڵەکانیش لە ترسان خۆیان خستە لایەک، بەو هۆیەوە یەختەکە لاسەنگ بوو، لە ماوەی چەند خولەکێکدا نقوم بوو".

زۆربەی قوربانییەکانی یەختەکە کە 25 کەس بوون، خەڵکی ڕانیە بوون. پێنج لەوانە هاوژین و منداڵەکانی ئیبراهیم بوون. لەبارەی چارەنووسی سەرنشینانی یەختەکە، ئیبراهیم گوتی: "ئێمە 82 کەس بووین، 40 کەسمان ڕزگارمان بوو، 25 کەسیان خنکان کە 9 کەسیان خەڵکی ڕانیەن، ئەوانی دیکەش خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە و پیرەمەگروون و هەولێر بوون، هەروەها ئێرانی و سووریشی تێدابوون".

**220** کۆچبەری کورد لە زیندانەکانی تورکیادان

فیدراسیۆنی پەنابەران

## بەدەستی خۆی تەرمی منداڵەکانی شووشت

ئیبراهیم، بووە شایەتی تراژیدیترین ڕووداو لە ژیانیدا، ئەویش مەرگی بە کۆمەڵی خێزانەکەی بوو، ئیبراهیم بەهۆی ئەوەی سەرقاڵی ئەوە بووە کە چۆن کۆچبەرەکان لەنێو یەختەکە بگوازنەوە نێو کەشتییەکە، نەیتوانیوە هاوژین و کوڕەکەی و سێ کچەکەی ڕزگار بکات. یەکێک لە کچەکانی ئیبراهیم تەمەنی تەنیا حەوت مانگ بوو.


بەنگین پیرۆت یەکێک لە قوربانییەکان

ئیبراهیم دەڵێت: "من لێرە هیچ کێشەیەکم نەبوو، باری دارایيم باش بوو، تەنیا دەمویست لە پێناوی ئایندەیەکی باشتر بۆ منداڵەکانم بچمە ئەورووپا، بەڵام بەداخەوە لەو سەفەرە نەفرەتییە لەدەستمدان".

گوتیشی: "کاتێک ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کۆچبەران جەرگسووتانی منیان بینی، بەڵێنیان پێدام لە تورکیا، نەمسا و کەنەدا کارم بۆ بکەم بۆ ئەوەی مافی مانەوەم بۆ بەدەستبهێنن، بەڵام من ڕەتمکردەوە و بڕیارمدا بگەڕێمەوە کوردستان".

تەرمی هاوژین و منداڵەکانی ئیبراهیم، لەگەڵ تەرمی 17 کۆچبەری دیکەی کورد، بە دوو وەجبە گەیەنرانەوە کوردستان، نۆ لەو تەرمانە لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەرەو ڕانیە بەڕێکران و هەر زوو دیواری خانوو و مزگەوتەکانی ڕانیە، چەندین لافیتەی ڕەشیان پێدا هەڵواسراو دانیشتووانی شارۆچکەکەش لە پێشوازیی تەرمەکاندا گوڵیان بۆ قوربانییەکان هەڵدا.

ئیبراهیم بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: "لەگەڵ گەیشتنەوەم بۆ ناو کەسوکارم لە ڕانیە، تەرمی منداڵەکانم بە دەستی خۆم شووشت، بۆ دواجار لە باوەشم کردن و لە یەک گۆڕدا ئەسپەردەی خاکم کردن". ئیبراهیم دەڵێت دوای لە دەستدانی خێزانەکەی، ئیدی دڵی بە کوردستان ناکرێتەوە و ڕەنگە لە ئایندەدا کوردستان جێبهێڵێ.

## تەرمێک لیای ڕزگار کرد

یەکێکی دیکە لەو خێزانانەی لەسەر ئەو یەختە بوون، خێزانەکەی شەماڵ عەزیز بوو، شەماڵ و هاوژینەکەی و کچە تەمەن چوار ساڵەکەیان بەناوی لیا لەو ڕووداوەدا ڕزگاریان بوو، بەڵام لەوەندی کوڕیان کە تەمەنی سێ ساڵان بوو، خنکا.

شەماڵ عەزیز باسی ئەو شەوە ڕەشە دەکات کە لە دەریای ڕەش تووشی بوون و دەڵێت: "یەختەکەمان لە ناوەڕاستی دەریا بوو، نازانم تێکچوو یان گازی لێبڕا، کەسێکی میکانیکیمان لەگەڵ بوو، زۆر خەریکی بوو، بەڵام ئیشی نەکرد، لەو کاتەدا کەشتییەکی گواستنەوەی سووتەمەنی بە تەنیشتماندا تێپەڕی، زۆر لێی پاڕاینەوە یارمەتیمان بدات، سەرەتا گوتی بەبێ ئاگاداری پۆلیس ناتوانین یارمەتیتان بدەین، دواتر ڕازی بوون، بە پەت و زنجیر یەختەکەمان بە کەشتییەکەوە بەستەوە، بەڵام شەپۆلەکانی دەریا زۆر بەهێز بوون، چەند جارێک یەختەکەی کێشا بە کەشتییەکەدا، بەو هۆیەوە یەختەکە شکا".

شەماڵ بەهۆی چووپێکەوە توانیبووی خۆی لە دەستی شەپۆلەکان ڕزگار بکات. بەڵام کوڕە تەمەن سێ ساڵانەکەی لەدەستدا. شەماڵ دەڵێت: "هاوژینەکەم لەنێو یەختەکە دەرهێنا، هیچ جوڵەی نەمابوو، وامزانی مردووە، بەڵام دیار بوو لە هۆش خۆی چووبوو، لەوەندی کوڕیشم بەدەستەوە بوو، لەوکاتەدا شەپۆلێک زۆر بە توندی لێیداین، ئیدی لەوەندم لەدەست نەما".

سەرسوڕهێنەرترین ڕووداوی یەختەکە ڕزگاربوونی لیای تەمەن 4 ساڵان بوو. شەماڵ باسی چۆنیەتی ڕزگاربوونی لیا دەکات و دەڵێت: "لیا ئێلەگی لەبەردابوو، کاتێک کەوتبووە نێو ئاوەکە دەستی بە تەرمێکەوە گرتبوو، نزیکەی 4 سەعات لە نێو ئاوەکەدا مابووەوە، دواتر تیمێکی فریاگوزاریی تورکی بە فڕۆکە گەیشتبوونە ئەوێ، لیا دەستی بۆ بڵندکردبوون، ئەوانیش بینیبوویان و ڕزگاریان کردبوو".

شەماڵ هەر زوو تەرمی لەوەندی دۆزیبووەوە، بەڵام بێ ئومێد بووبوو لە دۆزینەوەی لیا، دوای شەش ڕۆژ لیای بە زیندوویی دۆزییەوە.

دایکی لیا تاوەکوو ئێستا لە نێو جێگەدایە و دواهەمین قسەکانی لەوەندی کوڕی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کە لەنێو یەختەکە بووین، لەوەند زوو زوو هەستی دەبڕا وامدەزانی بووراوەتەوە، کە بانگم دەکرد، دەیگوت خەوم دێ، دایە خەوم دێ. کاتێکیش ئاو هاتە نێو یەختەکە، لەوەند هەر هاواری خاڵی دەکرد و دەیگوت با خاڵە ئیسماعیل بێت ڕزگارمان بکات. تەنیا دوو جار هاوارم کرد شەماڵ ئاو هات، دواتر نازانم چی ڕوویدا و چۆن لەوەندمان لێ دابڕا".

دوای ئەو ڕووداوە، دایکی لەوەند دەبرێتە نەخۆشخانە، ئەو هەر چاوەڕێ بووە، شەماڵ بە خۆی و دوو منداڵەکەیەوە بگاتەوە لای. دایکی لەوەند دەڵێت: "من هەر چاوەڕێ بووم کە هەردوو منداڵەکە زیندوون و لەلای باوکیانن، بەڵام کە شەماڵ هاتە لام، منداڵەکانی لەگەڵ نەبوون، گوتم کوا منداڵەکان؟ گوتی هەردووکیان مردوون. دواتر کە تەرمەکان هێنرانەوە، شەماڵ چوو سەیری کردن، گوتی لەوەند خنکاوە، بەڵام لیا دیار نییە".


هاجەر و هەر چوار منداڵەکەی لە دەریای ڕەشدا خنکان

سەرەڕای لەدەستدانی کوڕە تەمەن سێ ساڵانەکەی، بەڵام شەماڵ سوورە لەسەر ڕۆیشتن بۆ ئەورووپا و دەڵێت "لێرە ئایندەی خۆم و خێزانەکەم ناڕۆشنە، بۆیە بەنیازم جارێکی دیکەش خۆم لەو ڕێگایە بدەمەوە. من لە ڕۆیشتن پەشیمان نیم، بەڵام لەوە نیگەران و دڵتەنگم کە کوڕەکەم خنکا و بەدەستی خۆم خستمە نێو گۆڕ". ڕۆژ عەزیز کەریم، نوێنەری فیدراسیۆنی سەرانسەریی پەنابەرانی عێراق لە تورکیا، باسی ئەو ڕووداوەی دەریای ڕەشی کرد و گوتی "یەختەکە ڕۆمانی بووە و شوێنی 40 کەسی تێدا دەبێتەوە، بەڵام کاپتنەکە 82 کەسی تێئاخنیوە. دوای ڕووداوەکەش کاپتنەکە و 11 کەسی دیکە دیار نەماون، پێدەچێ کاپتنەکە ئەوانی ڕزگار کردبن و گەیشتبنە ڕۆمانیا".


ڕانیە بە لەدەستدانی ئاڵان خەمبار بوو

## 220 کۆچبەری کورد لە زیندانەکانی تورکیادان

ڕۆژ عەزیز باسی ڕەوشی کۆچبەران دەکات لە تورکیا و دەڵێت: "ڕەوشی پەنابەران لە تورکیا زۆر خراپە، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا 2500 پەناخواز گیراون، 220 یان کوردن. ئەوان لەوێ لەژێر هەڕەشەدان، تورکیا هەڕەشەیان لێدەکات کە دادگاییان دەکات. هەندێکیشیان بە پارە ئازاد دەکات، بۆ هەر پەنابەرێکیش 1000 دۆلار وەردەگرێ".

## دیپۆرتی سووریا دەکرێنەوە

لە ماوەی ڕابردوودا، حکومەتی تورکیا چەندین کۆچبەری باشووری کوردستانی دیپۆرتی سووریا کردووەتەوە. تەنیا ڕۆژی 2017/10/1، 280 کۆچبەر کە دیپۆرتی سووریا کرابوونەوە گەیشتنەوە باشووری کوردستان.

ئەو کۆچبەرانە بە دوو وەجبە دیپۆرتی سووریا کراونەتەوە، جارێکیان 150 کەس و جاری دووەمیشیان 130 کەس، بەپێی زانیاریی فیدراسیۆنی پەنابەرانیش، نۆ لەو کۆچبەرانە کەوتوونەتە دەستی هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نووسرەی پێشوو) و چارەنووسیان نادیارە. ڕۆژ عەزیز، لەبارەی هۆکاری دیپۆرتکردنەوەی ئەو کۆچبەرانە بۆ سووریا گوتی "زۆربەی ئەو کۆچبەرانە کە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیر دەکرێن، خۆیان بەسووری دەناسێنن، بۆیە پۆلیس یەکسەر دیپۆرتی سووریایان دەکاتەوە". بەمەش ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

شەپۆلەکە ئەوەندە بەهێز بوو، کوڕەکەم لەدەست بەربووەوە

کۆچبەرێک

## هەناردەکردنی نەوتی کوردستان زیادیکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

سەرەڕای هەڕەشەکان بۆ بڕینی نەوتی کوردستان، لە مانگی ئەیلولدا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل نەوتی زیاتری هەناردەکردووە. دوایین ئامارەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەندامانی ئۆپێک بڵاوبووەتەوە، تێیدا دەرکەوتووە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق و لیبیا، ئاستی پابەندبوونی ڕێکخراوەکە بە ڕێککەوتنەکەی لە مانگی ئەیلولدا دابەزیوە بۆ 86%. ئەوە لە کاتێکدایە، ئاستی پابەندبوون لە مانگی ئابدا89% بوو. ئەوە بەو مانایە دێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق، بە کوردستانیشەوە لە مانگی 9 دا زیادیکردووە و ئەو گرژییانەی لەبەر گشتپرسی باشووری کوردستان دروستبووە، نەبووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی ئاستی هەناردەکاری هەرێمی کوردستان و عێراق.




ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 475 ) - دووشەممە 2017/10/2

### داوایان لێدەکات ڕوو لە کشتوکاڵی ئۆرگانیک بکەن

# وەزارەتی کشتوکاڵ دەیەوێ بازاڕێکی نێودەوڵەتی بۆ جووتیاران بدۆزێتەوە

## کوردستان ژێرخانێکی باشی بۆکشتوکاڵی ئۆرگانیک هەیە

د.ئەنوەر ئەحمەد

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوێکی جیهانی تایبەت بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک، بەرپرسێکی ئەو وەزارەتە دەڵێت ئەگەر خۆراکی ئۆرگانیک بەرهەم بهێنین، دەتوانین بازاڕێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمی جووتیاران بدۆزینەوە.

کشتوکاڵی ئۆرگانیک بریتییە لە بەرهەمهێنانی سەوزە و میوە بەبێ بەکارهێنانی پەینی کیمیایی، قڕکەری کیمیایی، هۆرمۆنی گەشە، دەرمانی ڤێتەرنەری، تۆوی دەستکاریکراوی بۆماوەیی، ماددەی پارێزەر بۆ هەڵگرتن و لەقوتوونان، هەروەها هەر ماددەیەک کە کاریگەری لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و ژینگە هەبێت.

بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵی ئۆرگانیک ئێستا لە زۆر وڵاتدا گرنگیی تایبەتی پێدەدرێ و بەهۆکارێکی گرنگ بۆ پارێزگاری لە ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان و تەندروستیی مرۆڤ سەیر دەکرێ، بۆیە چەندین ڕێکخراو و دەزگای جیهانی تایبەت بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک دامەزراون، یەکێک لەوانەش فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی بزووتنەوە کشتوکاڵییە ئۆرگانیکییەکانە (IFOAM) کە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو هەفتە لەمەوبەر بووە ئەندامی. بارەگای سەرەکیی (IFOAM) لە شاری بۆنی ئەڵمانیایە، 750 ڕێکخراوی کشتوکاڵی ئەندامی فیدراسیۆنەکەن.

د.ئەنوەر ئەحمەد، بڕیاردەری لیژنەی باڵای کشتوکاڵی ئۆرگانیک لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەرهەم و نرخەوە ناتوانێ کێبڕکێی ئێران و تورکیا بکات، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە گەشە بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک بدەین، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بازاڕێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمەکانمان بدۆزینەوە".

د.ئەنوەر نموونە بە هەناردەکردنی هەندێ سەوزە و میوەی هەرێمی کوردستان بۆ قەتەر دێنێتەوە و دەڵێت: "دوای ئەوەی قەتەر لەلایەن سعودیە و ئیمارات و میسرەوە گەمارۆی خرایە سەر، هەندێ بازرگانی کوردستان ویستیان سەوزە و میوەی کوردستان بنێرنە ئەوێ، بەڵام دوای پشکنین بەهۆی زۆریی بەکارهێنانی پەیین و قڕکەر، قەتەر زۆربەی بەرهەمەکانی ڕەتکردەوە، تەنیا ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنی پیاز دا کە بەشێوەی نیمچە ئۆرگانیک بەرهەمهێنرابوو، ئیدی لەوەوە بۆمان دەرکەوت تاکە ڕێگە بۆ هەنگاونان بۆ چوونە نێو بازاڕی نێودەوڵەتی گەشەپێدانی کشتوکاڵی ئۆرگانیکە".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر خۆراکی ئۆرگانیک هەیە، ساڵ لەدوای ساڵ ڕووبەری چێنراو بە بەرهەمی ئۆرگانی زیاد دەکات، بەپێی داتاکان لەساڵی 1999 ڕووبەری چێنراو بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک لەجیهاندا نزیکەی 11 ملیۆن هێکتار بووە، بەڵام بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی (IFOAM) لە ساڵی 2013 دا گەیشتووەتە 43.7 ملیۆن هیکتار. فرۆشتنی خۆراکە ئۆرگانییەکانیش لەهەمان ساڵدا گەیشتووەتە 68 ملیار یۆرۆ.

هەر بەپێی داتاکانی ئەو ڕێکخراوە، ئوسترالیا بە پلەی یەکەم دێ لە گرنگیدان بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک و ساڵانە 12.14 ملیۆن هێکتار زەوی دەکاتە کشتوکاڵی ئۆرگانیک، دوای ئەویش ئەرجەنتین بە 3.8 ملیۆن هێکتار دێت و ئەمریکاش بە 1.9 ملیۆن هێکتار پلەی سێیەمی گرتووە.

د.ئەنوەر ئەحمەد دەڵێت: "هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی باشی بۆ کشتوکاڵی ئۆرگانیک هەیە، بەڵام پێویستی بە ڕێنمایی و ڕێکخستن و دەرکردنی هەندێ یاسا هەیە".

د.ئەنوەر نموونە بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی وەک سماق، ترێ، هەنار، هەنجیر، سێو، گوێز، برنج و هەنگوین دەهێنێتەوە کە دەستکاری بۆماوەییان نەکراوە و زۆربەیان بەبێ بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی و قڕکەر بەرهەم دەهێنرێن، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: "لەبەر ئەوەی تاوەکوو ئێستا یاسایەکی تایبەت بە بنەماکانی کشتوکاڵی ئۆرگانیکمان نەبووە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پاڵپشتمان نەبووە بۆ بەخشینی بڕوانامەی ئۆرگانیک بەو بەرهەمانە، بۆیە ناتوانین بە بەرهەمێکی ئۆرگانیک یان نیمچە ئۆرگانیک بە وڵاتان بفرۆشین".


لە کوردستان ترێ، هەنجیر، سێو، هەنار، گوێز، برنج و هەنگوین بەشێوەی ئۆرگانیک بەرهەم دێن

لەجیهاندا سێ پێوەری نێودەوڵەتی بۆ خۆراکی ئۆرگانیک هەن، ئەوانیش پێوەری ئەمەریکی، ژاپۆنی و ئەوروپی. هەریەک لەو پێوەرانەش یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە.

د.ئەنوەر ئەحمەد دەڵێت: "لەبەر ئەوەی کەشوهەوا و بەرهەمی هەرێمی کوردستان زیاتر لەگەڵ پێوەری ئەوروپی گونجاوە، زۆرترین خواستیش لەسەر بەرهەمی ئۆرگانێک لە وڵاتانی ئەوروپایە، بۆیە دەمانەوێت سوود لە پێوەر و یاساکانی ئەوروپا وەربگرین".

ئەرشەد یاسین خۆشناو، شارەزا لەبواری کشتوکاڵی ئۆرگانیک و مامۆستا لە بەشی ڕەزگەری لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "بە کشتوکاڵی ئۆرگانیک جگە لەوەی خۆراکێکی تەندروستمان دەستدەکەوێت، خاکەکەشمان پاکدەبێتەوە لە زیانەکانی پەیینی کیمیایی، پارەش بۆ کڕینی پەیینی کیمیایی و قڕکەر ناچێتە دەرەوە کە بەشی زۆریان جگە لەوەی زیانی زۆریان بۆ پیسبوونی ژینگە و خاک و ئاو و بەرهەمە خۆراکییەکان هەیە، کواڵیتییان ئەوەندە خراپە کەمترین کاریگەرییان لەسەر گەشەی بەرهەم هەیە".

بە گوتەی ئەو شارەزایە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ هەنگاو بۆ ئەم جۆرە کشتوکاڵە بنێ، دەبێت سەرەتا خولی ڕێنمایی بۆ جووتیاران بکاتەوە، بۆ چاندنی بەرهەمیش ئەو ناوچانە هەڵبژێرێت کە هاتوچۆی زۆریان بەسەرەوە نییە و دوورن لەو گازە ژەهراویانەی لە ئۆتۆمبێل دەردەچن، سەرەتاش ئەو زەویانە بۆ چاندن هەڵبژێرن کە کەمتر ماددەی کیمیایی و قڕکەریان تێدا بەکارهێنراوە".

لە کشتوکاڵی ئۆرگانیکدا، بەهۆی بەکارنەهێنانی تۆوی دەستکاریکراو و پەیینی کیمیاوی بۆ گەشەی خێرای ڕووەکەکان، بڕی بەرهەم لە یەکەی ڕووبەر کەمدەبێتەوە، بۆیە کشتوکاڵی ئۆرگانیک بە دڵی هەموو جووتیارێک نییە.

بەڵام ئەرشەد یاسین، دەڵێت" لەڕێگەی بەکارهێنانی خانووی شووشە، دەکرێت بەرهەمەکان لە نەخۆشییەکان بپارێزرێن و کۆنترۆڵی گەرمی و ساردی بکرێت. زۆربەی سەوزەکانیش بەشێوەی هەڵواسراوی بچێندرێن کە قەرەبووی کەمبوونەوەی بڕی بەرهەم لەیەکەی ڕووبەر دەکاتەوە".

لە هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی باش بۆ کشتوکاڵی ئۆرگانیک هەیە، تۆوی چەندین بەرهەم دەستکاری نەکراوە وەک تەماتە، گوڵەبەڕۆژە، خەیار، ترۆزی، کاڵەک، بامیە و باینجان و.... هتد

### لیژنەی باڵای بۆ دروستکراوە

وەک هەنگاوی یەکەم، وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنەیەکی باڵای بۆ کارکردن لەسەر کشتوکاڵی ئۆرگانیک پێکهێناوە، چەند پۆستەر و نامیلکەیەکی بڵاوکردووەتەوە، داواش لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگاکانیش کراوە، وێستگەیەکی تایبەت بۆ توێژینەوە لە کشتوکاڵی ئۆرگانیک تەرخان بکەن.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، دەڵێت "گۆڕینی سیستەمی کشتوکاڵی کورستان بۆ ئۆرگانیک کارێکی ئاسان نییە و کاتی زۆری پێویستە، دەکرێت قۆناغی یەکەم دەستبەرداربوونی جووتیاران بێت لە بەکاهێنانی پەینی کیمیایی، جووتیاران فێری دروستکردنی پەینی ئۆرگانیک ببن، لە قۆناغی دواتر دەکرێت ئەو ناوچانە هەڵبژێرین کە کەمتر تووشی نەخۆشی بوون، بۆ کۆنترۆڵکردنی گژ و گیاو نەخۆشییەکانیش سوود لە مێرووە سوودبەخشەکان وەربگرین".

### لە بازاڕ پارە ناکات

# جووتیاران دەستبەرداری چاندنی گەنمەشامی دەبن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەو بازاڕە کزەی لە کوردستان هەیەتی، خەریکە ڕەنجی چەند ساڵەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە پاڵپشتیکردنی جووتیاران بۆ چاندنی گەنمەشامی بەفیڕۆ دەڕوات، ئێستا جووتیاران کەمتر لە جاران گرنگی بە چاندنی گەنمەشامی دەدەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ لە ماوەی ساڵانی 2009 تاوەکو 2011 لە ڕێگەی دابینکردنی بنەتۆ و هەندێک خزمەتگوزاری، پاڵپشتیی جووتیارانی کرد بۆ چاندنی 11 هەزار و 112 دۆنم زەوی بە گەنمەشامی، تێچووی پاڵپشتییەکەش یەک ملیار و 17 ملیۆن دینار بوو، بەمەش جووتیارانی کوردستان ئاشنای چاندنی ئەم بەرهەمە بوون و بڕی بەرهەمی گەنمەشامی کە لە ساڵی 2009 نزیکەی سێ هەزار تۆن بوو، لە ساڵی 2014دا گەیشتە 24 هەزار تۆن، بەڵام بەهۆی بێ بازاڕییەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا چاندنی گەنمەشامی سست بووە و بەرهەمەکەی بۆ 14 هەزار تۆن دابەزیوە.

کامل محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "بەهۆی کەمیی بودجە و قەیرانی دارایی نەمانتوانی لە پاڵپشتییەکانمان بۆ جووتیاران بەردەوام بین، حکومەتی عێراقیش ئامادە نەبوو گەنمەشامی جووتیارانی کوردستان بکڕێتەوە، کارگەکانی ناوخۆش بە نرخێکی زۆر کەم دەیکڕنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چاندنی گەنمەشامی پاشەکشە بکات".

لەعێراقدا 17 کۆمەڵگای وەرگرتن و وشککردنەوەی گەنمەشامی هەیە، ساڵانە تۆنێک گەنمەشامی جووتیارانی عێراق بە 430 هەزار دینار وەردەگرن، بەڵام ئامادە نین بەرهەمی جووتیارانی کوردستان بکڕنەوە.

کامل محەممەد دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت پاڵپشتی کڕینەوەی گەنمەشامی بکات، بەڵام بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ دوو کارگەی ئالیک ڕێکەوتووین کە ئێمە هاوردەکردنی گەنمەشامی و ئالیک سنووردار بکەین، ئەوانیش بەگوێرەی کواڵیتی بەنرخێکی گونجاو بەرهەمی جووتیاران بکڕنەوە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، تاوەکو ساڵی 2014 جووتیارانی پارێزگای دهۆک لە چاندنی گەنمەشامیدا لە پێشەوەی جووتیارانی پارێزگاکانی دیکەی کوردستان بوون، بەڵام ماوەی دوو ساڵە چاندنی ئەم بەرهەمە لەو پارێزگایە پاشەکشەی کردووە، ئێستا پارێزگای هەولێر لەپلەی یەکەمدایە، 90%ی ئەو گەنمەشامییەی لە کوردستان بەرهەمدێت لەو پارێزگایە دەچێندرێت.

**بەرهەمی گەنمەشامی لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە چوار ساڵی ڕابردوودا**

| ساڵ/ پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 8.304 | 1.651 | 11.626 | 1.164 | 22.745 |
| 2014 | 9.500 | 104 | 13.610 | 1.370 | 24.584 |
| 2015 | 23.250 | 240 | – | 80 | 23.570 |
| 2016 | 13.200 | 1.292 | 70 | 160 | 14.722 |

پاشەکشەی چاندنی گەنمەشامی وکەمبوونەوەی خواست، هانی هەندێ کۆمپانیای خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی داوە، بیر لە هێنانی تۆوی باش و زیادکردنی خزمەتگوزاری بۆ جووتیاران بکەنەوە.

کۆمپانیای دارامی بۆ خزمەتگوزاریی کشتوکاڵ، ماوەی دوو ساڵە تۆوی گەنمەشامی لە سڕبیاوە هاوردە دەکات کە تۆوێکە بەرگەی نەخۆشی دەگرێ و ئاوێکی کەمیشی دەوێ.

ئیسماعیل محەممەد، ئەندازیارێکی کشتوکاڵی لە کۆمپانیای دارامی دەڵێت: "هەر جووتیارێک تۆوی گەنمە شامی لە کۆمپانیاکەم بکڕێت، بەبێ بەرامبەر ڕێنمایی چۆنیەتی چاندن و ئاودان و دروێنەی دەکەین".

بە گوتەی ئەو ئەندازیارە، کەشی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گەنمەشامی، ئەگەر هەر جووتیارێک پابەندی ڕێنمایی ئەندازیاران بێ، دەتوانێت لە دۆنمێک زەویدا 5 تۆن گەنمەشامی هەڵبگرێتەوە.

ڕەشوان قادر تەها، جووتیارێکی سنووری ناحیەی دیبەگەی پارێزگای هەولێرە، ساڵانە 65 دۆنم گەنمەشامی دەچێنێ، گرفتی ڕەشوان و جووتیارەکانی دیکە لە چاندندا نییە، بەڵکو بێ بازاڕییە، چونکە حکومەت بەرهەمەکەیان لێ ناکڕێتەوە و کۆمپانیاکانیش بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن. ڕەشوان گوتی: "کارگەکان بە دەنک گەنمەشامییەکەیان دەوێ نەک بە عەرنووس. جگە لەوەش بە بیانووی بەرزیی ڕێژەی شێ، بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن، بۆیە بەشێک لە جووتیاران وازیان لە چاندنی گەنمەشامی هێنا".

گەنمەشامی بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە، پڕیەتی لە ڤیتامین و توخمە کانزاییەکان و پرۆتین و وزە و ڕۆن، بەیەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکان دادەنرێ و لە ڕووی بەرهەمەوە لە دوای گەنم و برنج دێت. جگە لەوەش 40%ی پێکهاتەی ئالیکی پەلەوەر، لەگەنمەشامی پێکدێ.


بەرهەمی گەنمەشامی لە 24 هەزار تۆنەوە بۆ 14 هەزار تۆن دابەزیوە

لە هەرێمی کوردسان 1317 کێڵگەی پەلەوەر هەن. ساڵانە پێویستیان بە هەزاران تۆن گەنمەشامی هەیە بۆ ئالیک. پێشتر زۆربەی کێڵگەکان پشتیان بە ئالیکی هاوردە دەبەست، کارگەکانی ئالیکیش گەنمەشامیان لەدەرەوە دەهێنا، بەڵام ماوەی دوو ساڵە سێ کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە شاری هەولێر دامەزراون، بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانیان گەنمەشامیی جووتیاران دەکڕنەوە، کارگەی ئالیکی کۆسار یەکێکە لەو کارگانە کە بۆ ئەمساڵ ئامادەکاری کردووە بۆ کڕینەوەی 15 هەزار تۆن گەنمەشامی لە جووتیاران.

دەوەن موحسین، خاوەنی کارگەی ئالیکی کۆسار دەڵێت: "گرێبەستمان لەگەڵ 500 جووتیار کردووە، ئامادەکاریمان بۆ کڕینەوەی 10 تاوەکو 15 هەزار تۆن گەنمەشامی کردووە".

کارگەکەی دەوەن لە ساڵی یەکەمدا تۆنێک گەنمەشامی بەشێوەی دەنک بە 340 هەزار دینار دەکڕییەوە، بە مەرجێک ڕێژەی شێی 25% زیاتر نەبێ، بۆ زیادبوونی هەر پلەیەکیش لە ڕێژەی شێیەکە 4000 دیناریان دادەشکاند، ساڵی ڕابردوو نرخی تۆنێکیان بۆ 300 هەزار دابەزاند، ئەمساڵیش تاوەکوو ئێستا نرخی کڕینەوەیان دیاری نەکردووە.

دەوەن موحسین دەڵێت: "بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ، نرخمان دیاری نەکردووە، نرخەکەش دەوەستێتە سەر نرخی جیهانی. جگە لەوەش زۆربەی ئەو گەنمەشامییەی دەیکڕینەوە ڕێژەی شێی زۆرە، هەیانە دەگاتە 35%. ئەمەش وا دەکات نرخەکەی دابەزێ و جووتیاران گلەییان هەبێت".

دەوەن بۆ هاوسەنگکردنی نرخ و هاندانی جووتیاران بەپێویستی دەزانێ حکومەت بۆ هەر تۆنێک بڕێک پارە بخاتە سەر نرخی کڕینەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت: "ئەگەر بەنرخی زیاتر بیکڕینەوە نرخی تۆنێک ئالیک لەسەرمان گران دەکەوێ و خاوەنی دەواجنەکان پەنا بۆ ئالیکی هاوردە دەبەن".



# ئەوەی بە ئۆپێک نەکرا، کوردستان کردی

یادگار سدیق

سەرەڕای ئاستەنگە نێوخۆییەکان و هۆشدارییەکانی دەوروداوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان لەو وادەیەی بۆی دانرابوو، بەبێ هیچ گرفتێک بەڕێوەچوو. گشتپرسییەکە چەند دەرهاویشتەی سیاسی و ئابووری بەدوای خۆیدا هێنا، هەرروو کاریگەرییەکەی لەسەر بازاڕی وزە دەرکەوت و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ ڕاگرتنی گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان، بازاڕی وزەی شڵەژاند و نرخی نەوت ریکۆردێکی نوێی تۆمار کرد لە دوو ساڵی ڕابردوودا. بەرەبەیانی ڕۆژی گشتپرسییەکە نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بە 56 دۆلار و 50 سەنت مامەڵەی پێوە دەکرا، بەڵام ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بەهۆی هەڕەشەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیاوە گەیشتە ئاستەکانی 60 دۆلار.

هەڕەشەکەی ئەردۆغان هەواڵێکی ناخۆش بوو بۆ باشووری کوردستان کە ئێستا قووتی مووچەخۆرانی لەسەر ئەو بۆڕییە، بەڵام هەواڵێکی خۆشیش بوو بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، چونکە ئۆپێک ئەوە دوو ساڵە سەرقاڵە بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەم و ڕێککەوتن لەوبارەیەوە، بەڵام نەیتوانی هاوسەنگی بۆ بازاڕەکانی نەوت بگەڕێنێتەوە. هەرچەندە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی زریانی هارڤی لە ئەمریکا کە بەرهەمی نەوتی ئەمریکای کەم کردبووەوە، نرخەکانی نەوت ڕوویان لە هەڵکشان کردبوو، بەڵام ئەو بەرزبوونەوەیە کاتییە، چونکە دوای نەمانی زریانەکە کۆمپانیاکان دەستیان بەکاری خۆیان کردەوە.

> سوودمەندی یەکەم لە جێگیربوونی بارودۆخی کوردستان، تورکیایە، چونکە تورکیا لە وادەی خۆیدا دەگاتە ئامانجەکەی

ئەگەر هەڕەشەکەی ئەردۆغان ببێتە ڕاستی، ئەوە پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی زیاتری نەوت دەکرێ، چونکە بە جارێک 600 هەزار بەرمیل لە بازاڕی وزەدا نامێنێ، ئەمەش نیوەی ئەو نەوتەیە کە وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک لەسەری ڕێککەوتبوون بۆ ئەوەی کەمی بکەنەوە، بەڵام ئایا وڵاتانی کڕیار ئەمە قبوڵ دەکەن؟

بۆ بازاڕی وزە شۆکێکی گەورە دەبێت ئەگەر نەوتی کوردستان بۆ جیهان بوەستێ، تورکیا کڕیارێکی هەمیشەیی وزەیە، بۆیە ئەو وڵاتە و کڕیارانی نەوت ناتوانن هەر وا بە سانایی کوردستان پشتگوێ بخەن، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان کوردستان و تورکیا لە بواری نەوت و گازدا هەیە، تورکیا پارەیەکی زۆریشی لە گواستنەوەی نەوتی کوردستان دەستدەکەوێ کە بۆ هەر بەرمیلێک یەک دۆلارە. جگە لەمەش تورکیا ساڵانە نزیکەی 60 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی دەکڕێ، بەگوێرەی گرێبەستەکانی کوردستانیش لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەم بوارە، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 دەتوانێت 60%ی پێداویستیی تورکیا لە وزە دابین بکات. بۆیە گەمارۆدانی نەوتی کوردستان لەلایەن تورکیاوە، بە زیانی تورکیا خۆی دەشکێتەوە، لەلایەک کاریگەری لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە دەبێ، هەروەها کاریگەریشی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە 50 ساڵییە دەبێ کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی، ئەمە جگە لەوەی کاریگەری لەسەر پەیوەندیی سیاسی و دیبلۆماسی نێوان هەردوولا دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر هەرێمی کوردستان دەرچەیەکی دیکەی دۆزییەوە بۆ گەیاندنی نەوتەکەی بە بازاڕەکانی جیهان. هەر بۆیە ئەو کارتەی تورکیا ئەگەر بەکاربهێنرێ، کورتخایەن دەبێ.

## بۆڕیی ژیانی کوردستان!

ئەگەرچی بە شایەتی شارەزایانی بیانی و خۆماڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی وزەدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی پەرە بەو کەرتە بدات و چەندین گەورە کۆمپانیای ئەو بوارە بهێنێتە کوردستان، بەڵام ئەوە لەسەر حیسابی پشتگوێخستنی کەرتەکانی دیکە بووە، لەوانەش کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و سامانە سروشتییەکانی دیکە (بێجگە لە نەوت و غاز)، حکومەت نەیتوانیوە لەو دوو کەرتەدا وەبەرهێنانێکی باش بکات. ئەگەر ئەو دوو کەرتە پەرەیان پێدرابایە، بە جۆرێک بیانتوانیبا ئاسایشی خۆراک مسۆگەر بکەن، ئێستا نەک وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو کوردستان دەبووە هەڕەشە لەسەر ئەوان، ئێستا گرتنەوەی نەوتی کوردستان کارتێکی گوشار دەبوو بەدەست کوردەوە، نەک بە دەست تورکیاوە.

هەواڵە خۆشەکە بۆ خەڵکی کوردستان هاتنە پێشی ڕووسیا بوو لە ڕێگەی هەردوو کۆمپانیا حکومییەکەی: (گازپرۆم و ڕۆسنێفت)، ئەمە دەستی کوردستان لە بازاڕی وزەدا بەهێز دەکات و ڕەنگە ئەردۆگان ناچار بکات بە حیساباتەکانی خۆیدا بچێتەوە و وا بە ئاسانی دەستبەرداری وزەی کوردستان نەبێ.

## هەمان سیناریۆ!

ئەگەرچی ئێستا بەهۆی گشتپرسییەوە تارادەیەک ناسەقامگیری لە بوارە جیاوازەکان لە نێویشیدا لە کەرتی وزە دروستبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان بێهیوا بووبن، ئەگەرچیش کاریگەری لەسەر چالاکییەکانیان لە کوردستان دەبێ، بۆیە لەگەڵ جێگیربوونەوەی بارودۆخەکە، پێشبینی دەکرێت کوردستان هەمان سیناریۆی لیبیا دووبارە بکاتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا بڕی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی ئەوەندە بەرز بکاتەوە کە هەنگاو بنێت بەرەو یەک ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا. لەو حاڵەتەدا وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت ناتوانن کوردستان نادیدە بگرن.

سوودمەندی یەکەم لە جێگیربوونی بارودۆخی کوردستان، تورکیایە، چونکە تورکیا لە وادەی خۆیدا دەگاتە ئامانجەکەی، ئەویش گەیشتنی گازی سروشتیی کوردستانە بۆ نێو خاکی تورکیا کە بڕیارە بۆڕیی گەیشتنی ئەو گازە لەلایەن کۆمپانیای ڕۆسنێفتی ڕووسییەوە رابکێشرێ.

ئەو بەرزبوونەوە خێرایەی نرخی نەوت لە ڕۆژی گشتپرسیدا سەلمێنەری گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستانە لەڕووی سیاسی و ئابووری. چونکە سەرەڕای ئەوەی هەر کەمبوونەوەیەک لە خستنەڕووی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕی وزە یەکێکە لەو بازاڕانەی کە هەستیارە بە گرژییە سیاسییەکان، بە تایبەتی لەو ناوچانەی نەوتیان تێدا بەرهەمدێ، یان پێویستیی زۆریان بە وزەیە.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا و ئێستاش لە دەرەوەی چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، نەوتەکەی (کە یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی نەوت لە جیهاندا) بە نرخێکی کەمتر دەفرۆشرێت بە بەراورد لەگەڵ نەوتی وڵاتانی دیکە، بۆیە کڕیارانی نەوتەکەی ڕازی نابن وا بە سانایی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان ڕابگیرێ، ئەگەر ئەمە ڕوویدات کەناڵە دیبلۆماسییەکانیان بەکاردێنن.

> حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی وزەدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی پەرە بەو کەرتە بدات و چەندین گەورە کۆمپانیای ئەو بوارە بهێنێتە کوردستان

## پێویستی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە

# ئایا سعودیە بە ڕاگرتنی نەوتی کوردستان دڵخۆش دەبێ؟



ئارامکۆ چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە، بۆ ئەوەی پشکەکانی بفرۆشێ

ڕووداو- هەولێر

ساڵی ڕابردوو، سعودیە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی ئەندامانی ئۆپێک ڕازی بکات بەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان کەم بکەنەوە، بەڵام ماوەیەک بەر لە کۆبوونەوە مێژووییەکەی تشرینی دووەمی 2017، بەرپرسانی نەوتی سعودیە هەڕەشەیەکی توندیان لە ئەندامانی ئۆپێک کرد "ئەگەر ڕێککەوتن نەکرێت، ئەوە ئێمە لە ڕێکخراوی ئۆپێک دەکشێینەوە".

ژمارەیەک سەرچاوەی ئاگادار لە بابەتەکە بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاندووە ئەو هەنگاوە بە ڕەزامەندی بەرپرسانی هەرە باڵای حکومەتی سعودیە نراوە. بەڵام ئامانج لەو هەڕەشەیە تەنیا بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت و داهاتی سعودیە نەبووە، بەڵکو مەبەست لێی بەرزکردنەوەی بەهای پشکەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سعودیە، ناسراو بە (ئارامکۆ) بووە.

لە ساڵی 2015 وە، حکومەتی سعودیە بەنیازە بەشێک لە پشکەکانی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە بفرۆشێت، تاوەکوو داهاتی پێویستی بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی ریشەیی لە ئابوورییەکەی دەستبکەوێت.

دواجار ئەندامانی ئۆپێک و ژمارەیەک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری دەرەوەی ئۆپێک لەسەر دابەزاندنی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکانیان ڕێککەوتن، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکەش دەبێ 1.8 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو دوو لایەنە کەم بکرێتەوە. لەو ژمارەیەش 1.2 ملیۆن بەرمیلی بەر ئۆپێک دەکەوێت و 10 وڵاتەکەی دیکەی دەرەوەی ئۆپێکیش نزیکەی 600 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەیان دادەبەزێنن.

لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، سعودیە وەکوو گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهان، بەرگری لە سیاسەتی هاوسەنگیی نێوان بەها و بەرهەمهێنان کردووە، واتە نرخی نەوت نە هێندە بەرز بێ وڵاتان ناچار بن بیر لە سەرچاوەی ئەڵتەرناتیف بکەنەوە، نە هێندەش نزم بێ کە کێشەی داهات بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر دروست بکات. ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئۆپێک پێیانوایە هەنگاوەکانی یەک ساڵی ڕابردووی سعودیە ئاماژەن بۆ ئەوەی گۆڕانێک لەو تێڕوانینەی سعودیەدا ڕوویداوە.

> بەرپرسانی ئۆپێک پێیانوایە هەنگاوەکانی یەک ساڵی ڕابردووی سعودیە ئاماژەن بۆ ئەوەی گۆڕانێک لەو تێڕوانینەی سعودیەدا ڕوویداوە

سعودیە و ئارامکۆ لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا هێزی جوڵێنەری ئۆپێک بوون، بەڵام ئێستا سعودیە تاکە وڵاتی ڕێکخراوەکەیە کە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت و غازی خستبێتە بازاڕەکانی بۆرسە لە دەرەوەی سعودیە، ئەم هەنگاوە لە ئێستاوە ئۆپێکی نیگەران کردووە لەوەی دەکرێت سعودیە چیدی لە داهاتوودا ئەو ڕۆڵە نەگێڕێت کە هەتا ئێستا فاکتەری سەرەکی بووە لە کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

یەکێک لەو فاکتەرانەی ئۆپێکی نیگەران کردووە، ئەوەیە ئەگەر پشکەکانی ئارامکۆ بخرێتە فرۆشەوە، ئەو کۆمپانیایە چیدی ناتوانێت بە تەنیا بەرژەوەندییەکانی سعودیە و ئۆپێک لەبەرچاو بگرێت، بەڵکو دەبێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی وەبەرهێنەران و یاساکانی نەوت و غازی وڵاتی بەرهەمهێنەردا مامەڵە بکات، بۆ نموونە بەپێی یاساکانی ئەمریکا هەموو هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی نرخەکانی نەوت و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا قەدەغەیە، لەو حاڵەتەشدا ئارامکۆ چیدی ناتوانێت بەشداری لە ڕێککەوتنە گشتییەکانی ئۆپێک بۆ ڕێکخستنی نرخ بکات.

دەسەڵاتدارانی سعودیە بەنیازن هەتا کۆتایی ساڵی داهاتوو 5%ی پشکەکانی کۆمپانیاکە لە بۆرسەکانی سعودیە و بۆرسە نێودەوڵەتییەکاندا بخەنە بەردەستی کڕیاران. ئەم ڕێژەیە لە پشکەکان بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی پرۆژەی ڕوئیای 2030 تەرخان دەکرێت کە پلانێکی چاکسازیی کەرتی ئابووری و پیشەسازیی سعودیەیە و ئامانج لێی فرەجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی سعودیەیە.

نرخی کۆمپانیای ئارامکۆ دوو تریلیۆن دۆلارە، بەڵام وەبەرهێنەران پێیانوایە بۆ دانانی نرخی کۆتایی لەسەر کۆمپانیاکە، دەبێ ڕەچاوی بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بکرێت. بەرپرسانی سعودی دەیانەوێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاو بگاتە 60 دۆلار. بە درێژایی ئەمساڵ نرخی نەوت لە دەوروبەری 50 دۆلار یاریی دەکرد، بەڵام هەفتەی ڕابردوو، پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان، نرخی یەک بەرمیل گەیشتە نزیکەی 60 دۆلار.

نەرویج و کۆمپانیای نیشتمانیی ستاتئۆیل دەکرێت ڕێنوێنێکی باشی سعودیەکان بێت. 38%ی پشکەکانی ستاتئۆیل بە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت لە دەرەوە و ناوەوەی نەرویج فرۆشراوە. ئەو وڵاتە لە ساڵی 2002وەوە بەشداری هیچ ڕێککەوتنێکی کەمکردنەوە یان بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەکردووە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ یاسای ئەمریکی دەگەڕێتەوە کە وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکان ناچار دەکات لە هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی نەوتدا بەشداری نەکەن.

بەرپرسانی نەوتی سعودیە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی ستاتئۆیل و شارەزایانی نەوتی نەرویجدا کردووە، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکیان سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی کارەکان و گرێبەستەکانی ئارامکۆ هەبێت. بەڵام بەرپرسانی ستاتئۆیل بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان هیچ ئامۆژگارییەکی سعودییەکانیان نەکردووە، بەڵکو تەنیا باسی ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی خۆیان بۆ کردوون.

> لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵەوە سعودیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی زۆر لەوە زیاتر کەمکردووەتەوە کە لە ڕێککەوتنەکەی ساڵی ڕابردوودا بۆی دیاریکرابوو

بەڵام هەموو سعودییەکان لەگەڵ بڕیارەکەی بن سەلماندا کۆک نین. هەتا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی سەر بە باڵی کۆنزەرڤاتیڤی سعودیە پێیانوایە حکومەتی سعودیە نابێت لە هیچ پشکێکی خۆی لە کۆمپانیای ئارامکۆ خۆشبێت. بن سەلمان کە چاوەڕێ دەکرێت پاشای داهاتووی سعودیە بێت، لایەنگری سەرسەختی فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆیە.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای نەوتی سعودیە دەڵێن دوای فرۆشتنی پشکەکانی ئارامکۆش، بڕیارەکانی پەیوەست بە پیشەسازیی نەوت وەکوو پرسێکی پەیوەندیدار بە سەروەریی سعودیە دەمێننەوە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە فرۆشتنی ئەو پشکانە ئازادیی بڕیاردان لە سعودیەکان دەسەنێتەوە.

بڕیارەکانی بن سەلمان مشتومڕێکی توندی لەنێو بەرپرسانی ئارامکۆدا دروستکردووە، ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئارامکۆ پێیانوایە سیاسەتی ئەم یەک ساڵەی ڕابردووی سعودیە لە ئۆپێک لە درێژخایەندا بە قازانجی ئارامکۆ نابێت. ئەوان ڕەخنەی ئەوە لەو سیاسەتە دەگرن کە پشکەکانی سعودیەی لە بازاڕەکانی ئاسیا کەمکردووەتەوە و لە داهاتووشدا ئاسان نییە ئەو پشکانە لە وڵاتانی دیکەی وەکوو ڕووسیا و عێراق وەربگیرێتەوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵەوە سعودیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی وڵاتەکەی زۆر لەوە زیاتر کەمکردووەتەوە کە لە ڕێککەوتنەکەی ساڵی ڕابردوودا بۆی دیاریکرابوو، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ڕیاز قەرەبووی کەمتەرخەمی وڵاتانی دیکەی ناو ڕێککەوتنەکەی کردووە کە ئامادە نەبوون 100% پابەندی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بن.

ڕەخنەگرانی سیاسەتەکەی بن سەلمان پێیانوایە هەنگاوەکانی ڕیاز لە یەک ساڵی ڕابردوودا وایکردووە سعودیە چیدی گەورەترین هەناردەکاری نەوت بۆ چین نەبێت و ئەو پێگەیە بە ڕووسیا بدات، لە کاتێکدا لە هیندوستانیش عێراق پلەی یەکەمی لە سعودیە وەرگرتووە.

## لە فێستیڤاڵی سلێمانی 170 فیلم نمایش دەکرێن



**ڕووداو- سلێمانی**

بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداو، دووەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی، 1-10-2017 دەستپێکردو بڕیارە حەوت ڕۆژی فێستیڤاڵەکە 170 فیلم نمایش بکرێن. فێستیڤاڵەکە لە ژێر دروشمی کولتوور و پێکەوەژیان و بە نمایشکردنی فیلمێک بەناوی The Pink House دەستی بەچالاکییەکانی کرد. بەهۆی داخستنی فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی لەلایەن بەغداوە، بەشێکی زۆر لە سینەماکارانی بیانی نەیانتوانی ئامادەی فێستیڤاڵەکە بن، وەک لینا ڕەزا ڕێکخەری فێستیڤاڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا 30%ی لە میوانەکان توانیان ئامادەبن، ئەوانی دیکە هەموویان گەشتەکانیان هەڵوەشێندرایەوە".



### دیلانار یلدز:

# لە باشووری کوردستان یەکەمین کچم ئۆپێرا دەڵێم

## تاوەکو کۆپی ڕایت لە کوردستان جێبەجێ نەکرێت ئامادە نیم ئەلبووم بخەمە بازاڕەوە

> بارودۆخی کوردستان گونجاو نییە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبووم

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە گەڤەری باکووری کوردستان لەدایکبووە، لە ئیستەنبوڵ گەورە بووە و خوێندوویەتی، ئێستاش لە باشووری کوردستان دەژی، دیلانار یلدز، خۆی وەکو یەکەمین کچە ئۆپێراخوێنی باشووری کوردستان دەناسێنێ. ئۆپێرا لە هونەرە سەخت و ناودارەکانی ئەورووپایە، بەڵام دیلانار دەڵێت خەریکە ئەو هونەرەی لە باشووری کوردستان بیردەچێتەوە، چونکە هیچ شوێنێک نییە تێیدا بەردەوامی بەو هونەرەی بدات. دیلانار یلدز لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کار و بەرهەکانی و ژیانی خۆی دەکات.

**ڕووداو: دیلانار مانای چییە؟**
**دیلانار:** دوو مانای هەیە، بە کوردی مانای ئاگری شادییە و بە تورکیش واتە دلبەر.

**ڕووداو: خەڵکی باکووری یان باشوور؟**
**دیلانار:** من لە گەڤەر لەدایکبووم، لە ئیستەنبوڵ گەورە بوومە و خوێندوومە. دایک و باوکم لە باشووری کوردستان لەدایکبوون. باوکم بە ڕەچەڵەک خەڵکی سەرسنگە و دایکیشم خەڵکی ئامێدییە، کەواتە من خەڵکی باشووری کوردستانم، بەڵام من هەر چوار پارچەی کوردستان بە ماڵی خۆم دەزانم.

**ڕووداو: چۆن دەستت بەکاری هونەری کرد؟**
**دیلانار:** سەرەتا حەزم لە گۆرانیگوتن نەبوو. زۆر شەیدای سینەما و دراما بووم. حەزم دەکرد ببمە ئەکتەر، بەڵام لە گەڤەر هیچ شوێنێک نەبوو تێیدا فێری ئەو هونەرە ببم. لەلایەکی دیکەشەوە دەوروبەرەکەم دەیانگوت تۆ دەنگت خۆشە و بۆ نابیتە گۆرانیبێژ. ئیدی لە چەند بۆنەیەکدا گۆرانیم گوت و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، دواتر باوکم گوتی دەبێت تۆ بەشێوەیەکی زانستی میوزیک بخوێنی و بە ئاواتەکەت بگەیت. بۆیە چوومە ئیستانبوڵ و لەوێ لە کۆرسێکی شەش مانگی بەشداریم کرد و یەکەم بووم. دواتر لە زانکۆی پارە کە زانکۆیەکی زۆر بەناوبانگی تورکیایە و تایبەتە بە هونەر، لەوێ لە بەشی ئۆپێرا وەرگیرام و پێنج ساڵ خوێندم، ئێستا من مامۆستای دەنگم، دواتر دەستم بە گۆرانی کرد.

**ڕووداو: ئەوە ڕاستە کە تۆ یەکەمین کچە کوردی باشووری کوردستانی ئۆپێرا دەخوێنی؟**
**دیلانار:** بەڵێ من بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی خوێندنی ئۆپێرام تەواوکردووە. یەکەمین کچم لە باشووری کوردستان ئەو بڕوانامەیەم هەیە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم هونەرە مەزنە فەرامۆشکراوە.

**ڕووداو: هەوڵت نەداوە لە باشووری کوردستان پەرە بەم هونەرە بدەیت و کۆرس بکەیتەوە؟**
**دیلانار:** من دوو ساڵە گەڕاومەتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ دەرفەتێکم نەبووە پەرە بە هونەرەکەم بدەم، بۆیە خەریکە لەبیرم دەچێتەوە،

> حەزم لە گۆرانیگوتن نەبوو، دەمویست ببمە ئەکتەر

چونکە ئەگەر ڕۆژانە ڕاهێنان لەسەر دەنگ و ئۆپێرا نەکەیت، دەنگت تێکدەچێت، هەڵبەتە کەشوهەوای کوردستانیش زۆر وشکە و بۆ دەنگ خراپە، بەڵام ئیستانبوڵ بەهۆی هەوای شێداری زۆر سوودی بۆ دەنگ هەیە، وەکو کرێمە بۆ گەروو.

**ڕووداو: پڕۆژە و بەرنامەی نوێت لە کوردستان چییە؟**
**دیلانار:** ئێستا کار بۆ دوو بەرهەم دەکەم، یەکێکیان جارێ ئاشکرا ناکەم، بەڵام گۆرانییەکی سۆرانیشم لەبەردەستە کە دوای یەک مانگی دیکە تەواو دەبێت و بڵاوی دەکەمەوە. بۆ یەکەمجار بە شێوەزاری سۆرانی گۆرانی دەڵێم، ئەم گۆرانییەش بە ڕیتمێکی شادە، دەمەوێت دڵی خەڵکی خۆش بکەم.

**ڕووداو: لەبەرنامەتدا نییە ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکەیتەوە؟**
**دیلانار:** ئێستا لە بەرنامەمدا نییە، چونکە تاوەکو کۆپی ڕایت لە کوردستان جێبەجێ نەکرێت ئامادە نیم ئەلبووم بخەمە بازاڕەوە بە ئارەزووی خۆیان کۆپی بکەن و بیفرۆشنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخەکە لە کوردستان گونجاو نییە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبووم.

**ڕووداو: لە هونەرمەندە گەنجەکانی کورد حەز لە دەنگی کامە هونەرمەند دەکەی؟**
**دیلانار:** گوێ لەهەموویان دەگرم، بەڵام زۆر شەیدای دەنگی ئاشڤان فەرەجم. گۆرانییەکانی زۆر خۆش و بە چێژن، لە هونەرمەندە سۆرانییەکانیش زۆر زۆر حەز لە دەنگی ئەیوب عەلی و چۆپی فەتاح دەکەم لای من ئەوان زۆر تایبەتن.

**ڕووداو: بۆچی هونەرمەندی کچ زۆر بەکەمی دەبینرێن لە مەیدانی هونەری؟**
**دیلانار:** کچی دەنگخۆشمان زۆرن، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بە چاوێکی خراپ سەیری هونەر و هونەرمەندان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش بە حەق دەزانم، چونکە بەشێک لە گۆرانیبێژان هونەریان سووک کردووە و کاری زۆر خراپ بەناوی هونەرەوە دەکەن، بۆیە لەبەر چاوی کۆمەڵگای کوردی هونەریان ناشیرین کردووە.

**ڕووداو: شووت نەکردووە؟**
**دیلانار:** نەخێر، هێشتا زووە بۆ من، پێموایە شووکردن هێندە ئاسان نییە، کاتێک تەمەنم بووە 30 یان 35 ئەو کاتە پێمباشە شوو بکەم، هەرچەندە باوەڕیشم بە قسمەت هەیە، بەڕاستی ترسم لە شووکردن هەیە، چونکە خەڵکی باش و دڵسۆز کەم بووە.

**ڕووداو: مەرجی تۆ بۆ شووکردن چییە؟**
**دیلانار:** یەکەم شت دەبێت ئەو کوڕە زۆر حەز لە ماڵباتی خۆی بکات، ڕێزی بۆ باوک و دایک و خوشک و برای خۆی هەبێت، چونکە بەبۆچوونی من ئەگەر کوڕەکە حەز لە ماڵباتی خۆی کرد، ئیدی حەز لە منیش دەکات.

**ڕووداو: ئامادەی ئەگەر کوڕێکت خۆشویست داوای خۆشەویستی لێ بکەی؟**
**دیلانار:** بەڵێ ئامادەم، بەڵام بە مەرجێک ئەگەر بزانم کوڕەکە شایانی ئەو خۆشەویستیەی منە، بۆیە لای من زۆر ئاساییە و هیچ شەرمی تێیدا نییە کچ بە کوڕ بڵێت تۆم خۆشدەوێت و داوای خۆشەویستی لێ بکات.

**ڕووداو: ئێستا تاتۆ شتێکی باوە لە نێو ئەستێرەکان، تۆ حەزی لێدەکەی؟**
**دیلانار:** پێشتر حەزم لێبوو، بۆیە تاتۆ لەسەر دەستم هەیە، بەڵام ئێستا پەشیمانم و حەزی پێ ناکەم، بەڕای من تاتۆ بۆ خانمان جوان نییە.



### ئەلیف گونەی، کچی سینەماکاری کۆچکردووی کورد یەڵماز گونەی بۆ (ڕووداو):

# فەرەنسا خێزانی ئێمەی پاراست

## لە زیندانیش لەبەر میوان دەرفەتی بینینی باوکمان نەبوو



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – دهۆک**

ئەلیف شانازی بەوە دەکات کە پاشناوی گونەی هەڵگرتووە، ئەو کچی پیاوێکی کوردە کە براوەی یەکێک لە خەڵاتە بەناوبانگەکانی بواری سینەمایە. ئەلیف گونەی، تەمەن 51 ساڵ، کچی یڵماز گونەیە. ئەلیف منداڵ بوو کە لەگەڵ باوکی ڕوویان لە پاریس کرد، ئێستاش هەر لەو شارە دەژی. ئەو تەنیا سێ ساڵ لەگەڵ باوکی ژیاوە، بەڵام دەڵێت بیرەوەریی زۆری هەن لەگەڵی. ئەلیف دەڵێت: "قورسە کچی قارەمانێکی گەورە بیت، لە هەمان کاتیشدا شەرەفێکی گەورەیە". ئەلیف میوانی فێستیڤاڵی سینەمایی دهۆک بوو، (ڕووداو) لە کاتی فێستیڤاڵەکە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ساز کرد.

**ڕووداو: یەڵماز گونەی باوکێکی چۆن بوو بۆ منداڵەکانی؟ هیچ بیرەوەرییەکت لەگەڵی هەیە؟**
**ئەلیف گونەی:** باوکێکی زۆر باش بوو، لە هەمانکاتیشدا باوکێکی توند بوو، ئێمەی لە ئاست زانیاری و بەرپرسیارێتی سیاسی گەورە کرد، ئێمە کاتێکی زۆر کەممان پێکەوە بەسەر برد، چونکە ئەو پێشتر لە زینداندا بوو، تەنیا ماوەی سێ ساڵ پێکەوە ژیاین، بیرەوەریی خۆشمان لەگەڵیدا هەیە و باوکم هەمیشە لەگەڵماندایە.

**ڕووداو: ئەو کاتەی یەڵماز گونەی لە زیندانابوو ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵیدا هەبوو؟**
**ئەلیف گونەی:** بەڵێ لە کاتی منداڵی و هەرزەکاریدا سەردانمان دەکرد، بەڵام ئێمە کاتی کەممان هەبوو کە سەردانمان دەکرد، چونکە خەڵکی زۆر سەردانی دەکرد، ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نەبوو بەیەکەوە قسە بکەین جگە لە سڵاوکردن.

**ڕووداو: قسەی زۆر لەبارەی دەستگیرکردنی یەڵماز گونەی دەکرێت. هۆکاری سەرەکی دەستگیرکردنی گونەی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی تورکیاوە چی بوو؟**
**ئەلیف گونەی:** باوکم چەند جارێک دەستگیر کرا، یەکەم جار بەهۆی نووسینی چیرۆکێک بوو لە تەمەنی 18 ساڵیدا، گوایە پڕوپاگەندە بۆ کۆمۆنیزم دەکات. لە ساڵی 1972 جارێکی دیکە خرایە زیندانەوە، بەتۆمەتی هاوکاریکردنی گرووپە شۆڕشخوازەکان. سێیەمین و دوایینجار لە 1974 خرایە زیندان، چونکە بە ڕێکەوت دادوەرێکی کوشت، ئەم ڕووداوە زۆر ئازاری دا، خرایە زیندانەوە. دوای تەواوبوونی کاتی زیندانیشی بەهۆی بۆچوونەکانی ئازاد نەکرا و سزای 100 ساڵ بەندکردنیان بەسەردا سەپاند بەهۆی بۆچوونە سیاسییەکانی.

**ڕووداو: دوای ئازادبوونی چوونە فەرەنسا، پێشوازی حکومەتی فەرەنسا چۆن بوو لە یەڵماز گونەی و خێزانەکەی؟**
**ئەلیف گونەی:** دەمەوێت شتێک بڵێم، ئەو کاتە تاکە وڵات کە مافی مانەوەی دا بە باوکم فەرەنسا بوو، ئێمە لە فەرەنسا زەحمەتیمان نەبینی، حکومەتی فەرەنسا زۆر هاوکاری ئێمە و باوکمیان کرد، لە بواری هونەری سینەماییشدا زۆر هاوکارییان کرد، فەرەنسا ئێمەی پاراست.

**ڕووداو: یەڵماز گونەی تاکە سینەماکاری کوردە کە خەڵاتی باشترین فیلم لە فێستیڤاڵی کان بەدەستبهێنێت، ئەو کاتەی خەڵاتەکەی بردەوە هەستی چۆن بوو، چی بە ئێوە گوت لەوبارەیەوە؟ ئێستا خەڵاتەکە لە کوێیە؟**

> تەنیا سێ ساڵ لەگەڵ باوکم ژیام

**ئەلیف گونەی:** بێگومان خەڵاتی کان ماوەتەوە، ماوەیەک لە وەقف نمایش کرا، ئێستاش لە شوێنێکی تایبەت نمایشکراوە، فێستیڤاڵی کان بۆ ئەو سەرکەوتنێکی گەورە بوو بەرامبەر هەموو ڕەنج و زەحمەتییەکانی. چونکە فیلمی "ڕێگا" تەحەدایەکی گەورە بوو، باوکم شانازی بە خەڵاتەکەوە دەکرد، لە هەمانکاتدا زۆر خەمبار بوو، چونکە لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بوو، ئەو وڵاتی زۆر خۆشدەویست و لە پێناویدا شەڕی دەکرد، لە یەک کاتدا ئەم دوو هەستەی هەبوو.

**ڕووداو: لە نێو بنەماڵەکەتاندا کەسێک هەیە لە بواری هونەری، میراتگری یەڵماز گونەی بێت؟**
**ئەلیف گونەی:** لە نێو خێزانەکەماندا کەس هەوڵێکی لەم شێوەیەی نەبووە، چونکە یەڵماز گونەی نموونەی نییە، ئەگەر یەکێک لە خێزانەکەمان چووبایە سەر ئەو ڕێچکەیە ئەوە بەرپرسیارێتی زۆر گەورەی دەبوو، بەردەوام کارەکانی لەگەڵ کارەکانی باوکم بەراورد دەکرا و نەیدەتوانی لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا بێت، بۆیە ئێمە هیچمان ئەم ڕێگەیەمان نەگرتە بەر. چونکە جێگرتنەوەی یەڵماز گونەی مەحاڵە، نەک ئەندامانی خێزانەکەی، تەنانەت لەسەر ئاستی تورکیاش کەس نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو.


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE®
١١٢١
100%


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLD



# گەنجان روو دەکەنە پشکنینی چەوریی خوێن

> پێویست ناکات بەر لە تەمەنی 45 ساڵی پشکنینی چەوریی خوێن بکرێ
>
> پزیشکێک

> بە رێکەوت پشکنینم کرد، کەچی بینیم چەوریی خوێنم گەیشتووەتە 500
>
> گەنجێک

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

شاڵاو، 28 ساڵ، سەرئێشەیەکی سادەی هەبوو، بەڵام کاتێ روویکردە تاقیگەیەک و "پشکنینی گشتی"ی بۆ کرا، هەواڵێکی ناخۆشی وەرگرتەوە، چونکە پێیانگوت کە چەوریی خوێنی زۆر بەرزە و گەیشتووەتە 500 . هەر لەو هەفتەیەدا گەنجێکی هاورێی پشکنینی کردووە و پێیانگوتووە چەورییەکەت گەیشتووەتە 600 .

لە زانستدا بەرزبوونەوەی چەوریبە زیانبەخشەکانی خوێن هەندێکجار بۆماوەییە و لە جینی هەندێک خێزاندا هەیە، هەندێکجاری دیکەش بەهۆی شێوازی نادروستانەی ژیانە. پزیشکەکان دەڵێن چەوریی خوێن بابەتێکی گرنگە، بەڵام مەرج نییە خەڵکی وەکو پێویست تێیگەیشتبن.

د.زانیار نووری عوسمان، پزیشکی پسپۆڕی هەناو و دڵ، دەڵێ ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان ئێستا روو لە نەخۆشخانە و کلینیکەکان دەکەن بۆ چارەسەری چەوریی خوێن، بێئەوەی زانیاریی پێویستیان لەبارەی ئەو چەورییانەوە هەبێ "هەموو کەسێک چەوریی خوێنی هەیە، بێ ئەو چەورییانە پرۆسە زیندەگییەکانی ناو جەستە بە باشی بەڕێوەناچن، بەڵام هەندێکجار لە رادەی ئاسایی بەرزتر دەبنەوە و لەوبارەدا دوور نییە رێگە خۆشبکەن بۆ چەندین نەخۆشی".

وەک پسپۆڕەکەی هەناو و دڵ باسی دەکات، هەرکەسێک گومانی هەیە کە مەترسی چەوریی خوێنی لەسەر بێ، یان دەیەوێ دڵنیابێ کە لە مەترسیدا نییە، با سەرەتا پشکنینی خوێن بکات "بەگشتی پێویست نییە بەر لە تەمەنی 45 ساڵی پشکنینی چەوریی خوێن بکرێ، جگە لە هەندێک حاڵەت کە پزیشک بڕیار دەدات، وەکوو بۆماوەیی و خێزانی لەسەر دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و نەخۆشییەکانی دیکە کە رێگە خۆشدەکەن".

پزیشکێکی دیکەش هۆشداری دەداتە گەنجان کە خۆبەخۆ پەنا بۆ دەرمان نەبەن و سەرەتا بیر لە گۆڕینی شێوازی ژیانیان بکەنەوە.

د.سەربەست فەخرەدین، پسپۆڕی هەناو، بە (رووداو)ی گوت: "گەنج هەیە چەوریی زۆر بەرز بووە، پاش دوو مانگ لە وەرزش و رێکخستنی خۆراک هاتووەتەوە بۆلام و چەورییەکەی ئاسایی بووەتەوە، بێئەوەی هیچ دەرمانێک بەکاربهێنێ".

وەکو دکتۆر سەربەست دەڵێت، گەنجێکی تەندروست کە شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنی نەبێ، لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی چەوریدا تەنیا رێنمایی دەکرێ شێوازی ژیانی باش بکات "سەرەتا پێیدەڵێین دوو هەفتە رێجیم بکە، بەر لە پشکنینەکە 12 کاژێر هیچ مەخۆ و مەخۆرەوە جگە لە ئاو، پشکنینەکە دووبارە بکەوە، ئەگەر لەوبارەدا ئاسایی بوو، ئەوە مەترسی نییە و چارەسەری ناوێ".

پسپۆڕەکە رێنمایی ئەو گەنجانە دەکات کە چەوریی خوێنیان هەیە و دەڵێ: "کەسی گەنج و تەندروست کە تەنیا چەورییەکەی بەرز بێ، با سەرەتا وەرزش بکات، کێشی رێکبخات، شەکر و چەوری کەم بخوات، بادام و فستق زۆرتر بخوات، واز لە جگەرە و کحول بهێنێ، دوور نییە لە ماوەی چەند مانگێکدا تەنیا بەم رێوشوێنانە چەورییەکەی 200- 300 ملگم/ دسل دابەزێ".

نوێترین توێژینەوە کە وەزارەتی تەندروستیی ئەمریکا پشتی پێ بەستووە، دەڵێ لە کەسانی ئاساییدا پێویست نییە لە خوار تەمەنی 40 ساڵییەوە پشکنینی چەوریی خوێن بکرێ، مەگەر پزیشک بڕیار بدات.

دکتۆر زانیار دەڵێت "زانینی مەترسیی چەوری هەر پەیوەندی بەو ژمارەیە نییە کە لەسەر کاغەزی پشکنینەکەیە، بەڵکو دەبێ بە وردی بزانین کەسەکە بە برسییەتی پشکنینەکەی کردووە یان نا، ئایا هیچ نەخۆشییەکی درێژخایەنی نییە، جگەرە دەکێشێ، نەریتی خواردنی چۆنە، ئاستی چالاکیی جەستەیی، ئایا لە خێزانەکەیاندا هیچ کەسێک تووشی شەکرە و بەرزەپەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ بووە و چەندین زانیاریی دیکە".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێ تەنیا یەک جۆر پشکنین و یەک جۆر چەوریی خوێن ناتوانن بڕیار بدەن کە کەسەکە لە مەترسیدایە یان نا "پێنج جۆر چەوریی هەن و هەریەکەیان گرنگیی خۆی هەیە، کەچی لای ئێمە 80%ی خەڵکی لە خۆیانەوە دوو جۆر پشکنینی چەوری دەکەن و داوای رێنماییمان لێدەکەن".

پزیشکەکە لە ئەزموونی خۆیەوە هەروەها دەڵێ "هەیە رۆژانە دوو پاکەت جگەرە دەکێشێ و خەمی نییە، کەچی خەمی ئەوەیەتی چەورییەکەی بەرزە، لە کاتێکدا جگەرەکە زۆر مەترسیدارترە و تەنانەت هۆکارێکی بەرزبوونەوەی چەوریی جگەرە".

## خانمێکی پەنجا ساڵ و رێنمایی پزیشک

د.ئازاد مەنتک، پزیشکی هەناو و دڵ لە هەولێر، لەسەر هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەمشێوەیە چەوریی خوێن و سوود و زیانی دەرمانە دژە چەورییەکانی روونکردووەتەوە بە پشتبەستن بە رووداوێکی راستی:

لە مەڵبەندی تەندروستیی مەلافەندی نەخۆشێکی ژنی تەمەن 50 ساڵ هات کە پشکنینی چەوریی کردبوو، یەکسەر دەرمانیان بۆ نووسیبوو، بەڵام دەرمانەکە کاریگەریی لاوەکی لەسەر جەستەی پەیداکردبوو. بۆیە

1- هەرگیز پزیشک بە یەک پشکنینی چەوری نەخۆش ناخاتە سەر دەرمانی چەوری، مەگەر نەخۆشەکە نەخۆشیی دیکەی وەکو شەکرە یان جەڵتەی دڵ یان جەڵتەی قاچی هەبێت. ئەگەرنا پزیشک بە نەخۆشەکە دەڵێت: برۆ دوو هەفتە پارێز بکە و دوای ئەو دوو هەفتەیە پشکنین بکە، بەڵام 12 کاژێر بەر لە پشکنینەکە هیچ مەخۆ و مەخۆرەوە، دوای پشکنینەکە پزیشک بڕیار دەدات دەرمان بەکاربهێنی یان نا.

2- چەوری بە تەنیا بەس نییە بۆ تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و نەخۆشیی دڵ! بەڵکو کۆمەڵە هۆکارێک پێکەوە هەن.

3- بۆ ئافرەتان ئەوانەی سووڕی مانگانەیان ماوە، یان ئەوانەی نزیک بوونەتەوە لە تەمەنی نائومێدی، تەنیا پزیشکی پسپۆڕی دڵ دەتوانێ چارەسەریان بۆ بنووسێ.

4- دەرمانەکانی چەوری کاردانەوەی لاوەکی زۆریان هەیە، وەک:

ا- کۆئەندامی هەرس: هێڵنج و بەدهەرسی، سەرئێشان و داوەشان و گیان ئێشان.

ب- هەوکردنی جگەر

ج- ئەگەری تووشبوون بە شەکرە زیاد دەکات.

د- هەوکردنی ماسوولکە: بەتایبەت لە نێو بەساڵاچووان و ئافرەتان.

ە- بەردی زراو دروست دەکات.

و- پشتئێشان، هەڵامەت، بەردەوام هەستکردن بە کزانەوەی گەروو.

ز- هەندێک دەرمانی چەوری، جۆرێکی دیکەی چەوری زیاد دەکەن.

# چۆن قۆناغی پێش شەکرە تێدەپەڕێنی؟

**رووداو- مایۆکلینیک**

قۆناغی پێش شەکرە (پری دایابیتس) واتە ئاستی شەکری خوێنت لە ئاسایی زیاترە، بەڵام هێندەش بەرز نییە بچێتە خانەی نەخۆشیی شەکرەوە.

ئەوانەی دەگەنە ئەم قۆناغە، ئەگەر شێوازی ژیانیان نەگۆڕن، ئەوە ئەگەری زۆرە تووشی شەکرە ببن. هەندێک توێژینەوە دەڵێن هەر لەم قۆناغەدا و بەرلەوەی شەکرەش دەستپێبکات، مەترسیی لەسەر دڵ و بۆڕییەکانی خوێن دروست دەبن.

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە، ئەگەر واز لە شێوازە نادروستەکانی ژیان بهێنی و رووبکەیتە شێوازێکی تەندروستانە، ئەوە لە قۆناغی پێش شەکرەوە دەگەڕێیتەوە بۆ قۆناغی ئاسایی!

### نیشانەکانی

بە گشتی نیشانەیەکی ئەوتۆی نییە. هەندێک کەس لەم قۆناغەدا تووشی بۆربوونی پێستی هەندێک ناوچەی جەستە دەبن، لەوانە: مل، بنباڵ، ئەنیشک، ئەژنۆ و پێستی داپۆشەری ئەو بەرزاییانەی دەکەونە بنی پەنجەکان.

ئەگەر هەندێک نیشانە هەبوون، ئەوە نیشانەی رۆیشتنە بۆ قۆناغی شەکرە، لەوانە: تینوێتی، زۆر میزکردن، لەشداهێزران و لێڵبوونی بینایی.

### هۆکارەکان

بۆماوەیی، قەڵەویی ورگ و نەجووڵان لە هۆکارەکانی رۆیشتنن لە قۆناغی ئاساییەوە بۆ قۆناغی پێش شەکرە. بەڵام لە هەندێک کەسدا هیچ هۆکارێکی روون نابینرێ.

ئەوانەی دەگەنە قۆناغی پێش شەکرە، مانای وایە جەستەیان توانای نییە وەکوو جاران شەکر بسووتێنێ، بۆیە شەکرەکە لە خوێنیاندا کەڵەکە دەبێ.

### چیرۆکی شەکر لە جەستەدا

زۆربەی شەکری جەستە لە خۆراکەوە پەیدا دەبێ. کاتێک خواردن یان خواردنەوەیەک دەخۆی، ئەو شەکرەی تێیدایە لە ریخۆڵەوە هەڵدەمژرێ و دەگاتە خوێن.

بۆ ئەوەی شەکری نێو خوێن بگاتە خانەکانی جەستە، دەبێ رژێنی پەنکریاس هۆرمۆنی ئینسۆلین دەربدات. هەرکات خواردن دەخۆین، ئینسۆلین دەردەدرێ بۆ جووڵاندنی شەکری خوێن بۆ نێو خانەکان و گۆڕینی بۆ وزە. کە برسیش دەبین و شەکری خوێن کەم دەکات، ئینسۆلین دەرنادرێ.

ئەوانەی دەگەنە قۆناغی پێش شەکرە، ئینسۆلینیان کەمە، یان خانەکانی جەستە گوێ بە فەرمانەکانی ئینسۆلین نادەن و شەکری خوێن وەرناگرن. بۆیە شەکر لە خوێنیاندا کەڵەکە دەبێ. هەندێک کەس هەم ئینسۆلینیان کەمە و هەم خانەکانیشیان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئینسۆلین نین.

### کێ تووش دەبێ؟

**1 ئەوانەی کێشیان زۆرە:**

تاوەکوو چەوریی لە دەوری ماسولکە و پێستت زیاد بکات، خانەکانی جەستەت زۆرتر بێ گوێ دەبن بەرامبەر فەرمانەکانی ئینسۆلین.



**2 ئەوانەی کەمەریان گەورەیە:**

ئەو خانمانەی کەمەریان لە 89 سانتیمەتر فراوانترە و ئەو پیاوانەی کەمەریان لە 101 سانتیمەتر فراوانترە، ئەگەری تووشبوونیان زیاترە.



**3 خۆراکی نادروست:**

ئەوانەی شیرینی دەستکرد، خواردنی لەقوتوونراو، گۆشتی سوور و خواردنە پڕ وزەکانی دیکە دەخۆن زۆرتر تووش دەبن. کەچی ئەوانەی میوە، سەوزە، چەرەس، دانەوێڵە و رۆنی زەیتوون دەخۆن کەمتر تووش دەبن.



**4 نەجولاّن:**

تاوەکوو جموجووڵت زۆرتر بێ، شەکری زیادە زۆرتر دەسووتێنێ و خانەکان گوێڕایەڵ دەکەی بۆ کاری ئینسۆلین.



**5 خێزان:**

ئەگەر دایک و باوک و خوشک و براکانت ئەم حاڵەتەیان هەبێ، ئەگەری زۆرترە تۆش تووش ببی.



**6 تەمەن:**

لە هەموو تەمەنێکدا ئەگەری تووشبوون هەیە، بەڵام لەپاش تەمەنی 45 ساڵی بڵاوترە. رەنگە هۆکار ئەوەبێ دوای ئەو تەمەنە ئیدی خەڵکی کەم دەجولێن، ماسولکەکانیان دەپووکێنەوە و قەڵەو دەبن.



**7 وردەکیسی هێلکەدان:**

جگە لە بەرزبوونەوەی شەکری خوێن، چەند نیشانەیەکی دیکەی هەن، لەوانە: تێکچوونی سووڕی مانگانە، زیپکە، مووی زیادە و قەڵەوبوون.



**8 خەوی نارێک:**

ئەوانەی شەو بێدارن و رۆژ دەنوون و ئەوانەی پرخەی خەو زوو زوو هەناسەیان دەوەستێنێ و لە خەویان دەکات، زۆرتر تووشی ئەم حاڵەتە دەبن.



### ئاڵۆزکارییەکان

دیارترینیان رۆیشتنە بەرەو قۆناغی شەکرە، بەڵام توێژینەوەکان دەڵێن هەر لە قۆناغی پێش شەکرەدا ئەگەری تووشبوونت زیاترە بە جەڵتەی دڵ و سستبوونی گورچیلەکان.

### چۆن بزانم ئەم حاڵەتەم هەیە؟

ئەم پشکنینانە دەریدەخەن:

**1 شەکری هەڵگیراو (هیمۆگلۆبینی شەکراوی):** لە کەسانی ئاسایی 5.7% هیمۆگلۆبینەکان ئاساییە، لە تووشبووانی شەکرەدا رێژەکەی 6.5% زیاترە. هەر خوێندنەوەیەک لە نێوان ئەو دووانەدا، دەریدەخات تۆ لە قۆناغی پێش شەکرەدای. ئەم پشکنینە رادەی کۆنترۆڵی شەکر لە ماوەی سێ مانگدا دەردەخات.

**2 پشکنینی شەکرە بە برسێتی:** ئەگەر هەشت کاژێر جگە لە ئاو هیچ شتێک نەخۆی دەبێ شەکرەت لە 100 ملگم/ دسل زیاتر نەبێ. ئەگەر 126 زیاتر بوو ئەوە شەکرەت هەیە. هەر برێک لەنێوان 100 و 126 دا واتای ئەوەیە لە قۆناغی پێش شەکرەدای.

**3 پشکنینی پاش خواردنی شەکر:** دوو کاژێر پاش خواردنێکی شیرین پشکنینت بۆ دەکرێ. ئەگەر ئاستی شەکری خوێنت 140 و کەمتر بوو، ئەوە ئاساییە، ئەگەر 200 و زیاتر بوو ئەوە شەکرەت هەیە. خۆ ئەگەر لەنێوان 141- 199 دا بوو، ئەوە لە قۆناغی پێش شەکرەدای.

### چارەسەر:

گرتنەبەری ژیانێکی تەندروستانە رێگە لەوە دەگرێ بگەیتە قۆناغی شەکرە، تەنانەت ئەگەری هەیە بە تەواوی ئاساییت بکاتەوە.

**هەنگاوەکانی رۆیشتن بەرەو ژیانی تەندروستانە بریتین لە:**

1 **خۆراکی تەندروست:** با ژەمەکانت چەوری و شیرینییان کەم بێ و بە ریشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەند بن. سەرنجت لەسەر سەوزە، میوە، دانەوێڵە، پاقلەمەنی و چەرەسەکان بێ.

2 **وەرزش بکە:** لە هەفتەیەکدا پێنج رۆژ وەرزش بکە، هەر رۆژێک 30 — 60 خولەکی بۆ دابنێ.

3 **کێشت دابەزێنە:** دابەزاندنی تەنیا 5- 10%ی کێشی جەستەت، ئەگەری تووشبوونت بە شەکرە کەمدەکاتەوە. با پلانی دابەزاندنی کێشت لەسەرخۆ و هەمیشەیی بێ، نەک پلانێکی پەلەپرووزە دابنێێ و هەر زوو واز بهێنی.

4 **واز لە جگەرەکێشان بهێنە.**

5 **دەرمان:** ئەگەر مەترسییەکی زۆرت لەسەربێ بۆ تووشبوون بە شەکرە بەپێی لێکدانەوەکانی پزیشکەکەت، ئەوە دوور نییە دەرمانی (مێتفۆرمین)ت بۆ بنووسرێ.هەندێکجار دەرمانی دژەچەوری و دابەزێنەری گوشاری خوێنیشت بۆ دەنووسێ.



## باوکێک و دوو کوڕی کوژران

**ڕووداو- هەولێر**

لە شارۆچکەی دارەتوو لە هەولێر باوکێک و دوو کوڕی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژران، پۆلیسی هەولێریش دەڵێت "کێشەکە لەنێوان دوو بنەماڵەدا بووە و تۆمەتباران دەستگیرکراون". هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "کاژێر 7:30 خولەکی ئێوارەی ڕۆژی 28-9-2017، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو بنەماڵە باوکێک و دوو کوڕی دەکوژران و شەش کەسی دیکەش برینداربوون". پۆلیسی هەولێر پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بەگوتەی هۆگر عەزیز، "تۆمەتبارەکان دەستگیرکراون و لە چۆنیەتی هۆکاری ڕووداوەکە دەکۆڵینەوە".

# کوڕەکەی خۆی بە کلکە خاکەناس دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاوارەیەکی عەرەبی خەڵکی حەویجە کە نیشتەجێی هەولێرە، کوڕەکەی بە زنجیر دەبەستێتەوە و تا مردن ئەشکەنجەی دەدات. دوای ڕووداوەکە، پۆلیس باوک و برایەکی قوربانییەکەی دەستگیر کرد. برایەکی ئەو گەنجە کوژراوە دەڵێت براکەی تێکەڵی باندەکانی لەشفرۆشی بووە، باوکیشی ویستوویەتی تەمبێی بکات، بەڵام لە کاتی ئەشکەنجەدا تووشی خوێنبەربوون بووە و مردووە.

نیزال تاڵب، 25 ساڵ، ماوەی نۆ ساڵ بوو لەگەڵ خێزانەکەی لە هەولێر دەژیان. لەگەڵ باوکی و براکانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوییان دەکرد. نیزال چوار برا و سێ خوشکی هەبوو، بەگوتەی عەلیی برای، نیزال گەنجێکی "سەرەڕۆ" بووە، زۆر هەوڵیان لەگەڵی داوە کە هەڵە نەکات، بەڵام گوێی لە کەس نەگرتووە.

### بە مانگ نەدەگەڕایەوە ماڵەوە

عەلی تاڵب کە برای قوربانییەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "باوکم زۆر ئامۆژگاریی براکەمی دەکرد، بەڵام بێسوود بوو، شەو نەبوو کەسێک نەیەت و لە دەرگامان نەدات، یان داوای قەرز نەکات، هەندێکجار براکەم بە مانگ نەدەهاتەوە ماڵەوە، ڕۆژانە لە کافتریاکان بوو، شەوانیش لەلای هاوڕێکانی".

عەلی دەڵێت چەند کەسێک بە باوکیان گوتووە کە کوڕەکەی تێکەڵ بە باندەکانی لەشفرۆشی بووە و ئافرەتی لەشفرۆش بۆ کافتریا و هۆتێلەکان دەهێنێ. ئەمەش باوکی تووڕە کردووە.

عەلی گوتی "باوکم کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو، زۆر تووڕە بوو، چاوەڕێی هاتنەوەی نیزالی برامی دەکرد، ڕۆژی 2017/9/9 کاتێک دایکم لەگەڵ خوشکەکانم لە میوانداری بوون و باوکم بەتەنیا لە ماڵەوە بوو، نیوەڕۆ نیزال دەگەڕێتەوە ماڵەوە، باوکم بە زنجیر دەست و قاچی دەبەستێتەوە و بە کلکە خاکەناس و سۆندە لێیدەدات هەتا بێهۆش دەبێت. دوای ئەوە شەو و ڕۆژێک بەبێ نان و ئاو و بە بەستراوەیی دەیهێڵێتەوە".

### تەرمەکەی لەناو هەولێر فڕێدەدرێت

موشتاق تاڵب، یەکێکی دیکەیە لە براکانی نیزال و ئێستا لەسەر ئەو ڕووداوە لە زیندانە، ئەو شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە ئەو ڕۆژە لە دەرەوە بووە، بەڵام کاتێک ئێوارە گەڕاوەتەوە، بە چاوی خۆی بینیویەتی براکەی بە زنجیر بەستراوەتەوە، کاتێک دەستی لە لاملی داوە، زانیویەتی گیانی دەرچووە، ویستوویەتی دەست بە گریان و هاوار بکات، بەڵام زانیویەتی باوکی تەنیا مەبەستی ترساندنی بووە نەک ئەوەی بیکوژێت، بۆیە بێدەنگ بووە و لەگەڵ باوکی تەرمی نیزالیان بردووەتە نزیک نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر و لەوێ فڕێیانداوە و گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

موشتاق لە دانپێدانانی بۆ پۆلیسی هەولێر گوتبووی کە دواتر گەڕاونەتەوە هەمان شوێن، بەڵام دەستگیر کراون "دوای فڕێدانی تەرمی نیزالی برام و گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە، باوکم گوتی دەچین تەرمەکە هەڵدەگرینەوە و لە شوێنێک دەینێژین، بۆ ئەوەی کەس بە تاوانەکە نەزانێت، بەڵام لە کاتی چوونەوەمان بۆ شوێنەکە، پۆلیس گومانی لێکردین و دەستگیری کردین، ئێستاش لەگەڵ باوکم بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی لە زیندانین".

لەبارەی ئەو ڕووداوەوە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2017/9/9 تەرمی گەنجێک بەناوی (نیزال تاڵب) لە نزیک نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی هەولێرەوە دۆزرایەوە، دوای چەند کاژێرێک کەسی تاوانبار کە باوکی خۆی بووە، لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی کە هاوکاری بووە لە فڕێدانی تەرمەکە، دەستگیرکرا".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی "بەگوتەی باوکی نیزال، کوڕەکەی گەنجێکی سەرەڕۆ و لادەر بووە، بۆیە تووڕە بووە و ئەشکەنجەی داوە، بەشێوەیەک کە بەستوویەتییەوە و بە خاکەناس و سۆندە لێیداوە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی داد، گەنجەکە ئەشکەنجە دراوە و بەهۆی خوێنبەربوونی ناوەکی گیانی دەرچووە".



# عوسمان ئاغا بە دیارییەکەی شۆڕش، خۆی کوشت



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

ماڵەکەی عوسمان ئاغا زیاتر لە سێ چەکی تێدابوو کە یەکێکیان دەمانچەکەی خۆی بوو، نیوەڕۆیەک خێزانەکەی عوسمان بە دەنگی گوللەیەک ڕاچڵەکین، کاتێک بەرەو ژووری میوان چوون، دەبینن عوسمان ئاغا شەلاڵی خوێن بووە. ئەوان دەڵێن لە کاتی پاککردنەوەی دەمانچەدا گوللەی بەرکەوتووە. پزیشکیش دەڵێت پشکنینەکان وای دەردەخەن کە خۆی کوشتبێ.

ئەو ڕووداوە نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/9/23 لە گەڕەکی هەنارۆک لە سەنتەری شارۆچکەی قەڵادزێ ڕوویدا، پیاوێکی تەمەن 65 ساڵ بە ناوی (عوسمان.ح.ح) کە لە ناوچەکەی خۆیان بە عوسمان ئاغا ناسرابوو، بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی هات. کەسوکارەکەی زوو گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەڵام ئەو هەر دەستبەجێ گیانی دەرچووبوو.

هێدی عوسمان، کوڕی عوسمان ئاغا باسی خێزانەکەی کرد و گوتی دوو برای پێشمەرگەن، بۆیە بەردەوام زیاتر لە چەکێک لە ماڵەکەیاندا هەیە، هەر ئەو چەکانەش بوونە هۆی مردنی باوکی.

هێدی گوتی "هەرچەندە ئێمە وەکو بنەماڵەکەمان کێشەمان لەگەڵ کەس نییە، بەڵام بە حوکمی کارەکەمان کە پێشمەرگەین، چەند چەکێک لە ماڵەکەماندا هەیە، زۆرجار لە کاتی پشوودا یان لە کاتی دەستبەتاڵیدا خەریکی پاککردنەوەیان دەبین".

ئەو دەڵێت پێشتریش برایەکی لەکاتی پاککردنەوەی چەکەکەیدا چەند گوللەیەکی لەدەست دەرچووە و بەر دیوار کەوتوون".

هێدی گوتی "باوکم چەکی خۆی هەبوو، دەمانچەکەی دیاریی شۆڕش بوو، ئەو ڕۆژە نیوەڕۆ نانی خوارد و ویستی لە ژووری میوان پشوو بدات، ئێمەش هەموومان لەماڵەوە بووین و هەر یەکەمان بەکارێکەوە خەریک بووین، بێئاگابووین لەوەی کە باوکم چی دەکات، ئەو زۆرجار کە دەخەوت دەمانچەکەی دەخستە ژێر سەری، ئەوکاتەش ویستبووی دەمانچەکەی پاک بکاتەوە، بەڵام دیارە دەستی بەر پەلاپیتکەی دەمانچەکە کەوتووە و گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو".

هێدی ڕووداوەکە بە ڕێکەوت دەزانێ و دەڵێت دوای ڕووداوەکە پۆلیس هێڵکاری بۆ شوێنەکە کردووە و ئیفادەی لەوان وەرگرتووە.

بەڵام بەرپرسانی نەخۆشخانەی قەڵادزێ دەڵێن "ئەو پیاوە خۆی کوشتووە".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو توێکاری و پشکنینەی بۆ تەرمەکە کراوە، دەرکەوتووە ئەو کەسە خۆی کوشتووە، گوللەکە لەلای ڕاستی سەری چووەتە ژوورێ و دەرنەچووە".

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕانیەش بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر دوای ڕووداوەکە تیمەکانی پۆلیسی بەڵگە و تاوان گەیشتنە ئەوێ و دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوت کە گوللەیەک بەر سەری کەوتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ پۆلیس ڕوون نییە ئەو کەسە بە ئەنقەست خۆی کوشتووە، یان بە هەڵە گوللەی لەدەست دەرچووە، چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەین. پۆلیس تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە هیچ کەسێک دەستی لە ڕووداوەکەدا نییە، واتە تاوانکاری نییە".

# گوللە هاوەنێک ماسیگرێکی کوشت


هونەر ئیبراهیم ئەو کاتانەی دەستی بەتاڵ دەبوو، سەرقاڵی ڕاوەماسی دەبوو

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

وەستا هونەر سەرقاڵی بەتاڵکردنی بارووتی نێو گوللە هاوەنێک بوو بۆ ئەوەی بەو بارووتە کەرەستەی تەقاندنەوە دروست بکات و ماسی پێ ڕاو بکات، بەڵام گوللە هاوەنەکەی پێدا تەقییەوە و کوشتی.

هونەر ئیبراهیم کە بەهۆی پیشەکەی (کاشیچی) لەنێو خەڵک بە وەستا هونەر ناسرابوو، ڕۆژی 2017/9/24 لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی مام قاسمی شارۆچکەی قەڵادزێ، گوللەیەکی هاوەنی پێدا تەقییەوە و دەستبەجێش گیانی دەرچوو.

کەسوکارەکەی دەڵێن ئەو کاتانەی دەستی بەتاڵ دەبوو، سەرقاڵی ڕاوەماسی دەبوو لە زێی بچووک، بۆ ئەمەش سوودی لە بارووتی گوللەی کۆن وەردەگرت و تەقەمەنیی پێ دروست دەکرد.

عومەر ڕەسوڵ، مامی هونەر کە لە پرسەی برازاکەیدا باسی ژیانی وەستا هونەری دەکرد، گوتی "هونەر دوو ساڵ بوو هاوسەرگیریی کردبوو، منداڵێکی هەبوو، ئێستاش هاوژینەکەی دووگیانە. باری ئابووریی زۆر باش نەبوو، لە خانووی کرێدا بوو، هەر جارە کارێکی دەکرد، کاشیچی بوو، دواتر بووە پێشمەرگە، دوایی بەقاڵ. ئەوکاتانەشی ئیشی نەبووایە خەریکی ڕاوەماسی دەبوو، بەڵام زۆرتر وەکوو حەز و ئارەزوو نەک وەکو پیشە و کاسبی".

عومەر باسی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئەو شەوە هونەر ویستوویەتی بارووتی نێو گوللە هاوەنێک بەتاڵ بکات و ماسی پێ ڕاوبکات، بەڵام گوللەکەی پێدا تەقیوەتەوە و کوشتوویەتی".

مامی هونەر دەڵێت ڕووداوەکە لە حەوشەی ماڵی خۆیان بووە و کەس لەوێ نەبووە، هونەر بە تەنیا خەریکی گوللە هاوەنەکە بووە، بۆیە کەسی تر بەرنەکەوتووە.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ گوتی "ئەو شەوە پێش کاژێر 10، تەرمی پیاوێکیان هێنا بۆ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، لای خۆمان لە بەشی پزیشکی دادوەری گشت ڕێکارێکی پزیشکیمان بۆ تەرمەکە کرد و دواتر دامانەوە کەسوکاری". عوسمان محەممەد گوتیشی "لەئەنجامی توێکاری بۆمان دەرکەوت کە تەقینەوەکە زۆر بەهێز بووە، بەو هۆیەوە هەردوو دەستی پەڕیبوون، دەموچاویشی بە جۆرێک شێوابوو نەدەناسرایەوە".

بەو پێیەی ڕووداوەکە تەقینەوەی گوللە هاوەن بووە، لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە بەدواداچوونی بۆ کراوە. مقەدەم محەممەد فازڵ، گوتەبێژی ئاسایشی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "هەر دوای ڕووداوەکە تیمەکانی ئاسایش گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 34 ساڵ لە ماڵەکەی خۆی دەستکاریی گوللە هاوەنێکی کردووە بۆ دەرهێنانی بارووت بۆ ڕاوە ماسی، بەڵام گوللە هاوەنەکەی پێدا تەقیوەتەوە".

محەممەد فازڵ گوتیشی بەدواداچوونی زیاتر بۆ ڕووداوەکە دەکەن و هەر کەسێک ئەو گوللە هاوەنەی پێ فرۆشتبێ دەستگیر دەکرێ، چونکە بەپێی یاسا کڕین و فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی قەدەغەیە، بەڵام ڕەنگە گوللە هاوەنەکە کۆنە تەقەمەنی بووبێ و لەسەر سنوورەکان دۆزرابێتەوە.

# یەک خولەکی تر دەوڵەتی کوردستانە



چۆلی فایەق

ئێستە سەرمایەکە، کوردەواری گوتەنی "تف هەڵدەیت دەیبەستێت" ئەم تێرمیناڵە هێندە چۆڵە، نەک مرۆڤ، من هیچ مێروولە و حەشەراتێکیشی لێ نابینم. شەوەزەنگە، کەشێکی تەماویی هەیە، دنیا کپ و ماتە. میلی بچووکی کاژێر لەسەر ژمارە سێ و درێژەکەیش لەسەر شەشە، یانی سێونیوی شەوە. قیچێکە ڕابوومە، دەمی دی بۆرڕابووم، سێ کورسی ژووری چاوەڕوانیی تەنیشت سکەم کردووەتە قەرەوێڵە، لەسەری شەکەت لێی ڕاکشاوم، ماڵی سەرما ئاوا نەبێ، خەوی زڕاندم. ئێروکانە بە ئێرە و بە هێندە بە کۆتا نایەت، بەڵکە دەبێت سێ کاژێری دیکەش چاوەڕێ بین، تا شەمەندەفەری مەبەست دێت و ئێمە دەگەیەنێت.

**ئەم پەرەگرافە، یاداشتی نێو Noteی هاندەکەی دەستمە، چیرۆکێکی لەدواوەیە، هەوڵدەدەم بە تەکنیکێک بە خوێنەرانی بگەیەنم.**

شەوی 25ی مانگ، من و سەرمەد لە شارۆچکەی (ڕیکلین- هاوزن)ی سەر بە (دوسلدۆرف) لە ئەڵمانیا میوانی فریادی هاوڕێم بووین. دوای تاوتوێکردنی پلانی گەڕان و سووڕانمان، وامان بڕیاردا بەیانی سبەینە زووەکەی بچین بۆ شاری کۆڵن، لەوێ لە پرۆسەی دەنگدانی ڕیفراندۆم بەشدار بین و دواتریش لەم شارەدا لێی وەسووڕێین. بەیانیی زوو خۆمان پێچایەوە، چووینە شوێنی پاس و بەسەرکەوتین، فریاد دەگەڵ دوو گەنجی کورد کەوتە چاکوچۆنی، پاشان ئێمەی بەیەکتر ناساند، ئیدی زانیم کە ئەوانە هۆشمەند و هۆشەنگن، ئەم جووتە برایە منداڵی خێزانێکی کەرکووکین، ئەمانیش لە ڕیکلن هاوزن دەژین و ئەمڕۆ هاوگەڕانمان دەبن.

25ی مانگمان لە کۆڵن بەڕێ کرد، دوای دەنگدانمان بە ئەلیکترۆنی، فریاد لەبەردەم کلێسای بەناوودەنگی (Dom)ی کۆڵن، جلکی ئافرەتانەی کوردیی پۆشی، مەبەستی گەیاندنی هێندێ پەیامی تایبەت بوو کە لای من گەیاندنی و پەیامی جوانیش بوون. لەوێ سەرنجی گەشتیارانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو.

ئێمە تکتێکی تایبەتمان بڕیبوو، تۆ لە هەشتی بەیانییەوە تا سێی شەو، بۆت هەبوو گشت ئەم موقاتەعەیە بکەیت، لەم ماوەیەدا بۆت هەبوو سەت جاریش سەرکەویە نێو قیتار. بەرەبەری ئێوارە، بڕیارمان دا لە کۆڵنەوە بچینە شاری نۆیس، لەوێ سەر لە کۆساری هاوڕێمان بدەین. چووینە ئەوێ، لە کافێ کەیان دانیشتین و بووە درەنگانی شەوێ و خۆمان لەبیر کرد. ئیدی بەخۆکەوتین و چووینە بانۆڤی شار. قیتار هات و سەرکەوتین بۆ دوسلدۆرف. لەنێو قیتار فریاد سەیری پلانی دەرچوونەکانی قیتاری کرد، گوتی کە دادەبەزین، شەش خولەکی تر قیتاری ئێمە دەگات، ئیدی لە دوسلدۆرف دابەزین.

من قاچم هەوی کردبوو، ئەستوور بووبوو، هەمووی پیڤکە و برین بوو، لەبەرئەوەی بەپێیان زۆر گەڕابووین و کاڵەکەی پێشم نوێ بوو، هێشتا ڕەق بوو و نەکرابووەوە. سەرمەد بەپێش کەوت و ڕۆی، منیش لە نێوەڕاستێ دەرۆیشتم، فریادیش لەپاش بوو. لەیەکتری زۆر دوور نەبووین، خۆی ئەندازەی نێوان قادرمەکانیش هێندە دوور نەبوو، بەڵام نێوانیشمان هەبوو، دەنگی من بە هیی فریادی دەگەیشت. سەرمەد غاری دا، خێرا بەسەر قادرمەکان کەوت. منیش لە فریادم پرسی: ڕابکەین؟ ئەو وەڵامی دایەوە "نەخێر، نایەوێ، هێشتە شەش خولەکی ماوە" ئیدی منیش لەخوام دەوێ، خۆم قاچم دێشێ، لەوە چێتر بەکاوەخۆ بڕۆم!... من و فریاد وێکڕا گەیشتینە سەرەوە، سەرمەدیش لەوێ چەقی بوو. هێندەمان زانی، ئەو قیتارەی وەستابوو، هەتا قاچمان گەییە کۆتا قادرمە، لە هێکڕا بۆی دەرچوو. سەرمەد ئۆفێکی کرد و بە لەپەدەستی ڕاستی شەقێکی لە کەمەری خۆی دا و هاواری کرد: "شایسە، ئەوە قیتارەکەی ئێمە بوو، لەبەر ئێوە منیش نەچووم، قیچێک زووتر بگەیشتبان" فریاد کە ئەوەی بیست، کوردەواری گوتەنی ئیمانی لە کەللە نەما. گوتم ها چ باسە فریاد، وەڵامی دامەوە: "تەفنیش دەبین، ئەوە کۆتا قیتاربوو دایرێکت بۆ ڕێکلن هاوزن بچێت، دوای ئەوە نامێنێت" ئێرە چونکە شارێکی بچووکی دەوڵەمەندنشینە، وەک شارە قەرەباڵغەکان، قیتار بەردەوام نییە.

ئیدی پلانی گەشتمان لێ تێکچوو، بینەوبەردە، ناچار بە قیتارێک سەرکەوتین تا شاری "ئیسن"ی بردین، لەوێ ئێمەی دابەزاند و ئیدی قیتار وەستا. کاژێر بووبووە سێی شەو، لەلایەک تکتەکەمان سووتاوە و وەختی خۆی بە کۆتا هێناوە، لەلایەکی دیش قیتار نەماوە. لەم بانۆڤە سارد و شەوەزەنگە، هەر ئەو سێ کەسە بووین، دەرگەی ژوورێکیان کرابووەوە، لەوێ لێی ڕاکشاین، وەلێ سەرما و لەرزین، وەخەبەری هێناین. سەرونەهێشێنم، تا کاژێری شەش، ئێمە لەوێ چاوەڕێی ئەوە بووین بانۆڤ ببێتەوە و قیتاری ئێمە بێت. وەڵحاسڵ، ئێمە نێزیک کاژێر هەشتی بەیانی، گەیینەوە شوێنی حەوانەوەی خۆمان لە ڕێکلن هاوزن. دوێنێ هەشتی بەیانی لە ماڵ دەرچووین، ئەمڕۆ هەشتی بەیانی گەیشتینەوە، ئەمەش لەنێوچەوانی لێتێکچوونی پلانی قیتار.

من لەوێ کە سێ کاژێر ساردی و شەکەتیم بەدەم چاوەڕوانیی قیتارەوە دیت، وەک گەنج و نووسەرێکی کورد، یەکسەر هەستێکم بۆ دروست بوو و هۆشم بۆ لای دۆزی کورد و دۆخی کوردستان ڕۆیی. قیتارەکەم بە دەوڵەتی کوردستان هاتە بەرچاو، خۆیشمان بە دیسکۆرس و ڕەوتە جیاوازەکانی لەمەڕ باسی خۆمانەوە، دەهاتە بەرچاو. سەرمەد نوێنەرایەتی ڕەوتی گەیین بە دەوڵەتی دەکرد، فریادیش نوێنەرایەتی دەنگی دژەدەوڵەتی و داوای دواخستنی دەکرد. منیش نوێنەرایەتیی ئەو دەنگە بووم کە لەخۆوە ئاوڕ لەوەی دواوەم دەدەمەوە. پێچەوانەی ڕێسای باو، لەباتی ئەوەی چاو لەوەی پێشم بکەم، ئاوڕی دواوە دەدەمەوە، بۆ ئەوەی بەدووی ئەوەی پشتەوەم بکەوم.

دەوڵەتی کوردستان (قیتار) وا هاتووە و بۆمان وەستاوە، سەرمەد ڕێبەرایەتیی دەکات و خۆی پێگەیاندووە، هاوار دەکات پەلە بکەن با پێی بگەین. فریاد لەسەرەخۆ دەڕوات و بەکاوەخۆ دەڵێت: "هێشتە کاتی نەهاتووە" منیش دەگەڵ ئەم "هێشتە کاتی نەهاتووە" دەکەوم. سەرمەد هاوار دەکات تەنیا خولەکێکی ماوە و خولەکی تر قیتار "دەوڵەتی کوردستان"ی مەیە، بەخۆکەون، کاتییەتی. ئێمەش بە کاتی نییە، قیتار "دەوڵەت"مان لەدەستەخۆمان دا. ئیدی ئەگەر عەقڵ میوانی مرۆڤ نەبێت، ئەوها لەسەر یەک خولەک، دەبێت وەک ئێمە سێ کاژێر زێتر، سەرما و شەکەتی و ئازار بچێژێت، لە ئەنجامیشدا، هەر سێ دەنگ و ڕەوت، باجی دواکەوتنەکە دەدات، بە سەرمەد "ڕێبەر"یشەوە.

من ئەوەم دەهاتە بەرچاو، قیتار وا گەییوە، ئەگەر خۆمان گەیاندبایێ، ڕزگارمان دەبوو، تووشی ئەو قوربەسەرییە نەدەبووین. مادام قیتار "دەوڵەت" گەیشت، ئیدی هەموو دەم کاتییەتی تۆ وەسەرکەویت. کە بڕیارت دا هێشتا کاتی نییە، ئەگەر وەک ئێمە بۆ خولەکێکیش دواکەوتیت، ئەوا سێ کاژێر، نا، سێ ساڵ، نا سێ سەتەی دیکەش بێت، کاتێ ئەم پێگەیشتنەت دواخست، چەشتنی ئەم ساردی و ئازار و شەکەتییە، چەسپاوە، ڕێژەی نەگۆڕە، بۆت دانراوە. ئێمە ئەو شەوی با یان شەوێکی دوای سێ ساڵی دیش بێ، کاتێ بۆ خولەکێکیش لە شەمەندەفەر خۆمان دوادەخەین، دیسان سێ کاژێری ئازار و شەکەتیی چاوەڕوانیی دەچێژین.

مەبەستمە بڵێم، ئێستا دەوڵەتی کوردستان گەیشتووە، بۆمان وەستاوە و ڕەوتێکیش هاواریەتی با خۆمانی بگەیەنێ. تۆ کە دەڵێی هێشتا کاتی نەهاتووە، ئێستە بێت یان لە ئایندە، ساڵێکی تر بێت یان سەتی دیکە، هەر دەبێت باجی چاوەڕوانی بدەیت و هیچ کامیشمان دەربازمان نابێت، ئازاری دواخستن هەموومان دەگرێتەوە، لە سەرمەدەوە تا فریاد، هەڵبەت بە منیشەوە. چاوت لەوە نەبێت هەڵوێستی عێراق و وەڵاتانی دیکەی دراوسێ بگۆڕدرێت. ئەم ململانێ و دەنگەشەیە، چەندە سیاسی و ئیکۆنۆمیانەیە، هێندەش فیکری و گرفتێکی وجوودیی نەتەوەییانەیە. ئاخر کورد کە خاوەنی گشت توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەوڵەت هێشتە بە میللەت هەژمار دەکرێت، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کیانی سەربەخۆ و بوونی دەوڵەت، ئیدی میللەتی کوردیش وەک ئەوانی تر بە نەتەوە حسێب دەکرێت. ئەمەیش وا بە ئاسانی بە ئەوان هەزم ناکرێت و خودشکۆیی نەتەوەیی، عەقڵانییەتی سیاسی و تۆلێرانسی فیکری دەوێت.

ئەم باسە پرسێکی نیشتمانییە، سەرکەوتن بەسەر ئەم قیتارە، هەموو ڕەوت و ئاراستەکان پێدەگەیەنێت. دواکەوتنیش لێی، باجەکەی لەسەر هەمووان مسۆگەر دەکات. من حەزم بە پێبەندبوون بە یاسا و ئەتەکێت و ژیانی مەدەنییەوە هەیە، بۆیە کە گەییمە نێو قیتار "دەوڵەت"ێ، خەباتکار و چالاکی سەرسەختی چاککردنەوەی نەنگی و ڕاستکردنەوەی لارییەکانی نێوی دەبم، هەنگینێ هەست بە ڕاستگۆیی و چێژی وجوودیی خۆم دەکەم. خەباتی ڕاستەقینە دژ بە گەندەڵیی دەسەڵات و حزبە کوردییەکان، ئەوسات بەهای خۆی نیشان دەدات.

## گەماڕۆدانی هەرێمی کوردستان..

# بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ تورکیا



زوبێر ڕەسوڵ

پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەگەرچی قوناغێکی باشی بڕیوە لەڕووی سیاسی و ئابووری و هەتا سەربازیشەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم خەریکە ئەو پێوەندیانە دەچنەوە سەر خاڵی سەرەتا. ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ڕاگرتنی پێوەندییەکانی هەرێم و تورکیا بەو لۆجیکەی تورکیا دەیەوێت زۆر ئەستەمە، چونکە پێوەندی هەرێم و تورکیا تەنیا پێوەندییەکی بازرگانی ئاسایی نێوان دوو لایەن نییە، بەڵکو پێوەندییەکە لەسەر بنەما ئەمنییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە Regional Security Complex بنیاتنراوە و هەمان داینامیکە ئەمنییەکانیش ئاراستەی دەکەن نەک بنەما بازرگانییەکان و بواری وزە. ڕوونتر بڵێین هەرێمی کوردستان بەشێکە لە قووڵایی ئەمنی تورکیا و ناوچەکە، هەر چالاکییەکی ئەمنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی ئەمنی و سیاسیی تورکیا، کە تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە کێشەی کورد و دۆسیەی پەکەکەوە لە تورکیادا. بۆیە بەشێکی باڵای پێوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ئەو قاڵبەوە. تورکیا بە تایبەتیش ئاردۆگان پێدەچێت تا ڕۆژێکیش بەر لە ڕیفراندۆم قەناعەتی وابووبێت کە بارزانی هەنگاوێک نانێت دژی خواستەکانی تورکیا. بەڵام دواجار دەرکەوت نە کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی لەدەست تورکیایە و نە ئەو هەموو پێوەندییە پتەوانەی هەرێمیش لەگەڵ تورکیا قەناعەتی ئەوەیان بۆ ئەنکەرە دروستکردووە کە دژایەتی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر دەستی بارزانی نەکات.

لە میدیای تورکیدا زیاتر لە شیکردنەوەیەک بۆ ئەو هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش بارزانی دەکرێت، بەشێکیان پێیانوایە بارزانیش ئەگەرچی خۆی بە دۆستی تورکیا نیشان داوە، بەڵام بۆ دواجار هەر هەمان کوردێکی ناسیۆنالیستە و قەت واز لە خەونی سەربەخۆیی ناهێنێت، بەشێکی تریش پێیانوایە نابێت تورکیا بە هەماهەنگیی ئێران و عێراق پەلە بکات لە گەماڕۆدانی هەولێر، چونکە ئێران جێگای متمانە نییە و هەژموونی خۆی گەرەکە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە، سەرەڕای ئەو هەموو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چی وای کرد ئاردۆگان سەت و هەشتا پلە هەڵوێستی بگۆڕێت بەرامبەر هەولێر؟

یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ئەم ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو! تورکیا باش دەیزانی دوای سەربەخۆبوونی فرۆشتنی نەوت، هەرێمی کوردستان بیر لە هەنگاوێکی لەو جۆرە دەکاتەوە، ئەو هەڵچوونەی ئاردۆگانیش بۆ هێورکردنەوەی جەماوەری تورکە، بەتایبەت کە لە 2019 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەپێشە و ناکرێت بێدەنگ بێت لە ئاست ئەو ڕووداوە مێژووییەدا کە تورکەکان بە ئیسلامی و سیکۆلار و ناشنالیستەوە هاوڕان لەسەری، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە هاوپەیمانێتی ئاکپارتی لەگەڵ پارتی مەهەپەی نەژادپەرستی تورک.

ئەگەری دووەم ئەوەیە کە بارزانی بێ ئەوەی پێشتر ڕاوێژی لەگەڵ تورکیا کردبێت، تاک لایەنە ڕیفراندۆمی کردووە بێ ئەوەی حسابێک بۆ ئەو یارمەتیانە بکات کە تورکیا لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە پێشتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبووە، هەر لە فرۆشتنی نەوت تا دەگاتە مەشقی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە، وەک ئەوەی بارزانی بە ناڕاستەوخۆ بەوە ڕازی بووبێت کە ئەو هەرگیز پەنا ناباتە بەر هەنگاوێکی لەوجۆرە، هەر بۆیەش ئەردۆگان ئەو هەنگاوەی بارزانی بە "خیانەت" وەسف دەکات.

ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە کە تورکیا دەیزانی سەرەڕای بووژانەوەی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسیی هەرێمی کوردستان، سەرکردایەتی کورد واز لە خەونی سەربەخۆیی ناهێنن، بەڵام بۆ دواجار کلیلی ڕۆیشتن بە ڕێگای سەربەخۆییدا لە دەست خودی تورکیادایە، کۆڵەگەکانی ئەو دەوڵەتەش گشتیان بە تورکیادا تێدەپەڕن، کورد ناتوانێت هەنگاوێکی لەوجۆرە بنێت گەر ڕەزامەندیی تورکیای لەسەر نەبێت.

لەبەر سنووردارێی نووسینەکەم دەرفەتی ئەوەمان نییە لەسەر شیکردنەوەی یەک بەیەکی ئەگەرەکان بوەستم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، هەرسێ ئەگەرەکانی ئاماژەمان پێدان بەشێک لە ڕاستییان تێدایە، بەڵام لە بەرامبەریشدا دیوێکی تر هەیە کە بەداخەوە لە میدیا تورکی و جیهانییەکانیشدا تا ڕادەیک فەرامۆش کراوە و من دەمەوێت لەم بابەتەدا بە خێرایی لەسەری بوەستم، ئەویش ئەوەیە کە هەر گەمارۆدان و لەشکرکێشییەک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەرئەنجامێکی زۆر خراپی بە تایبەت بۆ تورکیا دەبێت. هەرێمی کوردستان لەو 10 ساڵەی دواییدا پاڵپشتییەکی باشی تورکیای کردووە لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیشەوە کە هیچ وڵاتێکی ناوچەکە تا ئێستا ئەمەی بۆ تورکیا نەکردووە. بۆ نموونە، لەڕووی سیاسییەوە بارزانی هاوکاریی زۆری تورکیای کردووە لە بەرگرتن بە تەشەنەکردنی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژئاڤاش، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینی سووریا و دروستبوونی هەرێمی ڕۆژئاڤا دەرفەتێکی زێڕین بۆ بووژانەوەی پەکەکە دروست بوو بە پاڵپشتی زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی هەرێم جگە لە پارتی، لەسەر ئاستی جەماوەریش، هاوسۆزییەکی زۆر بۆ پەکەکە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەیە، بەڵام بارزانی ڕێگر بوو لە تەشەنەکردنی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەرنا بە دوور نەدەزانرا نوێنەریشیان هەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ململانێکانی تورکیا لەگەڵ مالیکی و عەبادیدا، بارزانی و هەرێمی کوردستان هەمیشە لە سەنگەری تورکیادا بوون. هاوکاریکردنی سوننەکانی مووسڵ و ئەنبار بەشێکی تری ئەو پاڵپشتییە بوو کە هەرێمی کوردستان لە ئوسامە نوجەیفی و براکەی و چەندان سەرۆک خێڵی تری عەرەبی سوننی کرد کە تا ئێستاش لە هەولێر دەژین، ئەم هەنگاوانە گشتیان بەشێک بوون لە پرۆژەیەکی تورکی بەهاوکاریی هەرێمی کوردستان. لەڕووی سەربازیشەوە هەرێمی کوردستان ڕێگای بە تورکیا دا کە بێتە ناو قووڵایی خاکی عێراقەوە بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ سەرەڕای ناڕەزایی ئەمریکا و دژایەتی حکومەتی عێراق و ئێران، چەندان هەڕەشەی تر کە لە ڕێگای حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی لە هەرێم کران لەسەر ئەوەی خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت بۆ یارمەتیدانی ڕژێمی ئەسەد، بەڵام هەولێر ڕێگای بەمە نەدا. لەسەر ئەم هەڵوێستەی بارزانی، ئێران بە تەقینەوەیەک لە ئەیلولی 2013 لەناو شاری هەولێر و لەبەردەم ئاسایش وەڵامی دایەوە. ئەمە جگە لەوەی تورکیا ویستی هەرێمێکی ئارام لەسەر سنووری عێراق و سووریا و دیسان بەهاوکاریی هەرێم بکاتەوە لە ساڵی 2016 کاتێک سەرۆک وەزیران بن عەلی یلدرم گوتی "بوونی ئەو هەرێمە ئارامە Safe Zone لەژێر سەرپەرشتی هەرێم و بارزانیدا دەبێت". ئەمە بێجگە لەو قەبارە فراوانەی فرۆشتنی نەوت و بەڕێگای تورکیا و دانانی پارەکەشی لە بانکەکانی تورکیا. بۆیە ئەگەر تورکیا ڕێڕەوی گەشەکردنی هەرێمی کوردستان بووبێت بەسەر دونیای دەرەوە و سەربەخۆیی ئابووریدا، ئەوا هەرێمی کوردستانیش لە 2008ەوە ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە پاراستنی قووڵایی ستراتیجی تورکیا لەڕووی ئاسایش و سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە.

تورکیا هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر بەشێک بێت لە گەمارۆدان و گوشەگیرکردنی هەرێمی کوردستان و هێشتنەوەی بە لاوازی بۆ میلیشیا عێراقییەکان و ئێران. چونکە شکستی پرۆسەی ڕیفراندوم و گەمارۆدانی هەرێم واتا شکستی بارزانی و لاوازبوونی لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە بەرامبەر پارتەکانی تر کە گشتیان پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بە مانایەکی تر، واتا تەسلیمکردنەوەی هەرێم بە ئێران. دواتر یەکێک لە خاڵە هەرە ستراتیجییەکانی پێوەندیی هەرێم و تورکیا بریتی بووە لە لاوازکردنی هەژموونی پەکەکە و بەهێزکردنی پێگەی بارزانی بۆ ئەوەی وەک ئەڵتەرناتیڤێک بێت بۆ کوردانی تورکیا لەبری پەکەکە، بە تایبەت پاش دوورکەوتنەوەی هەریەکە لە مام جەلال و ئۆجەلان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردیدا. بۆیە شکستی بارزانی واتا بەهێزبوونی پێگەی حیزبەکانی تر کە هیچ کامیان دۆستی تورکیا نین. تورکیا دەبێت باش بزانێت مەسەلەی مانەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا تاسەر نابێت، ڕۆژێک هەر دێت کۆتایی بەو پێوەندییە بێت، بەڵام وەک یەکێک لە دیبلۆماتە ئەمریکییەکان باسی دەکات، زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی ناوچەکە دەزانن ڕۆژێک دێت کورد لە عێراق جیادەبێتەوە، بەڵام کەسیان نایەنەوێت ئەم جیابوونەوەیە لەسەردەمی ئەوان ڕووبدات. بۆیە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ هەرێم زۆر سنووردارن، نابێت ئەمە نادیدە بگیرێت کە هەرێمی کوردستان قووڵایی ستراتیجی و ئەمنیی گشت بەشەکانی تری کوردستانیشە، هەر هەڵمەتێکی سەربازی دژ بە هەرێمی کوردستان وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو وایە و دوور نییە شەڕێکی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە کە هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراقیش بگرێتەوە، ڕاستە هەرێمی کوردستان بە چوار وڵاتی غەیرە کورد دەورە دراوە، بەڵام لە واقیعدا هەرێمی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشەوە بە زیاتر لە سی ملیۆن کورد دەورە دراوە، ئەمەش پشتێنەیەکی جیۆپۆلیتیکی هەستیارە و بە ئاسانی هەرێم دەتوانێت بیجوڵێنێت. ڕاستە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی هەیە لە نێوان پارتە کوردییەکاندا، بەتایبەتیش پارتی و پەکەکە، بەڵام بۆ دواجار لە ئەگەری هەر لەشکرکێشییەک یان گەمارۆیەکی سەربازیدا، گشت پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکان ئامادەن بۆ پارێزگاریکردن لە "براکانیان"، بەشێک لە لایەنەکان ئامادەباشیی خۆشیان بە هەرێمی کوردستان گوتووە. ئەم هاوسۆزییە نەتەوەییە بە ئاشکرا بینرا لە کاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر باشوور و ڕۆژئاڤا کاتێک پەکەکە و پارتەکانی ڕۆژهەڵات بەرگرییان لە هەرێمی کوردستان کرد، کاتێکیش کۆبانی لە کەوتن نزیک بوو، پێشمەرگە و پارتەکانی ڕۆژهەڵات بەرگرییان لێکرد.

لەڕاستیدا خوێندنەوەیەکی کورتبین و سادەیە گەر دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بچووکی شەش ملیۆنی وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و ئێران سەیر بکرێت، چونکە لە 2003 وە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی دەوڵەتێک ڕەفتاری کردووە و هەرگیزیش نەبووەتە مەترسی بۆ تورکیا و ئێران، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشێک بووە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و لە ئێرانیش، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە نێوەندگیریی نێوان کوردانی باکوور و ئاکپارتیدا نموونەیەکی زیندووی ئەو ڕاستییەیە، هەمان سیناریۆ دروستە بۆ ئێرانیش، تا ئێستاش هەرێمی کوردستان گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی خاکی هەرێم بەکارنەهێنن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، ئەمە جگە لە هەماهەنگییە ئەمنییەکان، بە تایبەتی هەرێم ئەگەر ببێتە دەوڵەت ئیلتیزاماتی یاسایی و سیاسی و نێودەوڵەتی زیاتریشی دەبێت بەرامبەر دراوسێکانی. بە پێچەوانەشەوە تێکدانی ئاسایشی هەرێم دوور نییە ببێتە مەیدانێکی تری شەڕ دژی هەر یەکە لە تورکیا و ئێران و ڕاکێشانی کوردی بەشەکانی تریش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکیا و ئێران. هەریەکە لە پەکەکە و پارتی ئەو پێگە جەماوەرییەیان هەیە لە بەشەکانی تری کوردستاندا مۆبیلیزەی ئەم دۆخە بکەن. دواتر هەر هەنگاوێکی ئێران بۆ گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان دەبێت جێگای پرسیاری زۆر بێت بۆ تورکیا، بە تایبەتی کە ئێران شارەزایی و مێژوویەکی درێژی هەیە لە بەکارهێنانی میلیشیا و گرووپە چەکدارەکاندا Non-state armed forces، وەک حەماس و حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی عێراق تا دەگاتە هێزە کوردییەکانیش، بۆیە تورکیا گەر بچێتە ژێر باری لاوازکردن و گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دوایین دۆستی لە عێراق و ناوچەکەشدا لەدەست دەدات.

# حەوت هەرێمە سەربەخۆییخوازەکەی ئەوروپا



شۆڕش خالید ئاژگەیی

مەیل و خواست و ئارەزووی جوداخوازی، جیابوونەوە یان سەربەخۆیی تەنیا تایبەت نییە بە گەلێکی ژێردەستە و ستەملێکراوی وەک کورد. ئەم خواستە بەدەر لە ڕەوابوونی یان ڕەوانەبوونی، ئامانجی زۆربەی ئەو گەلانەیە بەدرێژایی چەند دەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی نامۆ بە فەرهەنگ و کەلەپووری گەلانی ئازادیخوازەوە، ڕووبەڕووی ستەمی نەتەوەیی و بە کۆیلەکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە.

بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستەکراوی وەک کورد خواستی سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەیی، ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی سەت ساڵەی هەیە.

گەڕانەوە بۆ مێژوو دەریدەخات کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەدرێژایی سەدەی رابردوو هەموو ڕێکار، ڕێگە، مێتۆدە عەقڵانی و دایەلۆگ و بەرخۆدان و شەڕی چەکداری تاقیکردووەتەوە. بەڵام دەستکەوتی کورد تەنیا ماڵوێرانی و ئاوارەبوون و کاولکاری و قەڵاچۆکردن بووە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە.

داگیرکەرانی کوردستانیش لە هەڵمەتەکانی بەرپەرچدانەوەی داخوازییە ڕەوا و ئینسانی و سیاسی و کولتووریەکانی کورد، سڵیان لە ئەنجامدانی هیچ تاوانێکی نامرۆیانە نەکردووەتەوە.

مەبەست لەم وتارە شرۆڤەکردنی دۆزی ڕەوای کورد و شەنوکەوکردنی ئەم ستەمکارییە نییە کە کورد بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی بووەتەوە و ئەو باجە قورس و گرانەی بە خوێن لەپێناو ئازادیدا بەخشیویەتی. بەڵکو خستنەڕوو و باسکردنی ئەو حەت هەرێمەی ئەوروپایە، خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆیی، ساڵانێکی زۆرە لەلایەن گەلانیانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و هەوڵی بۆ دەدرێت و بە زیندوویی ماوەتەوە.

## کەتەلۆنیا

داواکاری سەربەخۆیی کەتەلۆنییەکان، خواستێکی چەسپاو و لەمێژینەی دانیشتووانەکەیەتی بە هەموو پارتە سیاسییەکانیشەوە هەر لە کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە چەپە ڕادیکاڵەکانی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەوە.

ئەم خواستە هەرچەندە لە سەدەی رابردوودا لەلایەن فرانکۆی دیکتاتۆرەوە بە دامرکاوی و خنکێنراوی مابووەوە، بەڵام هەر دوای مردنی ناوبراو جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوەو لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیاوە بانگەشەی بۆکرا و گەشە بە بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکە درا.

نووسینەوەی دەستووری نوێی ئیسپانیا لەکۆتایی حەفتاکانەوە، بۆ چەند ساڵێک، مەیلی سەربەخۆیی کەتەلۆنییەکانی خستە پەراوێزەوە، بەڵام لە نێوەڕاستی هەشتاکان جارێکی دیکە بانگەشەی بۆکراو و خرایە ڕۆژەڤی سیاسەتمەدارنی کەتەلۆنییەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەتەلۆنی بە دیاریکردنی ڕۆژێکی نیشتیمانی بە ناوی " دیادا" لە یازدەی سێپتامبەری هەموو ساڵێکدا، هەزاران خەڵکی کەتەلۆنی دەهێننە سەر شەقامەکان و لە ڕێگەی مانیفێستێکی بەرفراوانی جەماوەرییەوە هیواو ئومێد و خواستی سەربەخۆیی بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

تائێستا دووجار لە ساڵەکانی 2009 و 2014دا بەشێوەیەکی نافەرمی و یەکلایەنە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کەتەلۆنیا ئەنجامدراوەو لەلایەن دادگای دەستووری و حکومەتی ئیسپانیاوە دانی پێدانەنراوە. وەک ئەمجارە کە هەمدیسان لەلایەن حکومەت و دادگای دەستوورییەوە بە ناشەرعی لە قەڵەمدراوەو مەدرید بە توندترین شێوە ڕەتیکردووەتەوە و ڕووبەڕووی بووەتەوە.

## هەرێمی باسکی ئیسپانی

دانیشتووانی هەرێمی باسکی ئیسپانی لە سەردەمی فرانکۆی دیکتاتۆری وڵات، بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی نەتەوەیی بوونەوە.

زمانیان لێ قەدەخەکرابوو و هەستی ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرەستی باسک، بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕووبەڕووی پێشێلکاری و ڕەتکردنەوەو پەراوێزخستن ببووەوە.

وەک کاردانەوەکیش بەرامبەر بەم ستەمە نەتەوەییە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەرێمی باسک " ئیتا" دامەزرا و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری بەرامبەر دەسەڵاتدارانی مەدرید هەڵبژارد و بەدرێژایی تەمەنی تاوەکو ساڵی 2011، لە جەنگ و ململانێیەکی خوێناویدابوو.

ئەم بزاڤە لەساڵی 2011 ئاگربەستی ڕاگەیاند و تائێستاش ئاگربەست لەنێوان ئەم بزووتنەوەیە و حکومەتی ئیسپانیا بەردەوامە.

خاڵی جێگەی سەرنج لە هەرێمی باسک، بە پێچەوانەی هەرێمی کەتەلۆنیا ، خواستێکی جەماوەری و گشتی و سەرتاسەرییە و ناسیۆنالیستە بوورژواکان و بزووتنەوە چەپەکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش پشتگیری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان دەکەن.

## باکووری ئیتاڵیا (پادانیا)

پادانیا ناوێکە لەلایەن بەرەی Lega Nordsەوە بە باکووری ئیتاڵیا دەگوترێت و داوای جیابوونەوە لە بەشەکەی دیکەی ئیتاڵیا دەکات.

هەرێمی "پادانیا" یان باکوور بە دانیشتووانە 34 ملیۆن کەسییەکەیەوە، دەمێکە خواستی سەربەخۆیی بەرزکردووەتەوەو جگە لە " لێگانۆردس" خاوەنی هیچ پشتگیرییەکی سەرتاسەری و جەماوەری نییە و هەلومەرجی جیاوبوونەوەی لە بەشەکەی دیکەی ئیتاڵیاوە زۆر سنووردار و ئەستەمە. هەر بۆیەش خوازیاری گۆڕانکاری و هەموارکردنی دەستووری ئیتاڵیایە بە قازانج و بەرژەوەندی خواستی جیابوونەوە و زۆر بەگەرمی و شێلگێرانە بانگەشە بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئیداری بەرفراوان دەکات.

## بێلژیک

بێلژیک وەک وڵاتێکی یەکگرتوو، بە یەکەیەکی تاک قەوارەی سیاسی ڕێکخراو دەناسرێت. لەم وڵاتەدا بە سێ زمانی فەرمی قسە دەکرێ و لەسێ هەرێمی ڕەسمی خاوەن زمانی فەرمی پێکهاتووە. جگە لەمەش برۆکسێل خاوەنی دوو زمانی فەرمییە و بە هەردوو زمان قسەدەکرێ و دەنووسرێت .

هەردوو زمانی فەرەنسی و فلامی، بە دوو زمانی فەرمی لە قەڵەمدەدرێن، بەڵام زمانی ئەڵمانی بە زمانی پلە سێ دەژمێردرێت و کەمینەیەکی کەم قسەی پێدەکەن.

لە پشت هەرسێ زمانەکەوە چەند بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی ئاڵای گرینگیپێدان و سەردەستەبوونی زمان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان بەرزکردووەتەوە.

لەهەرێمی (ڤەلۆنیەن)ی جیرانی فەرەنسا، زۆرینەی فەرەنسی زمانەکان خوازیاری لکاندنی هەرێمەکەیانن بە فەرەنساوە. بەڵام ناسیۆنالیستە فلامی زمانەکانی (فلاندێرن) داوای جیابوونەوە لە هەرێمی (ڤەلۆنیەن) دەکەن و ئەم هەرێمە بە هەرێمێکی گەشەنەسەندو و لە قەڵەمدەدەن و لەڕووی گەشەو پێشکەوتنی ئابوورییەوە.

ناسیۆنالیستەکانی فلامی سەر بە بزووتنەوەی Vlaams Belangی بێلژیکین. ئەم بزووتنەوەیە بە بزاڤێکی ڕاستڕەوی ڕەگەزپەرەستی دەمارگیری سەر بە بەرەی Vlaams Block لە قەڵەمدەدرێت کەوا لەساڵی 2004دا لەلایەن دادگاکانی بێلژیکەوە بە بەرەیەکی ڕەگەزپەرەست ناسرا و دواتر کار و چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لێ قەدەخەکرا.

## سکۆتلەند

وڵاتی سکۆتلەند لەساڵی 1999 بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆجێی خۆبەڕێوەبەری خۆی. ئەم دەستکەوتەش دوای هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی سکۆتلەندییەکان و سەرئەنجام ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هات، بەوەی هەردوو وڵاتی سکۆتلەندا و وێڵز بۆیان هەیە لە چوارچێوەی یاساو دەستووردا ببنە خاوەنی هەردوو دامەزراوە.

پارتی نیشتیمانی SNPی سکۆتلەندی لەساڵی 2007ەوە دەسەڵاتی لەم وڵاتە گرتووەتە دەست و لەساڵی 2013دا ئەنجامی ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لەگەڵ لەندەن، ڕێگەی پێدرا چارەنووسی سیاسی وڵات لە ڕێگەی ئەنجامدانی گشتپرسییەکی سەرتاسەرییەوە لەگەڵ بەریتانیا یەکلا بکاتەوە.

دواتر و لەساڵی 2014دا ئەنجامی گشتپرسییەکە بە سوودی بەرەی "نا بۆ سەربەخۆیی" شکایەوەو زۆرینەی دەنگدەرانی سکۆتلەندا 55 % ، دەنگیان بە نەخێر دا. هەربۆیەش بیرۆکەی جیابوونەوە لە بەریتانیا، دوای ئەم شکستە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سکۆتلەنداوە بۆ ماوەیەک خرایە لاوە.

دوای گشتپرسییەکەی بەریتانیا و سەرکەوتنی بەرەی بانگەشەکاری دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا Brexit و، سەرکەوتنی دەنگی زۆرینەی سکۆتلەندییەکان بە مانەوەیان لە چوارچێوەی یەکیتی ئەوروپادا، پارتی نیشتیمانی سکۆتلەندا بە سەرۆکایەتی خاتوو نیکۆلا ستورجێن، جارێکی دیکە داواکاری ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی دیکەی خستە بەردەم بەریتانیا.

بەڵام ئەم داواکارییە، ئەنجامدانی گشتپرسییەکی دیکە، زۆر بەتووندی لەلایەن بەریتانیاوە ڕەتکرایەوە. 66%ی سکۆتلەندییەکان دەنگیان بۆ مانەوە لە یەکێتی ئەوروپادا و دەرچوونیان ڕەتکردەوە.

## ئۆکرانیا

گۆڕانکاری و پەرەسەندنە سیاسییە خێراکانی ئۆکرانیا لەساڵی 2013 لەلایەن کەمینەی ڕووسی زمانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، بەهەڕەشەیەکی جیددی و بەرفراوان دژ بە زمان و داوونەریت و فەرهەنگی ڕووسی زمانەکانی ئەم هەرێمە لێکدرایەوەو کاردانەوەی توندی کۆمەڵە و بزاڤە جوداخوازەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.

زۆری نەبرد ڕووسەکان بە سازدانی ریفراندۆمێکی بەپەلە و خێرای جێگەی مشتومڕ، هەرێمی (کریمیا) یان بە خاکی ڕووسییەوە لکاند و سەرەڕای دژایەتی و بەرپەرچدانەوەکانی دەسەڵاتدارانی کییێڤ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە سەروویانەوە ئەمریکا و یەکیتی ئەوروپا، کریمیا بووە شێک لە خاک و سەروەری ڕووسیا.

هاوکات لەگەڵ لکاندنی کریمیا بە خاکی ڕووسیاوە، چەند بزاڤێکی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بە ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەوڵیاندا هەردوو هەرێمی " لووهانسک" و " دۆنێسکت"، وەک دوو کۆماری سەربەخۆ و جیا لە ئۆکرانیا دامەزرێنن. دوای ئەم ڕووداوانە ئۆکرانیا، هەروەک بینیمان، بە توندی و بەهێزی چەکداری ڕووبەڕووی جوداخوازەکان بووەوەو تائێستاش شەڕ و پێکدادانەکان ناوە ناوە لەم دوو هەرێمەدا درێژەیان هەیە و بە گوێرەی ئامارە نافەرمییەکان تائێستا زیاتر لە شەش هەزار کەس لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکاندا گیانیان لەدەستداوە.

## یوگسلاڤیای پێشوو

وڵاتی یەکگرتووی یوگسلاڤیا لەساڵانی نەوەتەکاندا، بەهۆی چەکەرەکردنی هەستی ناسیۆنالیستی و بەهێزبوونی هێز و بزووتنەوە نەتەوەییە جوداخوازەکان و ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکانەوە، لەبەریەکهەڵوەشایەوە و بووە چەند وڵاتێکی سەربەخۆ.

بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین و لەسەردەمی گەشە و هەژموونی بیری کۆمۆنیستی و حوکمڕانی دیکتۆرئاسای دەسەڵاتدارانی سەر بە بلۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، چەندین نەتەوەو ڕەگەزی جیا لەنێو بۆتە و قەوارەیەکی سیاسی و وڵاتێک بەناوی یوگسلاڤیای، ناچارکرابوون پێکەوەژیانێکی ناچاری هەڵبژێرن.

بەڵام دوای داڕمانی کۆمۆنیزم و پاشەکشەی سۆسیالیزم، دەرفەتێک و هەلێکی زێڕین کەوتە بەردەم گەلانی یوگسلاڤیا بۆ جیابوونەوە لە یەکتر و دامەزراندنی چەند دەوڵەتێک .

ئەم داخوازییە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بێلگرادەوە کەوا هێشتا خەونیان بە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتەوە دەبینی، بە توندی بەرپەرچدرایەوەو یوگسلاڤیا کەوتە نێو ئاگری جەنگێکی سەرتاسەری ماڵوێرانکاری ڕەگەزی و ئیتنییەوە و دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی ئاگری شەڕ. سەرئەنجام خۆتێهەڵقورتاندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناتۆ و دامرکاندنەوەی جەنگی ناوخۆ لەم وڵاتەدا، چەندین هەرێمی سەربەخۆییان لە یوگسلاڤیای ڕاگەیاند و بوونە خاوەن دەوڵەتی خۆیان. دواهەرێمی جیابووەوە لە یوگسلاڤیا، کۆسۆڤۆ بوو کەوا لەساڵی 2008 دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و لە یوگوسلاڤیا جیابووەوە.



لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی کەتەلۆنیادا 760 کەس بەهۆی هێرشەکانی پۆلیسەوە برینداربوون (فۆتۆ: AFP)
















# ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدوای چییەوەیە؟



روودا‌و هەولێر

دوو ساڵ بەسەر هێرشی ئاسمانیی ڕووسیا لە سووریا تێپەڕی، لە دوای 30ی ئەیلولی 2015 وە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر سووریا چڕبوونەتەوە، زۆربەی شارەزایانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە بەشداری سەربازیی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا هێندەی لە تەکتیکێکی کورتخایەن دەچێت، هێندە ستراتیژێکی هەمەلایەن نییە بۆ ناوچەکە، بەڵام ڕاپۆرتێکی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەسەندن (ناسراو بە ڕەند) جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ ئەم تێڕوانینە هەنگاو و سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بچووک بکاتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا

ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دێت "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرفەتی سنووریداری تێدایە بۆ پاراستن و برەوپێدانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ڕووسیا". هەرچەندە ڕووسیا پلانێکی درێژخایەنی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە، بەڵام بەرژەوەندیی درێژخایەنی لەو ناوچەیەدا هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانەش "ئەو بەربەستانەی لەپێش نییە کە دەکرێت لەبەردەم وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هەبن"، بۆ نموونە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، چەند بنەمایەک سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاراستە دەکەن:

بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و دوورخستنەوەی گرووپە تەکفیرییەکان لە سنوورەکانی ڕووسیا یەکێکە لەو بنەمایانە کە وای کردووە ڕووسیا دەست لە قەیرانی سووریا وەربدات. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 3500 هاووڵاتی ڕووسی چوونەتە ناو ڕێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی عێراق و سووریا.

بەرگریکردن لە سیستەم و ستروکتوری سیاسی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاڵێکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیایە. ڕووسیا بەرگرییەکی سەخت لە سنوورەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات و دژی گۆڕینی ڕژێم و دەستکاریکردنی سنوورەکانیەتی. ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی ڕووسیا لە ئەورووپایە، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئۆکراینا "هەوڵی تێکدانی سنوورەکان دەدات".

بنەمایەکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سێکولار و نائایدیۆلۆژیبوونی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئەو ناوچەیەیە. هەر ئەمەش وای کردووە مۆسکۆ ئاسانتر لە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ پایتەختە جیاجیاکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مامەڵە بکات.

## سووریا:

بەشداریی ڕووسیا لە قەیرانی سووریا ناوازە بوو، لەبەر ئەوەی لە دوای قۆناغی شەڕی سارد ئەوە یەکەمجار بوو ڕووسەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتێکی

> پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیاش پەیوەندییەکی لێوانلێو لە بەدگومانییە، ئەمەش هۆکاری سیاسی و مێژوویی لەپشتە

ئەو ناوچەیە وەربدەن. بە گوێرەی (ڕەند) دەستێوەردانی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگونجێت، چونکە "ڕێگەی لە گۆڕینی ڕژێم بە دەستپێشخەریی ڕۆژئاوا گرتووە".

جیا لەمە ڕووسیا بەهۆی بەشداریی ڕاستەوخۆی لە قەیرانی سووریا، توانی بنکەی دەریایی و ئاسمانی لە لازقیە و تەرتوس لە سووریا دابنێ، لەم ڕێگەیەشەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەرەنگاری هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکان دەبێتەوە.

بەشداریی ڕووسیا لەو شەڕە حەوت ساڵەیەدا، شەرعیەتی ئەوەی بە مۆسکۆ داوە لەگەڵ ئێران و تورکیا بەشێکی سەرەکی لە هەوڵەکانی چارەسەری قەیرانی سووریا بن، بەمەش دەرگای نوێ و کارتی گوشاری بەهێز لە بەرامبەر ئێران و تورکیا کەوتووەتە دەستی مۆسکۆ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، پەیوەندییە دیپلۆماتیک و ئابوورییەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندەی لەسەر بنەمایەکی ئارەزوومەندانە و بەرژەوەندیی هاوبەشی کورتخایەنە، هێندە لەسەر بنەمای ناچاربوون و بەرژەوەندیی درێژخایەن نییە، وەکوو چۆن پەیوەندیی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئەمریکا زیاتر ناچاریانەیە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت کە تەنانەت پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیاش پەیوەندییەکی لێوانلێو لە بەدگومانییە، ئەمەش هۆکاری سیاسی و مێژوویی لەپشتە. بۆ نموونە ئێران و ڕووسیا کێشەیەکی لە مێژینەی سنوورەکانیان هەبووە، لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان تاران و بەغدا، ڕووسیا پشتگیری لە سەدام حوسێن دەکرد، هەتا پێش ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 مۆسکۆ پشتگیری لە سزا نێودەوڵەتییەکانی دژی ئێران دەکرد و لەسەر چارەنووسی سیاسی و ئیداریی سووریاش ناکۆکیی گەورە لە نێوان ئێران و ڕووسیادا هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ڕووسیا کۆمەڵێک بەربەستی لەبەردەمە کە ناهێڵن پەیوەندییەکی درێژخایەنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە هەبێت، گرنگترین بەربەستیش شێوازی پەیوەندییەکانی ڕووسیایە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیڕەوی لە بنەمای پراگماتیزم دەکات، واتە بەپێی واقیعەکان سیاسەت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئەو ناوچەیە دادەڕێژێ، نەک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندیی درێژخایەن.

هەر ئەمەش وای کردووە ڕووسیا لە لایەکەوە پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ ئێران قووڵ بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو بدات. ئەم شێوازە سیاسەتە باڵانسێکی بە پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و وڵاتانی ناوچەکە داوە، بەڵام کۆمەڵێک لێکدژیشی لەو سیاسەتەدا دروستکردووە، ڕاپۆرتەکە نموونەی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ تاران و تەلئەڤیف دەهێنێتەوە "ڕووسیا بەڵێنی بە ئێران داوە سیستەمی دژەمووشەکی S300 بە ئێران بفرۆشێت، بەڵام بەهۆی گوشارەکانی ئیسرائیلەوە ڕایگرتووە، ئەمە لە درێژخایەندا گرێکوێرەی زۆر لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و ڕووسیادا دروست دەکات.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە مامەڵەی وڵاتانی عەرەبیی سوننەی ناوچەکەش لەگەڵ ڕووسیا بە هەمانشێوە کورتخایەن و پراگماتیکییە، لەبەر ئەوەی وڵاتانی ئەو ناوچەیە دەیانەوێت بەهۆی نزیکبوونەوە لە ڕووسیا ئاماژەی مەترسی بۆ ئەمریکا بنێرن کە خەریکە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەیان دەستدەکەوێ.

## وزە

ڕووسیا بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیا حکومییەکانی گازپرۆم و ڕۆسنێفت دەستیان بە ژمارەیەک پرۆژە لە ئێران، عێراق، تورکیا و هەرێمی کوردستان کردووە. لە کاتێکدا کەرتی پیشەسازیی وزەی ڕووسیا ڕووبەڕووی سزاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بووەتەوە، ڕووسیا هەم بۆ جێگیرکردنی نرخی نەوت و هەمیش بۆ دۆزینەوەی کار بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی، پێویستی بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

# ئێران و پلانی دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

روودا‌و هەولێر

ئێران هەر لە سەردەمی شاوە تاوەکو ئێستا، هەمیشە چاوی لە فراوانکردنی پانتایی دەسەڵاتی خۆی بووە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. لە پاش شۆڕشی 1979وە ئەو ستراتیژە مۆرکێکی ئاینیی وەرگرت بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی سیستەمی سیاسی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ناوچەکە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەنجوومەنی ئەتڵانتیکی ئەمریکی، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی ئێران واز لە ستراتیژی "هەناردەکردنی شۆڕش" بهێنێ.

لێدانی ئەمریکا لە عێراق لە 2003، نەک هەر هەڕەشەی ڕژێمی پێشووی عێراقی لەسەر ئێران نەهێشت، بەڵکو بۆشاییەکی ئەمنی و سەربازیشی دروستکرد کە ئێران زۆر بە ئاسانی بەکاری هێنا بۆ فراوانکردنی بازنەی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا. ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سووریا، دەستەوسان مانەوەی ئەمریکا و سەرهەڵدانی گرووپە تەکفیرییەکان لە سووریا ڕێگەی بۆ تاران خۆشکرد پانتایی دەسەڵات و نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا فراوانتر بکات.

## شەڕی بە وەکالەت لە عێراق و سووریا

ژمارەیەکی زۆر لەو میلیشیا شیعانەی دوای 2003 لە عێراقدا دەرکەوتن، بەرهەمی ساڵانێکی درێژی پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەو گرووپانە بوو. دەرکەوتنی داعش لە ناوەڕاستی 2014 و دەستگرتن بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی ناوەڕاستی عێراقدا بووە هۆکاری ئەوەی ژمارەی ئەو میلیشیایانە زیاتر بێت کە بەشێکی زۆریان لە شەڕی نێوخۆی سووریاشدا بۆ پشتیوانی لە حکومەتی سووریا بەشدار بوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئەتڵانتیک، چیدی ئەو هیوایە نەماوە کە میلیشیاکانی سەر بە ئایەتوڵڵا سیستانی، مەرجەعی شیعەکانی عێراق دەسەڵاتی میلیشیا عێراقییەکانی نزیک لە ئێران کەم بکاتەوە، لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا، ئەو میلیشیایانە شانبەشانی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران شەڕیان دەکرد.

ئێران بۆ بەدەستهێنانی قووڵاییەکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە گرووپی وەکوو بەدر و حیزبوڵڵای لوبنانی دەبەستێ. بەڵام کێشەی ئەو گرووپانە ئەوەیە چاودێرییەکی نێودەوڵەتیی سەختیان لەسەرە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئەتڵانتیک، ئەمە وای کردووە ئێران بیر لە کۆمەڵێک گرووپی بچووکیش بکاتەوە کە هەم ئیمکانی توندوتیژیی زۆریان هەیە و هەم دەتوانن بە شاراوەیی ئامانجەکانی ئێران دەستەبەر بکەن. یەکێک لەو گرووپانەی ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە ئاماژەی بۆ دەکات (جەیش ئەلموختار)ە کە هەم ڕۆکێت لە سعودیە دەگرێت و هەمیش لە کاتی پێویستدا بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق دەپارێزێ.

جەیشی موختار، بە سەرکردایەتی واسق بەتات، ساڵی 2013 دامەزراوە و بە باڵی سەربازیی (حەرەکەی حیزبوڵڵای عێراق) دەزانرێت. بەتات بەیعەتی بە ویلایەتی فەقیهی ئێران داوە و هەتا ئەو شوێنەش چووە کە بڵێت لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی تاران دەکات. سەرکردەی گرووپەکە گوتبووی کە ئەوان بەشێکن لە حیزبوڵڵای لوبنانی.

تاران، حکومەتی عێراق و ڕێکخراوی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراق هەرچەشنە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو گرووپە ڕەتکردووەتەوە. ڕاپۆرتی ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هۆکاری خۆدوورگرتنی کەتایب لە جەیشولموختار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەتایب دەیەوێ خۆی لە چالاکییەکانی بەتات بێبەری بکات، بەڵام بە کردەوە "پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان کەتایبی حزبوڵڵا و جەیشولموختاردا هەیە".

یەکێک لە بەڵگەکانی پەیوەندیی نێوان کەتایب و گرووپەکەی بەتات ئەو سیستەمی ڕۆکێتهاوێژەیە کە لای هەردوو گرووپەکە هەیە. خاڵی سەرنجڕاکێش لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و جەیشولموختاردا ئەوەیە کە ئێران لە کۆتایی 2014 ڕایگەیاند، بەتات لە پارێزگای دیالە بە گوللەی چەکدارانی حەشد یان چەکدارانی داعش کوژراوە، دوو مانگ دوای ئەو هەواڵە، بەتات لە دیمانەیەکی ڕاستەوخۆدا بۆ کەناڵێکی عێراقی دوا و نزیکەی ساڵێک دواتریش بۆ ئاژانسی (فارس نیوز)ی نزیک لە سوپای پاسداران دوا و بەرپرسیارێتی هێرشەکەی سەر بارەگای موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی لەئەستۆ گرت. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە ئێران بۆ لادانی گومان لەسەر پەیوەندیی خۆیان و بەتات ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە.

## سەیاد.. چەکە بەناوبانگەکەی ئێران

یەکێک لەو چەکانەی ئێران بۆ میلیشیا شیعەکانی دەنێرێ، چەکی سەییادی (AM50) یە. ئەم چەکە نیشانشکێن و دووربڕە. سەییاد لە ساڵی 2006 بە هاوبەشی کۆمپانیایەکی چەکسازیی نەمساوی و حکومەتی ئێران دروستکراوە. یەکەمجار بڕیار بوو 800 پارچە لەو چەکە بە هێزەکانی پۆلیسی ئێران بدرێت، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان زۆر بڵاوە، بەڵام لەساڵی 2007 (لە گەرمەی هێرشی میلیشیا شیعەکان لەدژی هێزەکانی هاوپەیمانان) هێزەکانی ئەمریکا ڕایانگەیاند لە عێراق دەستیان بەسەر 100 پارچە لەو چەکەدا گرتووە.

دواتر گۆڤاری (ویکلی ستاندارد)ی ئەمریکی بڵاوی کردەوە ئەو چەکانەی ئەمریکا لە 2007 دەستی بەسەردا گرتوون، لە چین دروستکراون و ئێران کڕیونی. ئەو چەکانە کۆپیی چەکە نەمساوییەکەن و هەتا ئێستاش یەکێک لە مۆرکە سەرەکییەکانی میلیشیاکانی نزیک لە ئێرانە. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی حەشد بە چەکی سەییادەوە بینراون کە بەناوبانگترینیان چەکدارێکی تەمەن 63 ساڵە بەناوی ئەبوو تەحسین. ئەو چەکدارە بە خۆی و بە سەییادەکەیەوە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناوە و لە یەکێک لە ڤیدیۆکاندا دەڵێت کە 321 داعشی بەو چەکە کوشتووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک)، ئێران و میدیاکانی نزیک لە سوپای پاسداران بایەخێکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی وێنەی چەکدارانی شیعە بەو چەکەوە دەدەن، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە توانای پیشەسازیی چەکی خۆی پیشان بدات و لەلایەکی دیکەشەوە سنووری نفووزی بەرفراوانی خۆی لە عێراق و ناوچەکە دەربخات. بۆیەش ئەتڵانتیک جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەرج نییە هەموو ئەو چەکدار و گرووپانەی ئەو چەکەیان پێیە پەیوەندییەکی نزیک و قووڵیان لەگەڵ ئێران هەبێت، بۆ نموونە ئەبوو تەحسین سەر بە میلیشیایەکە کە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهـ ڕەتدەکاتەوە، وەکوو چۆن ئەو چەکە لە چەندین گرتەی ڤیدیۆییدا بەدەستی چەکدارانی سەر بە موقتەدا سەدریشەوە بینراوە، لە کاتێکدا سەدر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەگەڵ تاراندا نییە.

## ڕێگەی دەرچوون لە هەژموونی ئێران

ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک) جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە ئێران هەتا ئێستاش تەحەدای گەورە بۆ ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە دروستدەکات، بەڵام تاران هەتا ئێستاش هیچ ستراتیژێکی بۆ جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی بەشێوەیەکی درێژخایەن نییە، واتە "تاران هیچ ستراتیژێکی ڕوونی نییە بۆ ڕاکردن لەو نائەمنییەی بەهۆی سیاسەتەکانی خۆیەوە لە ناوچەکەدا دروستبووە". بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، سیاسەتی فراوانخوازیی ئێران لە ناوچەکەدا ئەم وڵاتەی ناچار کردووە لەناو "شەڕێکی بێکۆتایی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان و وڵاتانی ئیسلامیی دژبەری تاراندا بمێنێتەوە، ئەوە جگە لەو دوژمنایەتییە قووڵەش کە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل تێیکەوتووە".

تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێن کە ئێرانیش هاوشێوەی داعش لە پشێوی و لاوازبوونی ڕەوایەتی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە دەگەڕێت، تاوەکو ئەو بۆشاییە بقۆزێتەوە بۆ دزەکردنی خۆی، بۆی "ئەمریکا دەبێت هەوڵێکی زۆر بدات کۆتایی بە گرژییەکانی ناوچەکە بهێنێ و لە خوارەوەی کۆمەڵگاکانەوە دەسەڵاتی ڕەوا دامەزرێنێ".



میدیاکانی نزیک لە سوپای پاسداران بایەخێکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی وێنەی چەکدارانی شیعە بە چەکی سەییادەوە دەدەن

### سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا:

# مافی دامەزراندنی دەوڵەتمان بەدەستهێنا

**ڕووداو - هەولێر**

هەرێمی کاتالۆنیا یەکشەممەیەکی سەخت و مێژوویی بەڕێکرد، تێیدا سەتان هەزار کەس لە خەڵکی هەرێمەکە لە بنکەکانی دەنگدان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە گشتپرسییەکدا چارەنووسی کاتالۆنیا و ئیسپانیا دیاری بکەن. سەرۆکی کاتالۆنیا درەنگانی شەوی یەکشەممە ڕایگەیاند "مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کاتالۆنیامان بەدەستهێنا".

حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا بەڵێنی دابوو ئەگەر ڕێژەی پێویست لە گشتپرسییەکەدا بەشداری بکەن و دەنگی "بەڵێ" زۆرینە بێت، ئەوە لە ماوەی 48 کاژێری دوای گشپرسییەکەدا سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن، بە پێچەوانەشەوە حکومەتەکەی دەست لەکار دەکێشێتەوە.

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا حکومەتی ئیسپانیا هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی یەکی ئۆکتۆبەر بکات، لەوانەش دەستگیرکردنی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا، داخستنی ماڵپەڕەکانی پەیوەندیدار بە گشتپرسییەکە و دەستگرتن بەسەر چەندین ملیۆن فۆرمی دەنگدان کە حکومەتی کاتالۆنیا بە سەربەخۆ چاپی کردبوون.

لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەشدا 760 کەس بە هۆی هێرشەکانی پۆلیسەوە بریندار بوون. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گرتەی ڤیدیۆیی توندوتیژییەکانی پۆلیسی ئیسپانیا بەرامبەر دەنگدەران بڵاوبووەتەوە،ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا ڕایگەیاند "پۆلیسی ئیسپانی توندوتیژی بەکارنەهێناوە".

حکومەتی ئیسپانیا چەند ڕۆژێک پێش گشتپرسییەکە هێزی پاسەوانیی نیشتمانی ڕەوانەی هەرێمەکە کردبوو. هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا، جۆردی تورول، گوتەبێژی حکومەتی کاتالۆنیا ڕایگەیاند سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی ناوەند، ٪73ی بنکەکان کراوەن".

لایەنگرانی گشتپرسییەکە بێدەنگ دانەنیشتن، خەڵکانێکی زۆر لە شەوی هەینییەوە لەو قوتابخانانە خەوتبوون کە بڕیاربوو دەنگدانەکەیان تێدا بەڕێوەبچێت. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی کاتالۆنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی مەدرید بڕیارێکی نوێی دەرکرد و بە پێی بڕیارە نوێیەکە هەموو کاتالۆنییەک دەیتوانی لە هەر بنکەیەک کە کراوەبێت دەنگ بدات، بێ ئەوەی ناوی لە بنکەکە تۆمار کرابێت.

کارلس پۆژیمۆنت، سەرۆکی کاتالۆنیا، بڕیاربوو لە شارۆچکەیەک لە پارێزگای خیرۆنا دەنگ بدات، بەڵام پێشتر پۆلیسی ئیسپانیا هێرشی کردە سەر بنکەکە و پۆژیمۆنت ناچار بوو لە بنکەیەکی دیکە دەنگ بدات. سەرۆکی کاتالۆنیا حکومەتی ئیسپانیای بەوە تۆمەتبار کرد کە "بەبێ هیچ بیانوویەک توندوتیژییەکی نابەرپرسیارانە بەکاردەهێنێت".

هەنگاوە توندەکانی حکومەتی ئیسپانیا تەنیا جوداخوازەکانی تووڕە نەکرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەوانەش کە لایەنگری مانەوەی کاتالۆنیان، پێیانوابوو حکومەتی ئیسپانیا زێدەڕۆیی کردووە. ئادا کالۆ، سەرۆکی شارەوانی بارسێلۆنا، یەکێک لەو بەرپرسانەیە کە لایەنگری مانەوەی کاتالۆنیا لەگەڵ ئیسپانیایە، بەڵام لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی نووسی "پێویست ناکات هاوڕای نەخشەڕێی حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا بیت بۆ ئەوەی بزانیت لایەنی بەرپرسیار لە خراپبوونی دۆخەکە حکومەتە کەللەڕەقەکەی ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیایە".

کالۆ لە وتارەکەیدا داوا دەکات یەکێتیی ئەورووپا بێتە سەر خەت. بەڵام کێشەی گشتپرسییەکەی ئەمجارەی کاتالۆنیا ئەوەیە کە نەک هەر حکومەتی مەدرید دژی بوو، بەڵکو یەکێتیی ئەورووپا و ڕۆژئاواش لەگەڵ گشتپرسییەکە نەبوون. زلهێزەکانی یەکێتیی ئەورووپا پێیانوایە جیابوونەوەی کاتالۆنیا نەک هەر لاوازبوونی یەکێک لە ئەندامە بەهێزکانیەتی، بەڵکو دەشێت لە وڵاتانی دیکەی یەکێتییەکەش گشتپرسی و پارچەکردنی وڵاتانی ئەندام ببێت بە نەریت، یانیش هەر هیچ نەبێت ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو وڵاتانی ئەندامدا بخاتەوە.

### مەدرید گۆڵی لە خۆی تۆمار کرد

لە کلاسیکۆ سیاسییەکەی ئەمجارەی نێوان بارسێلۆنا و مەدریددا تەنیا ئەوە گرنگ نەبوو کە گۆڵ لەبەرامبەرەکە بکرێت، بەڵکو گرنگیش بوو لایەنەکان گۆڵ لە خۆیان تۆمار نەکەن. زۆربەی لێکدانەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی گشتپرسییەکەی کاتالۆنیا ناکۆکییەکانی نێوان مەدرید و بارسێلۆنا قووڵتر دەکاتەوە.

بە گوێرەی ڕاپرسییەکان 75 بۆ ٪80ی کاتالۆنییەکان لەگەڵ سازدانی گشتپرسیدا بوون، دوایین توێژینەوەی ناوەندی نێودەوڵەتیی ئارتیس دەریدەخات هەوڵەکانی حکومەتی ئیسپانیا بۆ ڕێگری لە گشتپرسی تووڕەیی لای ئەو خەڵکانەش دروست کردووە کە لایەنگری مانەوەی کاتالۆنیان. بەشێک لەو لێکۆڵینەوەیە بۆ سایکۆلۆجیای دەنگدەران تەرخان کراوە و لەو بەشەدا دەردەکەوێت هەنگاوە توندەکانی مەدرید لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەست و سۆزی جیاخوازی لای خەڵکی کاتالۆنیا زیاتر کردووە.

ڕاپۆرتەکەی ئارتیس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر ئەنجامی گشتپرسییەکە لە قازانجی بەرەی "نەخێر"یش بێت، دیسان جوداخوازەکان دەتوانن ئەو هەنگاوانەی حکومەتی ئیسپانیا وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لە درێژخایەندا گوتاری جوداخوازی خۆیانی پێ بەهێز بکەن.

ڕائول ڕۆمێڤا، سەرۆکی ژووری کاروباری دەرەوەی کاتالۆنیا، هاوڕایە لەگەڵ لێکۆڵەرانی ئارتیس. ڕۆمێڤا لە دیمانەیەکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) ئەمریکیدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەنگاوەکانی مەدرید "هەڵوێستی خەڵکی بەرامبەر سەربەخۆیی گۆڕیوە، زۆر بە ڕوونی دیارە حکومەتی ئیسپانیا بە هیچ شێوەیەک نایەوێت بێتەسەر مێزی دانوستان".

بەڵام سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا لە گوتارێکدا دوای تەواوبوونی پرۆسەکە، گوتی ئەو هەنگاوە "زیانێکی گەورەی بە پێکەوە ژیان لە ئیسپانیا گەیاند" و بە "هێرشێک بۆ سەر دەسەڵاتی یاسا" وەسفی کرد. ڕاخۆی جەختی لەوە کردەوە کە "هیچ گشتپرسییەک لە کاتالۆنیا بەڕێوە نەچووە". سوپاسی وڵاتانی ئەورووپیشی کرد کە پاڵپشتییان لە سەروەری خاکی ئیسپانیا کردووە.

سەرۆکی کاتالۆنیا ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند "وێنەی ڕاستەقینەی دەوڵەتی ئیسپانیا گەیشتووەتە ئاستی ئابڕووچوون، کە بۆ هەتا هەتایە بە ڕوخساری حکومەتی ئیسپانییەوە دەمێنێتەوە". پۆژیمۆنت جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوەی حکومەتی ئیسپانیا لەرابردوودا نەیدۆڕاندبوو "لە ڕۆژی یەکشەممەدا بۆ هەمیشە دۆڕاندی".

### کاتالۆنیا تەنیا نەبوو

ژمارەیەک کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی ئیدانەی توندوتیژییەکانی حکومەتی ئیسپانیایان کرد. جێرێمی کۆربن، سەرۆکی پارتی کاری بەریتانیا، لە تویتێکدا نووسی: "داوا لە تێرێزا مەی (سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا) دەکەم ڕاستەوخۆ داوا لە ڕاخۆی بکات توندوتیژی پۆلیس لە کاتالۆنیا بوەستێت و چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو قەیرانە دەستوورییە بدۆزنەوە".

کارلیس میشێل، سەرۆکوەزیرانی بەلجیکا لە تویتێکدا ئیدانەی توندوتیژییەکانی کرد و داوای دەستپێکردنی "دیالۆگی سیاسی" کرد.

نیکۆلا ستورجیۆن، سەرۆکوەزیرانی سکۆتلاند، یەکێکە لەو سەرکردانەی لایەنگری جیابوونەوەی سکۆتلاند لە بەریتانیایە، بۆیەش لە تویتێکدا وێڕای ئیدانەکردنی توندوتیژییەکان، نووسیویەتی "لێگەڕێن بە خەڵک بە ئاشتیانە دەنگی خۆیان بدەن".

چاڤی هێرناندێز، یاریزانی پێشووی یانەی بارسێلۆنا، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا هەڵمەتەکەی پۆلیسی مەدریدی بە "مایەی شەرم" وەسف کرد.

کارلس پویۆل، کاپتنی پێشووی یانەی بارسێلۆنا، لە تویتەری خۆی بڵاوی کردەوە "دەنگدان دیموکراسییە!"



هەوڵەکانی حکومەتی ئیسپانیا بۆ ڕێگری لە گشتپرسی تووڕەیی لای ئەو خەڵکانەش دروست کردووە کە لایەنگری مانەوەی کاتالۆنیان (فۆتۆ: AFP)

# قاعیدە و داعش یەکدەگرنەوە؟

**ڕووداو- هەولێر**

هەموو گرووپە جیهادییەکان ناکۆکی نێوخۆییان تێدایە، بە تایبەتیش لەبارەی ئامانجەکانی هێرش، تەکتیکەکان، شێوازی ڕێکخستن و پرسە ئایدیۆلۆژییەکان کە گرووپەکان گوتاری خۆیانی لەسەر دادەمەزرێنن، لە هەمووشیان گرنگتر ئەو پرسیارەیە کە مەبەست لە موسڵمانی تەواو چییە؟ شارەزایان پێیانوایە ئەم ناکۆکییانە لە ساتەوەختی لاوازبوونی گرووپەکاندا تۆختر دەبنەوە.

ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش لە عێراق و سووریا تاوەکو دێت بچووکتر دەبنەوە، بەڵام ئەو گرووپە توانای هێرشی پارتیزانی و هێرشی تیرۆریستی ماوە. قاعیدە لە چەند ساڵی ڕابردوودا خۆی بۆ یارییەکی درێژخایەن ئامادە کردووە، بەڵام ئەو ڕێکخراوەش هاوشێوەی داعش بە لاوازی ماوەتەوە و ناتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا تاکلایەنە ئیدیعای سەرکردایەتی جیهادییە تەکفیرییەکانی جیهان بکات.

دانیال بایمەن، ساڵانێکە لە گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان دەکۆڵێتەوە و پێیوایە یەکێک لەو پرسیارانەی کە دەکرێت ناکۆکیی قووڵ لەنێو ڕێکخراوە سەلەفییە جیهادییەکاندا دروستبکات، ئەوەیە کە "موسوڵمانی ڕاستەقینە کێیە؟" واتە ئەو هێڵە چییە کە بڕوادار و بێبڕوا لە یەکدی جیادەکاتەوە. سەلەفییە جیهادییەکان تەنیا بەوە ڕازی نابن کە کەسێک بڵێت بڕوای بە خوایە و محەممەد بە نێردراوی خوا دەزانێ.

لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەرچەندە بیانووی ڕێکخراوە تەکفیرییەکان بۆ جیهاد بەرگریکردن لە موسڵمانان یان وەرگرتنەوەی خاکی موسوڵمانانە لە غەیرە موسوڵمان، بەڵام بەکردەوە زۆربەی گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان موسوڵمانی ئاسایی بە بێبڕوا لەقەڵەم دەدەن".

هەندێک لەو گرووپانە لەوەش زیاتر دەڕۆن و جیاکارییەکە دەبەنە نێوان سەلەفییەکان و غەیرە سەلەفییەکان، بۆیەش گرووپە تەکفیرییەکان ڕێکخراوێکی وەکوو ئیخوان موسلمین بە "خەوشدار" دەزانن. ژمارەیەک لە گرووپەکانیش ئەو هێڵە جیاکەرەوەیە تاوەکو سەلەفی و سەلەفی جیهادی ورد دەکەنەوە، چونکە ئەو سەلەفییە جیهادییانە پێیانوایە "خەڵک یان لەگەڵمانە یان دژمانە". نموونەی ئەمە لە گرووپە سەلەفییە جیهادییەکانی جەزائیردا دەبینرێت کە ئامادەبوون خەڵکی ئاسایی بکوژن، چونکە هاوکارینەکردنی ئەو خەڵکە لەگەڵ گرووپەکان بە "خیانەت و بێ بڕوایی بە جیهاد" لێکدەدرایەوە.

خاڵێکی دیکە کە جێی ناکۆکیی گرووپە تەکفیرییەکانە، بۆ ئامانجی هێرشە تیرۆریستییەکان دەگەڕێتەوە. وەکوو بایمەن دەیخاتەڕوو، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە "ئایا گرووپە جیهادییەکان هەقی ئەوەیان هەیە خەڵکی بێتاوان، بەتایبەتیش خەڵکی موسڵمانی بێتاوان، بکەنە ئامانجی هێرشەکانیان؟ ئایا لەکاتی دانانی پلانی هێرشەکاندا نابێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە هێرشەکەدا ژمارەیەک هاووڵاتی بێتاوانی موسوڵمان دەکوژرێن؟"، وەکوو چۆن لە هێرشەکەی 2003ی ئەلقاعیدە لە سعودیە نزیکەی 20 هاووڵاتیی سعودی کوژران و ژمارەی کوژراوە سعودییەکان زۆر لە کوژراوە ئەمریکییەکان زیاتر بوو.

بەڵام وەڵامدانەوەی ئەو پرسە تەنیا کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی و شەرعی نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسییشە و پەیوەندی بە پاراستنی بنکەی جەماوەریی ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی ئیسلامی هەیە. هێرشەکەی 2003ی قاعیدە لە سعودیە کاردانەوەی توندی خەڵکی سعودیەی بەرامبەر قاعیدە لێکەوتەوە. بایمەن پێیوایە قاعیدە لەو هێرشانەوە کۆمەڵێک وانەی وەرگرتووە، بۆیەش لە دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە وردتر ئامانجەکان دەستنیشان بکات.

ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی قاعیدە بەرامبەر توندوتیژییەکانی داعشیش ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە کاتێک داعش بەشێوەیەکی دڕندانە فڕۆکەوانێکی ئوردنی کوشت، باڵی قاعیدەی نیمچە دوورگەی عەرەبی ڕایگەیاند ئەو دیمانانە "بەڵگەیەکی ڕوونن بۆ لادانی داعش". ئەو هەنگاوە تەکتیکیانەی قاعیدە بەرامبەر داعش بەشێکن لە ستراتیژی قاعیدە بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکاتەوە.



گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان لەسەر شێوازی ڕێکخستنیش ناکۆکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، پرسیاری سەرەکیش لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە ئاخۆ ڕێکخستنی گرووپەکان دەبێ هەرەمی بێت یان نامەرکەزی؟ هەرچەندە قاعیدە و داعش پەیڕەوی لە سیستەمی دەسەڵاتی هەرەمی دەکەن کە تێیدا سەرکردەیەکی باڵا و ژمارەیەک فەرماندەی سەربازی و ڕاوێژکاری باڵا بڕیار لەسەر پرسە هەستیارەکان دەدەن.

بەڵام هەردوو ڕێکخراوەکە خەریکن دەگەنە ئەو ڕاستییەی سیستەمی هەرەمی بۆ ڕێکخراوەکان مەترسیدارە، بە تایبەتیش کاتێک سەرکردەی باڵای ڕێکخراوەکە دەکوژرێت، لەو حاڵەتەدا گرووپەکە بۆ ماوەیەک لەڕووی سایکۆلۆژی و چالاکییەوە تووشی متبوون دەبێت. جیا لەمە ئەو سیستەمە زۆربەی جاران دەبێتە هۆکاری ئاشکرابوونی شوێنی سەرکردەکان، لەبەر ئەوەی پەیوەندیکردن پێیان پێویستی بە کات و کەناڵی زۆرە. بۆیەش هەندێک لە باڵەکانی قاعیدە (وەکوو هەیئەی تەحریری شام) داوا دەکەن جۆرێک لە ئۆتۆنۆمییان لە بڕیاردان و چالاکیدا پێبدرێ.

کێشەیەکی دیکە کە قاعیدە و داعش لە یەکدی جیادەکاتەوە و دەکرێ لە داهاتوودا سەرچاوەی پێکدادانی سەختی نێوان ئەو دوو گرووپە بێت پەیوەندی بە ناو و ماهییەتی ئەو دەسەڵاتەوە هەیە کە هەر یەکێکیان خەون بە دامەزراندنییەوە دەبینێ. بەڕواڵەت هەردوو ڕێکخراوەکە خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەبینن، بەڵام لە ماهیەتی ئایدیۆلۆژی و تەشریعی و ئەرک و زەمینە واقیعییەکانی دەسەڵاتە سیاسی و ئیدارییەکەدا جیاوازن.

داعش لە 2014 خەلافەتی ڕاگەیاند، بەڵام وەکوو بایمەن ئاماژەی بۆ دەکات سەرکردەکانی قاعیدە لە کۆبوونەوە نهێنییەکانیاندا دانیان بەوەدا ناوە کە گرووپەکەیان هێشتا نەیتوانیوە ئەو بنکە جەماوەرییە دروست بکات کە بۆ مانەوەی خەلافەت و دامەزراندنی ستروکتوری خەلافەتەکە پێویستە. ئەیمەن زەواهیری، سەرکردەی باڵای قاعیدە، لەچەندین نامەدا بۆ هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) جەختی لەوە کردووەتەوە کە لەبری دامەزراندنی ئیمارەت و خەلافەت بیر لە فراوانکردنەوەی بنکەی جەماوەریی قاعیدە بکەنەوە.

هەر ئەم جیاوازییەش وایکردووە قاعیدە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە سووریا هەوڵبدات یاسا ئیسلامییەکان نەرمتر بکاتەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە جێ بهێڵێت و بایەخێکی زیاتر بە دابینکردنی خزمەتگوزاری مەدەنی بدرێت. بە پێچەوانەشەوە داعش هەموو سەرپێچییەک لە یاسا شەرعییەکانی خۆی بە کوشتن و ئەشکەنجە وەڵام دەداتەوە. ئەگەرچی لە بنەڕەتە شەرعییەکاندا جیاوازییەک لە بنەماکانی بیرکردنەوەی قاعیدە و داعشدا نییە، بەڵام قاعیدە سیاسەتێکی پراگماتیستیتر پەیڕەو دەکات.

بایمەن پێیوایە گرنگە بزانرێت ئاخۆ ئەو جیاوازییانە لە نێوان قاعیدە و داعش پەیوەندییان بە ئامانجە درێژخایەنەکان هەیە یان ئەولەویەتە هەنووکییەکان، جەختیش لەوە دەکاتەوە "ئەگەر جیاوازییەکان پەیوەندییان بە ئامانجی ڕێکخراوەکانەوە هەبێت، ئەوە یەکگرتنەوەی ئەو گرووپانە لە داهاتوودا کارێکی سەخت دەبێت، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکان تەنیا لە ئەولەویەتەکاندا بن، ئەوە گۆڕانی بارودۆخ و یەکگرتنەوەی ئەولەویەتەکان دەکرێت گرووپەکان لە یەکدی نزیک بکاتەوە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتی و کۆسرەت رەسوڵ

کوردستان بە دۆخێکی زۆر هەستیار و چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبێت، کەوتووەتە بەردەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی چاوەڕوانکراو و ئەگەری چاوەڕواننەکراوەوە، لە دۆخێکی وادا خوێنەر تامەزرۆی لێکدانەوەی رووداوەکان و هەڵسەنگاندنی واقیعی حاڵ و شرۆڤەی پێشهاتەکان دەبێت، رەنگە بەلایانەوە سەیر بێت، لەم کاتە هەستیارەدا سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتێک رادەکێشم کە پەیوەندی بە هێزێکی سیاسیی دیاریکراو و کارەکتەرێکی سیاسیی کوردستانەوە هەیە، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت لەم جۆرە وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرئەوەی کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتان بەدامەزراوەیی نەکراون، کارەکتەرە سیاسییەکان رۆڵیان لە خولقاندنی رووداوەکاندا دەبێت و دواجار هەر ئەوانن دەتوانن ئاراستەی رووداوەکان بە باش یان خراپ بگۆڕن. بۆیە قسەکردن لەوان بەشێکە لە پێویستیی شرۆڤەی رووداوەکان.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش وەک سروشتی خۆی پڕە لە ململانێ و ناچوونیەکی سیاسی و بۆچوونی جیاواز کە دەشێ بۆ دۆخێکی ئاسایی، ئەو حاڵەتەی ناو یەکێتی وەک دۆخێکی ئاسایی و بەشێک لە خەسڵەت و سروشتە تایبەتەکەی خۆی تەماشا بکرێت، بەڵام لە هەلومەرجێکی هەستیار و دۆخێکی پڕ لە چرکەساتی گۆڕانکاری و قۆناغێکی راگوزەردا، ئەو گوتار جیایی و فرەبۆچوونییەی کار دەکاتە سەر گۆڕینی ئاراستەی رووداوەکان و رەنگدانەوەی بەسەر پێشهاتەکانەوە دەبێت، بۆیە گرنگە یەکێتی لانیکەم لەو ساتانەی کوردستان پێویستی بە بڕیاری یەکلاکەرەوەی یەکێتی دەبێت، یەک دەست و یەک هەڵوێست بێت. بەڵام لەدوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە ئەمە روونادات. کەواتا بۆ ئەوەی یەکێتی لە رووداوەکان دانەبڕێت و بە ئەرێنی بەشێک بێت لەو هێزە گوشارەی ئاراستەی رووداوەکان بۆ خێری کوردستان دەگۆڕێت، پێویستی بە کارەکتەرێکی سیاسی هەیە لە چرکەساتی بڕیارە ئاڵۆز و سەختەکاندا توانای یەکلاکردنەوەی هەبێت.

کۆسرەت رەسوڵ وەک کارەکتەرێکی سیاسی بەهێزی ناو یەکێتی و کوردستان، سەرباری ئەوەی بەهۆی ئەو ژینگە سیاسییە شێواوەی کوردستانەوە، ئەویش لە روانگەی خەڵکانێکەوە تێبینی لەسەر دروست بووە، بەڵام لە مێژووی نزیک بە نیو سەدەی رابردووی کوردستاندا، کارەکتەرێکی ئیجابی بووە بۆ یەکێتی و بۆ کوردستان. دونیابینی و تێگەیشتنی سیاسی بۆ پێشهاتەکان دروستتر بووە لە زۆر لە سیاسییەکانی پێش و سەردەمی خۆی. ئێمەمانان ئەوانەی لە نزیکەوە ئاشنای ئەوین، زۆر نموونەی بەرجەستەمان لێ بینیوە. سێ ساڵ پێش ئەنفال و لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی دەربارەی جۆری پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوانیان لەگەڵ ئێران، بۆچوونەکانی بەگران لەسەری کەوتوون، لە ئەنفال و هەڵەبجەدا هەمووی بەدی هاتن. لە کتێبی دیداری تەمەنی مام جەلالدا، هەڵە نەبم لە سێ شوێن مام جەلال باس لەوە دەکات کە دیدی کۆسرەت بەو جۆرە بوو ئێمە بە قسەیمان نەکرد، دوای رووداوەکان دەرکەوت تێڕوانینەکەی ئەو دروست بووە. بیرەوەرییەکانی فەرەیدوون عەبدولقادریش چەند نموونەیەکی لەم جۆرەی تێدایە. لە چەندین قۆناغدا پارێزەری یەکێتی نیشتمانی بووە، لە شکست و تێکشکانی حەتمی هەڵیساندووەتەوە، لە بەڵگەنامەکانی بەعس و راپۆرتی ئیستخباراتی بەعس بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەکانی ئەنفال بەو جۆرە باسی دەکات کە بەهۆی بەرگریی سەرسەختی هێزەکەی کۆسرەت رەسوڵەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر پرۆسەی ئەنفال پەکی کەوت و هەزاران خێزان و پێشمەرگە بەو هۆیەوە رزگاریان بووە و ئاودیوی سنوورەکانی ئێران بوون.

رووداوەکانی سێ مانگی رابردووش سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئەو راستیانەی سەلماندەوە کە ئەگەر کۆسرەت رەسوڵ و کەمینەیەکی ناو یەکێتی نەبووایە، ئێستا ئاراستەی رووداوەکان بە ئاقارێکی تردا دەڕۆیشت. بەتایبەتیش ئەم دۆخە بۆ یەکێتی هەستیار و چارەنووسساز بوو. لەنێو ئەو هەموو گوشارەی دەیانویست یەکێتی بە ئاقارێکدا بەرن لەگەڵ ئامانجەکانی خۆی و میللەتەکەی یەک نەگرێتەوە کە بەوەش نە کوردستان دەیتوانی بڕیارێکی لەو جۆرە بدات رێگەی سەربەخۆیی بگرێت و نە یەکێتیش بەیەکگرتوویی دەمایەوە، بەڵام ئەم کارەکتەرە سیاسییە توانی بەسەر هەموو کێشەکانی ناو یەکێتیدا زاڵ بێت و رێگەیەکی دروست بگرێتەبەر کە ببێتە هەوێنی ئەو دەستەجەمعییەی بڕیاری ریفراندۆمی لێکەوتەوە.

لەیەکەم رۆژی دوای ئەو کۆبوونەوەیەشەوە، لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە گوشارەکان بۆ سەر یەکێتی زیادیان کرد لە بەغدا و لە تارانەوە، لەناوخۆی یەکێتی و لە گۆڕانەوە، گوشاریان دەخستە سەر یەکێتی کە نابێت رێگە بدات ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بخرێنە ناو چوارچێوە و سنووری ریفراندۆمەوە، پاساوەکە بە رووکەش بەبیانووی ئەوە بوو کورد ئەو ناوچانە لەدەست دەدات، تەنانەت ئێران وەک هەڕەشە ئەمەی دەدا بەگوێی یەکێتیدا و دەیویست یەکێتی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، ئامانجەکەش ئەوە بوو پاشەکشێ بە یەکێتی بکەن و لەو رێگەیەوە پەکی پرۆسەی کاروانی سەربەخۆیی کوردستان بخەن، ئەگەر یەکێتی لە هەر چرکەساتێکدا بکەوتایەتە ژێر ئەو فشارانەوە، ریفراندۆم لە کوردستان نەدەکرا. تەنانەت لە ساتەکانی کۆتایی و شەوی پێش ئەنجامدانی پرۆسەکەش هەوڵەکان لەوەدا چڕکرانەوە کە کەرکووک دابڕن، ئەگەر ئەوەش روویدابا، بەدەر لەوەی بۆ یەکێتی دەبووە مێژوویەکی رەش، پەکی کاروانەکەش دەخرا و دۆخێک دروست دەبوو بۆ هەمیشە هەیمەنە و دەستی بەغدا بەسەر کەرکووکدا زاڵ ببێتەوە، دوور نەبوو کوردستان دابەش بووبا و یەکێتیش ببووایە بەچەند لەتێکەوە کە ئەمانە روویان نەدا و پرۆسەکە بە کەرکووکەوە قۆناغە سەختەکەی تێپەڕاند، بەهۆی کۆسرەت رەسوڵەوە بوو.

ئێستا پێمان ناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوە، کوردستان لە جاران زیاتر پێویستی بە دڵنیایی هەیە کە ئەو رووداوانە دووبارە نابنەوە مەترسی بهێننە رێی پرۆسەی سەربەخۆیی، دەبێ بارزانی لەوە بگات ئەگەر یەکێتی لەگەڵ نەبووایە، نەیدەتوانی بڕیار لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بدات، یەکێتیش لەهەر چرکەساتێکدا بکشایەتەوە پرۆسەکە پەکیدەکەوت. بۆ ئایندەش ئەمە هەر راستە و بەبێ یەکێتی ناگاتە مەقسەد، پێویستە یەکێتییەکانیش لەم بەرپرسیارێتییەی خۆیان بگەن کە چارەنووسی کوردستان بەشێکی بەستراوە بە هەڵوێست و هیمەتی ئەوانەوە، کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان وەلا بنێن و ئەو رۆڵ و بەرپرسیارێتییە ببینن کە قۆناغەکە خستوویەتیە ئەستۆیان. یەکێتی هێزێکە زیاتر لە چل ساڵە لە ریزی پێشەوەی خەبات بۆ سەربەخۆیی میللەتەکەیدایە، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغێک بەرەو گەیشتن بە ئامانج دەڕۆین، بۆ ئەوەی لە کاروانەکە دانەبڕێت و نەبێتە هۆی شکستی نەتەوەیەک، پێویستە جڵەوی ئەم هێزە لەو دەستەدا بێت کە بە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕوات. چونکە لە ئێستا بەدواوە بەرپرسیارێتییەکان گەورەترن و دەبێت کوردستان یەک دەست و یەک گوتار بێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم. لە هەمانکاتدا مەترسی و هەڕەشەکانیش زیاتر دەبن، ئێران ئەوەی پێشتر بە گوشار دەیکرد، لەمەودوا بە کردار دەیکات، ئەوەی کە دەیویست کەرکووک بەو جۆرە دابڕێ لە پرۆسەکە، لەمەودوا دەیەوێ سلێمانی جیاکاتەوە لە هەرێمی کوردستان.



مامەند رۆژە

# سەعدئابادی نوێ: سیاسەتی تەوقی نەرم

تورکیا، ئێران و عێراق بۆ تەوقی هەرێمی کوردستان و لەباربردنی پرۆژەی سەربەخۆیی، لە دەوری پەیمانێکی نوێ کۆدەبنەوە. ئەم پەیمانە جۆرێک لە سەعدئابادی نوێیە کە ئامانجی گەمارۆدان، گرمۆڵەکردن، داپڵۆسین و گیرۆدەکردنی هەرێمی کوردستانە. پێدەچێ ناوکی ئەم پەیمانە نوێیە لە حوزەیرانی رابردووەوە دانرابێت.

لە ئەنجامی ئەم رێککەوتنە سێقۆڵییەدا، حکومەتی عەبادی دەستی بە هەڵمەتێک کردووە کە بە متمانە بەخۆکردنێکی بەرزەوە بە گوتاری هێرشبەر رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

ئێستا دەپرسین گەلۆ: لەدوای گشتپرسی و لەدوای هێرشی عەبادی و هاوسێکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێ بەرەنگاری ئەم ئالیەتە سێقۆڵییە ببێتەوە؟ کارتەکانی کوردستان چین؟

## پەیمانی سێقۆڵی: ستراتیژی تەوقی نەرم

ئەوەی ئێستا لەنێوان عێراق، ئێران و تورکیا بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە دەگوزەرێ، نوسخەی تازەی پەیمانی سەعدئابادە کە بۆ دەستەمۆکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان رووی تێکراوە. ئەم هێزانە دەیانەوێ بە تەوقی نەرم لە سێ لاوە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. بۆیە ئامانجیان لە تەوقی نەرم ئەمەیە: گەمارۆدان، گرمۆڵەکردن، تێکبەردان، لاوازکردن و چۆک پێدادان.

تاکتیکی ئەم پەیمانە سێقۆڵییە لە تاکتیکی کەمتیار دەچێت. سەرەتا بە تاکتیکی کەمتیار رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و دواجاریش بە تاکتیکی ئاناکۆندا نێچیرەکە هەڵدەلووشن. تاکتیکی کەمتیار چۆنە؟ سەرەتا لە چواردەورەوە گەمارۆی نێچیرەکە دەدەن. ئەوەندە سەبردەکەن و ئەوەندە گەمارۆکە توند دەکەن هەتاوەکوو نێچیرەکە بڕستی لێدەبڕێ و دادەهێزرێت. ئەوجا لە لاوازترین گۆشەوە پەلاماری دەدەن.

ئەم سێ دەوڵەتە دوو رێکاری سیاسییان بۆ جڵەوکردنی خواستی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان رەچاو کردووە: یەکەم، سیاسەتی تەوقی نەرم و دووەمیش سیاسەتی تەوقی زبر. بۆچی یەکەمجار روویان لە سیاسەتی تەوقی نەرم کردووە؟ لەبەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا ناوێرن سیاسەتی تەوقی زبر پیادە بکەن. بەڵام هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ تەوقی زبر دەکەن. ئەنجامدانی مانۆڕە سەربازییە هاوبەشەکانی تورکیا – عێراق و ئێران – عێراق لەم چوارچێوەیەدایە.

## کارتەکانی عێراق: سیاسەتی تەوقی نەرم

حکومەتی عێراق دەستبەجێ لە پەرلەمان 12 مادەی بە پەسەندکردن داوە. لەناو ئەم 12 مادەیەدا کارتەکانی عێراق دەخوێنرێنەوە. ئەم پرۆژەیە بە سادەترین شێواز، واتای راگەیاندنی جەنگ دەگەیەنێت. راستییەکەی عەبادی جەنگی راگەیاندووە، بەڵام لەبەر جەنگی داعش و لەبەر فشاری هاوپەیمانان جارێ ناوێرێ ئەم دۆسێیە بکاتەوە. کەوابوو سیاسەتی تەوقی زبر هەر دێتەکایەوە.

ئەوەی هەرێمی کوردستانیش چاوەڕێی دەکرد راست دەرچوو: لۆژیکی بەرپرسیارانی عێراق نەگۆڕاوە و ئێستاش مافەکانی کورد بە زیادەڕەوی وەسف دەکەن و خاک و خەڵکی کوردستان بە هی عێراق دەزانن، باوەڕیان بە فیدراڵیزم نییە، سانترالیستن، فرەبیخواز نین و تاکخوازن، دیموکرات نین و ئاوتۆکرات و بگرە تۆتالیتاریانن.

واتە: ئەم جەنگە چ گشتپرسی بکرایە و چ نەکرایە، هەر رووی دەدا. کەوابوو گشتپرسی پەردەی لەسەر هەڕەشەیەکی خەوتوو هەڵماڵیوە و بە نێودەوڵەتیی کردووە. ئەمەیە کە دەڵێین گشتپرسی بووەتە هۆکاری ئاسایشی نیشتمانی!

بەغدا لە هەنگاوی یەکەمدا دەیەوێ لەڕێی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی هێز و سەروەریدا، کوردستان بشکێنێت. بۆ ئەمەش دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکانی بە ئامانج گرتووە. تورکیا و ئێران بەڵێنی هاوکارییان پێداوە. راستەوخۆ خۆیان نا، بەڵکوو لەڕێی عیراقەوە دەیانەوێ تاکتیکی کەمتیار لەسەر کوردستان پیادە بکەن، چونکە رەوایی زیاتری هەیە. ئەگەر بەغدا ئەمەی بۆ بچێتە سەر، لە هەنگاوی دووەمدا سیاسەتی تەوقی زبر دەستپێدەکا و هەڵدەکوتێتە سەر ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان و سەرچاوەکانی نەوت.

لە سیاسەتی تەوقی نەرمدا، دەیەوێ دەست بەسەر خاڵە سنوورییەکاندا بگرێ، فڕۆکەخانەکان رابگرێ، کەلوپەلی پێویستی کوردستان راگیر بکا، داراییەکانی وزەی کوردستان بلۆک بکا، دەست بەسەر گومرگەکاندا بگرێ کە مانگانە بڕی 250 میلیۆن دۆلار داهات دەستەبەردەکەن.

بەکورتی بەغدا دەیەوێ دەست بنێتە بینەقاقای کوردستانەوە. بەغدا، تاران و ئەنکەرە هیچ حسابێک بۆ دەنگی سێ ملیۆن کوردستانی ناکەن و راستییەکەی دەیانەوێ شکۆی کوردستانییان بشکێنن. تورکیا دەڵێ تەنها لەگەڵ عێراق مامەڵە دەکەین و تەنها لەوان نەوت دەکڕین و تەنها کارمەندەکانی ئەوان لەسەر سنوور قبوڵ دەکەین. ئێران دەڵێ تاوتوێی جێگیرکردنی کارمەندەکانی عێراق لە دەروازە سنوورییەکان دەکەین و هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان رادەگرین.

## ئامانج لە تەوقی نەرم چییە؟

ئامانج لە تەوقی نەرم ئەم فۆرموولەیە: گەمارۆی دەدەم، گرمۆڵەی دەکەم، لاوازی دەکەم و چۆکی پێدادەدەم. واتە ئامانج تەسلیمبوونی هەرێمی کوردستان و ناچارکردنیەتی بە سیاسەتی دراوسێکان. ئەمە نوسخەی تازەی کۆلۆنیالیزمە. ئەمە داگیرکارییەکی نوێیە کە دەیەوێ بە سیاسەتی تەوقی نەرم کوردستان قووت بدات.

پەیامی پەیمانی سەعدئابادی نوێ ئەمەیە کە بە کوردستان و کوردستانییان دەڵێن: تۆ نابێ سەروەر و سەربەخۆ بی، نابێ لە بازنە و جغزی ئێمە دەربچی، نابێ بەهێز بیت. تۆ دەبێ پاشکۆ بی، دەستەمۆ بی، گرمۆڵە بی، لە کۆنترۆڵی ئێمەدا بیت.

بەمجۆرە بە تەوقی نەرم دەیانەوێت: کوردستان لە پێگەی هێرشی گشتپرسی بگێڕنەوە، گەمارۆی بدەن، فشاربخەنە سەری، داوای رادەستکردنەوەی گومرگەکان، دەروازە سنوورییە زەمینی و ئاسمانییەکان و داراییەکان و سەرچاوەکانی وزە بکەن.

ئامانجی ستراتیژی لەمە چییە؟

ئامانجی ستراتیژیی سەرەکی تێکشکاندنی ئیرادەی گەلی کوردستانە کە بە چارەنووسی دەستەمۆیی رازی ببێ و داوای سەروەری و سەربەخۆیی نەکات. بەڵام ئامانجی ستراتیژیی لاوەکیشی هەیە. ئەمیش بریتییە لەوەی لەڕێی گوشاری ئابووری و گەمارۆی نەرمەوە، سەرمایەگوزاری لەسەر درزە ناوخۆییەکان بکەن. دەیانەوێ هێزە کوردستانییەکان بەگژ یەکدا بکەن و بەمجۆرە دووبەرەکی لە ریزەکاندا بنێنەوە. تەنانەت بۆیان بکرێ هەوڵدەدەن جەنگی ناوخۆییش بنێنەوە. سەیری گوفتارەکانی عەبادی بکەن کە دەڵێ: ئێوە هاووڵاتی پلە یەکن.

## ئیدارەی قەیران: کارتەکانی کوردستان

کەوابوو: دەبێ لە هەرێمی کوردستان بە وردی سیاسەتی تەوقی نەرم بخوێنینەوە. لە سیاسەت، ستراتیژی و تاکتیکەکانی نەیاران بکۆڵینەوە. کارتەکانی نەیاری ستراتیژی کەشف بکەین. ئەوجا بەپێی ئەمە سیاسەت، ستراتیژی، تاکتیک و کارتەکانی خۆمان دیاری بکەین و بجووڵێینەوە.

لێرەدا بەهێزکردنی گوتاری مقاومەت گەلێک گرنگە. دەبێ هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن، مینبەری پەرستگەکان، گوتاری سیاسی، میدیایی و دینی لەسەر تۆکمەکردنی گوتاری بەرخودان چڕبکرێتەوە، دەبێ گوتاری مەزڵوومیەتی گەلی کوردستان بەرزبکرێتەوە، بەڵام هاوکات دەبێ بیر لە گوتار و سیاسەتی هێرشبەریش بکرێتەوە.

دەبێ بزانین کوردستان گەلێک کارتی بەدەستەوەن: کارتی گشتپرسی و جەماوەری ملیۆنی، کارتی مەزڵومیەت و رەوایی دۆزە سیاسییەکەی، کارتی کوردی رۆژهەلات لە دژی ئێران، کارتی کوردی باکوور لە دژی تورکیا، کارتی عەرەبی سوننە (لەدژی عێراق)، کارتی پشتیوانیی هاوپەیمانان و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا، کارتی ئاو و تاد.

بەڵام، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم کارتانە چۆن بقۆزینەوە؟ دەبێ خاوەنداری لە ئیرادە و دەنگەکانمان بکەین و بڵێین: شکۆی ئێمە دەنگی بەڵێیە.



سەلام ناوخۆش*

# پۆست ریفراندۆم

پۆست کریتیسیزم، پۆست مۆدێرنیزم، پۆست سێکولاریزم ...پرانسیپ و ئەدگاری خۆیان هەیە. بە دیدی من پۆست ریفراندۆم هەم لەگەڵ ئەو سێیەدایە، هەم لەگەڵ پۆست وۆر (پاش شەڕ)، بە واتای بەشی یەکەم پرانسیپ و ئەدگاری خۆی هەیە، بەشی دووەم قۆناغێکی سیاسی و ئابوورییە.

لە پۆست ریفراندۆمدا ، کێشە سیاسییەکان لە نێوان باشووری کوردستان و ئێران و تورکیا و عێراق ئاڵۆزتر دەبن، بەڵام فاکتەری ئابووری وا دەکات ، نە ئێران و نە تورکیا بۆ یەکتری چۆڵ ناکەن. دەوڵەتێکی وەک ئێران 6 ملیار و یەکی وەکو تورکیا 8 ملیار دۆلار بازرگانیی لەگەڵا کوردستان هەیە! وێڕای ئەوەش دراوی ئەو دوو دەوڵەتە لە ڕەوشێکی هەرە خراپدان! بۆیە هەر ئیمبارگۆیەک هەڕەشەی زیاتر لە بەهای دراوەکەیان دەکات! ئەمەش گەر بزانین، ڕەوشی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی ئەو دوو وڵاتە لە دۆخێکی ئەوتۆدا نییە حەسوودییان پێ ببردرێت!

عێراق دەورێکی پاشکۆیی دەبینێت! گەر ئێران ڕازی بێت، شیعەی عێراق هیچ ئاریشەیەکی جیۆگرافی لەگەڵا باشووری کوردستان نییە. ئەو هاتوهاوارەی عەبادی بۆ مەرگی سیاسی خۆیەتی نەک هەڕەشە بێ بۆ سەر کوردستان. لەلایەکی دیکەوە ناوێرێت حەشدی شەعبی بجوڵێنێت نەک بە زەرەری خۆی تەواو بێت!

ئەو هەموو گورگە لە چواردەوری کورد هەیە، کورد لە سەریەتی گورگ بێت بۆ ئەوەی گورگەکان نەیخۆن یان ئازاری نەدەن!

بە کورتی، ڕای من ئاوایە کە قۆناغی پۆست ڕیفراندۆم وەک گوللەیەکی لە تفەنگ دەرچووە ، دوور یا نزیک کوردی باشوور لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە (لە میساقی میللی) هەنگاو داوێ بەرەو سەربەخۆیی و چارەنووسی شێخ مەحموود 1918–1919 و 1922–1924 و قازی محەممەد–1945 1946 و مستەفا بارزانی 1970–1974 دووبارە نابێتەوە!

*مامۆستای زانستگا

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دەتوانین تاکلایەنە سەربەخۆیی رابگەیەنین؟

## 1

کاردانەوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان چاوەڕوانکراو بوون، بەڵام بێدەنگیی ئەمریکا و رۆژئاوا، بەرامبەر ئەو گەلەکۆمە ئیقلیمییە بۆ تەمبێکردنی گەلی باشووری کوردستان دوور بوو لە چاوەڕوانی. هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکا لەهەمبەر گشتپرسی و ئەنجامەکانی، دەستی وڵاتانی ئیقلیمیی والا کردووە، ئەڵبەتە نە بەو ئەندازەیەی کە بتوانن هێرشی سەربازی بکەنە سەر کوردستان. ئێران، تورکیا و وڵاتی بەناو عێراق، گرەوی گەورەی بەر لە گشتپرسییان دۆڕاند و ئێستا لە چاوەڕوانیی هەنگاوی یەکلاکەرەوەدان کە راگەیاندنی سەربەخۆییە.

ئەو رێکارانەی ئەو سێ وڵاتە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا گرتوویانەتەبەر، پتر جەنگێکی دەروونییە بۆ ئیدارەدانی ئەو شکستەی تووشی بوونە و، ئومێدیان ئەوەیە کە بتوانن بەو رێکارانە ناوماڵی کوردستان و ئەو حەماسەت و یەکگرتووییە لەباربەرن. بۆیە ئەنجامی کۆتایی گشتپرسیی کوردستان قابیلی دەستی دەستی نییە و ناشکرێ فریوی ئەو پرۆژە و دەستپێشخەرییانە بخورێت کە لە هەموویاندا تەنها دوو خاڵی بنچینەیی هەیە: نادیدەگرتن یان سڕکردنی ئیرادەی گەلی کوردستان و گەڕانەوە بۆ دەستوور و هێشتنەوەی پرسەکە لە چوارچێوەی وڵاتی بەناو عێراقدا. ئەوانەش هەمان ئەو دوو بنەمایەن کە پێش گشتپرسی هەبوون!

سەرکردایەتیی کوردستان رایگەیاندووە کە دەیەوێ سەربەخۆیی کوردستان بە دیالۆگ و رێککەوتن بێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە و هەرسێ لایەن بە ئەمریکاشەوە یاری بە کات دەکەن. ئەگەر سەرکردایەتیی کوردستان بچێتە ناو تونێلی دانوستانە بێهوودەکانی رابردوو و سەربەخۆیی نەکاتە ئەمری واقیع، کوردستان لەوەی کە هەشە دەبێ. راستە بنچینەکانی حقوقی نێودەوڵەتی مافی ئەوە بە گەل و نەتەوەکان نادات تاکلایەنە گشتپرسی بکەن و سەربەخۆیی رابگەیەنن، بەڵام لە هیچ شوێنێکیش نەیانگوتووە جیابوونەوە یاساغ و رێگەپێنەدراوە. دیوانی دادوەریی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2010 دا و لە مەسەلەی راگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی کۆسۆڤۆ ئەوەی سەلماندووە و لە داهاتووشدا، هەمان بۆچوون شمولی کوردستانیش دەکات. هاوکات ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی دەرودراوسێ لە بەرامبەر راگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی دەیکەن، لە یاسای نێودەوڵەتیدا رێگەپێدراو نییە (خۆ ئەگەر پەلاماری سەربازیی کوردستان بدەن لە قازانجە نەک زەرەر، چونکە ئەو کات ئەو بێدەنگی و بێلایەنییەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆتایی دێت) و، هەموو ئەوانەی باس لەوە دەکەن کە تورکیا بەپێی رێککەوتنی ئانکارا و لۆزان مافی دەستدرێژیکردنە سەر کوردستانی هەیە، قسەکانیان پووچ و بێ بنەمان.

## راگەیاندنی باری نائاسایی

## 2

یەکێک لە هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە دەستپێکی پەلاماری داعش بۆ سەر کوردستان لە 2014دا، ئەوە بوو کە باری نائاسایی لە کوردستان رانەگەیاند. کوردستان تووشی ئیزدیواجیەتێک بوو کە لە کۆتاییدا قەیرانی سیاسی لێکەوتەوە و بە رێگەیەکی نایاسایی و بە تەعتیلکردنی پەرلەمان بەرجەستە کرا. ئەوکات پێمانوابوو کە دەشێ لەسەر سنوورەکان بە درێژایی پتر لە هەزار کیلۆمەتر شەڕی داعش بکەین، بەڵام لە ناوخۆدا نە بای هاتبێ و نە باران! ئەوە ئەوەی لێکەوتەوە کە مادامەکی بارودۆخ هێندە ئاساییە، کەواتا دەشێ پەرلەمانیش فەرماندەی شەڕی داعش بگۆڕێت و لە جێگەی ئەو بابایەک بکاتە سەرۆک و فەرماندەی شەڕ!

ئێستا کە کوردستان لە ئاسمان و زەمینەوە ئابلۆقە دراوە و رۆژ بەرۆژیش هەڕەشەکان توندتر دەبن، کوردستان پێویستی بە مەرجەعییەتێکی نیشتمانیی بڕیاردەرە کە رۆژانە وەک سەردەمی بەرەی کوردستانی لە نەوەدەکاندا، کۆببوونەوە بکات و رێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و بە خێرایی بڕیار بدات. دەشێ ناوی ئەو کۆمیتەی باڵای رێفراندۆمە (مادام تازە ریفراندۆمەکە کراوە) بگۆڕدرێت بۆ کۆمیتەی باڵای سەربەخۆیی و لە چوارچێوەی باری نائاسایی هەندێک بڕیاری مەبەدەئی دەربکات کە لە رێگەیانەوە بتوانرێ یەکڕیزیی ناوماڵی کورد بپارێزێت و، پەرچەکرداری خێرا و بەجێی بۆ پێشهاتەکان هەبێت.

پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ بە بڕیارێک تا رۆژی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەو کۆمیتەیە بکاتە تاکە نوێنەری دانپێدانراوی گەلی کوردستان و بڕیار لەسەر پێکهاتەکەی بدات. ئینجا بڕیارەکانی دوایی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوخۆیی، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی بەغدا و دانوستاندنەکان و دیاریکردنی سەقفی زەمەنیی ئەو دانوستاندنانە هەمووی دەکەوێتە لای ئەو کۆمیتەیە. گرنگیشە کۆمیتەی باڵا بە بڕیارنامەکانی کە حوکمی یاسایان دەبێ، پەیوەندییە سیاسییەکان، راگەیاندنەکان، گوتە و لێدوانی سیاسییەکان، ئەمنیەت، پاراستنی سنوورەکان و زۆر پرسی پەیوەندیدار بۆ ئەو قۆناغە راگوزەرە دیاری بکات و هەموو لایەکیش پابەندی بن، ئەگەرنا بەو وەزعە لەرزۆکە سیاسییەی کە هەمانە، بۆجارێکی دیکەش گرەوێکی ئیقلیمی لەسەر وەزعی ناوخۆمان کراوە.

## جەنابی سیستانی لەکوێ بووی؟

## 3

لە چەند ساڵی رابردوودا، شیعە مەزهەبیی خۆیان داکوتا. لە تا بۆیان لوا، بناغەکانی تاکڕەویی شوێنێکیش کە بۆیان نەچووبێتە سەر و تینیان بۆ هاتبێت، یان مەرامێکی تایبەتیان هەبووبێت کە بە حکومەت و پەرلەمانەکەیان مەیسەر نەبووبێت، پەنایان بردووەتە بەر مەرجەعەکەیان تا کارە نادەستوورییەکانیان بۆ بکاتە شەرعی! کە بودجەی کوردستان لەلایەن مالیکییەوە بڕا، جەنابی سیستانی خەوتبوو، کە دادگای فیدراڵی بڕیارەکەی مالیکیی هەڵوەشاندەوە (کە جەنابی ئێستا داوا دەکات پەنای بۆ ببردرێت!)، سیستانی هەر خەوتبوو، بەڵام کە ئێران ئەمری کرد حەشدی شیعی دروست بکرێت، جەنابی بەخەبەر هات. ئێستاش کە گشتپرسیی کوردستان سەرکەوتووە و شیعە لەبەرامبەر ئیرادەی گەلی کوردستاندا بەچۆکدا هاتوون، دیسان سیستانی بەخەبەر هاتووە. بەڵام پرسیار ئەوەیە نەدەکرا لە سێ ساڵی رابردوودا جەنابیان قسەیەکی خێر بکات، خێرە کە ئێستا کار لەکار ترازاوە بە خەبەر هاتووە؟



د.یەحیا عومەر رێشاوی *

# بەنرختر لە دەوڵەت!

کە دەڕوانییە دیمەنە (سیاسی- سۆسیۆ- دەروونی)یەکەی کۆمەڵگەی کوردی و شیکردنەوەیەک بۆ فەزا گشتییەکەی دەکەیت، بە روونی هەست بەو دابەشبوونە قووڵە دەکەیت کە لە دیدوتێڕوانینەکان بۆ پرۆسەیەکی هەستیاری وەک ریفراندۆم و مافی بڕیاردانی چارەنووس هەن و ناوەندە سیاسی و فیکری و پانتاییە میدیاییەکەی داگیر کردووە، تا ئاستی ئاواتی لەباربردنی کۆی پرۆسەکە لای هەندێک، تەنها بۆ دژایەتی (ئەوی دی) و وێناکردنی وەک بەهەشتێکی ئەفسووناوی و ئاوخواردنەوە لای (ئەوی دی) بۆ هەمان مەبەست!، دابەشبوونێکی مەترسیدار کە سنوورەکانی بەزاندووە و دۆست و دوژمن دەرکیان پێکردووە و شۆڤێنی و دژەکانمان لە دیمانە تەلەفزیۆنی و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکاندا نان و پیازی پێوە دەخۆن و پێمانی دەفرۆشنەوە.

ئەو دابەشبوونەی کە شۆڕ بووەتەوە بۆ نێو مێژوومان و وێستگە هەستیارەکانی هاتنەدی خەونی سەربەخۆبوونی بەردەوام لەبار بردووە، تۆمار و لاپەڕە نووسراوەکانی رۆژهەڵاتناس و نووسەرانی کورد هەڵدەرەوە، سیناریۆ و حیکایەتەکە وەک خۆی دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە، خۆ ئەگەر پرسەکە تەنها جیاوازیی لە دید و تێڕوانین و ئیجتیهاداتی فیکری و سیاسی بووایە و خۆی نەگەیاندایەتە تەخوینکردن و پیلانگێڕی و دابەشبوونی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و دواجاریش یەکتر سڕینەوە، ئەوا خوێندنەوەیەکی سروشتی و ئاسایی بۆ دەکرا، وەک هەر پرسێکی فیکری و سیاسی دیکە.

وادیارە بەختی ئەم کۆمەڵگایانە لە دابەشبوون و یەکتر سڕینەوە ریشەی داکوتیوە و ناتوانن لەگەڵ بوونی جیاوازییەکاندا پێکەوە بژین و کولتووری راو رای جیاواز و گفتوگۆ و یەکتر خوێندنەوە هێشتا سەوز نەبووە و ناشیەوێت بەم زووانە چەکەرە بکات، ئەوەی پرسەکەی ئاڵۆزتر کردووە و قوڕەکەی خەستتر کردووەتەوە، ئەو فەزا ئینتەرنێتییە کە بووەتە مەیدانی موهاتەرات و سوکایەتی و جەنگی دەروونی، لەبری ئەوەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە ببنە کۆکەرەوە و پێکهێنەری پردی پێکگەیشتنی (کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی) لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەفسوس ژینگەیەکی پڕ لە رک و تۆڵەسەندنەوە و ناوزڕاندنی نێگەتیڤانەی دروستکردووە، وێڕای خوڵقاندنی فەوزایەکی میدیایی و سیاسی مەترسیدار.

لە گشت ئەم دیاردانە مەترسیدارتر گواستنەوەی ئەم ژینگە میدیاییە گریمانەییە بارگاویە بۆ نێو ژینگە کۆمەڵایەتییە حەقیقییەکە کە خۆی لە بنەڕەتدا بۆ ئەم جۆرە ناکۆکی و دابەشبوونانە ساز و ئامادەیە، دیارە بوونی جیاوازی لە گۆشەنیگا فیکری و سیاسییەکان کارێکی سروشتی و ئاساییە، بەوانەشەوە کە پەیوەستن بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە کیان و بوونیان ریشەی داکوتیوە و بناغەیەکی سیاسی و نێودەوڵەتیی سەقامگیر و پتەویان هەیە، بەڵام روونە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا ئاتاج و تینووی پێکەوەبوون و هەستی چارەنووسی هاوبەش و بەرپرسیارێتی مێژوویی و قوربانیدانین.

رەنگە کەمێک پەرگیرانەتر بدوێم و رێ بە خۆم بدەم بڵێم: بەنرختر لەم ئاواتە مێژووییە و گرنگتر لە خودی دەوڵەتەکە، چاندن و بڵاوکردنەوەی کولتووری یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان و لێبووردەییە، چی بکەین لە دەوڵەت و کیانێکی بنیاتنراو لەسەر ناکۆکی و بەشەیتانکردن و سڕینەوەی بەرامبەر، سووریا و یەمەن و ئەفغانستان دەوڵەتن و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن و فڕۆکەخانەیان هەیە و بەدراوی خۆیان کڕین و فرۆشتن دەکەن و ئاڵاکانیان لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بەتەنیشت ئاڵای وڵاتانی وەک سوید و یابان و کەنەداوە دەشەکێتەوە، بریا نەشەکایەتەوە و خوێن لە جەستەی نیشتمانەکەیان بە بەردەوامی نەتکایە!

ئێمە زۆر ئاتاجی بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکانەین، بەتایبەت لای ئەم نەوەیەی کە لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا رۆژ دەکاتەوە و ئەمڕۆ یا سبەی ئەرک و پۆست و بەرپرسیارێتی دەسەڵات و حوکمڕانی وڵاتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم نەوەیە لە گەنجان و تازە پێگەیشتووان پێویستە بە کولتوورێکی دیکە گۆش بکرێن کە بتوانن لەگەڵ جیاوازییەکاندا بژین و رۆحی تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن و تەخوین بگۆڕن بە رۆح و کولتووری برایەتی و قوربانیدان و یەکتر ویستن، رەنگە لای من ئەم خەونە زۆر لە خەونی دەوڵەت پیرۆزتر و بەبەهاتر بێت.

دیارە ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە و لەسەر ئەستۆی هەمووانە، پارتە سیاسییەکان و دەستەبژێری رۆشنبیر، دەزگا ئاینی و هێزە کۆمەڵایەتییەکان، زانایان و مامۆستایان، خوێندنگە و خێزان، هەمووان بەرپرسیارێتی مێژووییان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە نەخوازراوە بە واقیعێکی باشتر، لە کولتووری رکەوە بۆ گیانی لێبووردەیی، لە کولتووری سڕینەوەوە بۆ کولتووری دانپێدانان، لە کولتووری تۆمەتبارکردن بۆ کولتووری لەیەکگەیشتن، گەر ئەمە نەکەین نە دەوڵەتێکی سەقامگیر دروست دەبێت، نە کیانێکی خۆشگوزەران.

***ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**



مەجید نیزامەدین گلی*

## دیپلۆماسی

**بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان**

# کورد دەبێت چی بکات؟

من قەت وەکو ئێستا گەشبین نەبووم، بەڵام گەشبینییەکەم نیوەچڵە. لە کاتێکدا ئەو زانیاری و هەواڵانەی هەن پێمدەڵێن خێزان و برادەر و خۆشەویستانم لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان سەلامەت دەبن، بەڵام دڵنیانیم لە سەلامەتی ناوچەکانی ماددەی 140.

ئەوەی لێی دڵنیام: هێرشی سەربازی لە دژی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان زۆر زەحمەتە.

ئەو هێرشە لە هەفتەی رابردوودا یەکێک بوو لە ئەگەرەکان و من دڵنیام کە هەندێک لە نەیارانی کورد پێیانوابوو دەتوانن بیکەن.

پێش رۆژی هەینی، چەند بڕیاربەدەستێک لە بەغدا و تاران لەو باوەڕەدا بوون کە دەتوانن هێرشێک بکەن. تەنانەت پێش ئەنجامدانی گشتپرسیش بەرپرسێکی عێراقی لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان بە دیپلۆماتکارێکی ئەورووپی گوتبوو: "جیهان لەگەڵ هەڵوێستی عێراقە، ئێستا دەتوانین زۆر شت بکەین کە پێشتر نەدەکرا".

بەڵام رۆژی هەینی بەیاننامەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەو هیوایەی بەغدای بڕی. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆژی هەینی بۆ بەغدا و وڵاتانی دراوسێی روونکردەوە کە نابێت "بە خەیاڵیش بیر لە بەکارهێنانی هێز بکەنەوە".

لەم ماوەیەدا بەیاننامە و هەڵوێستی نێودەوڵەتی زۆر هەبوو، بەڵام بەیاننامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە هەموویان زیاتر دەرئەنجامی دەبێت. راستە بەشێکی زۆری بەیاننامەکە لە دژی هەڵوێستی کوردە، لە دژی گشتپرسییە، بەڵام ئەوانە هەمووی قسەن بۆ پۆشینی هەڕەشەیەکی ئەمریکا لە نەیارانی کورد.

گرنگترین دەرئەنجامی گشتپرسیی کوردستان ئەوە بوو کە کێشەی کورد و ویستی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بە جیهان گەیاند. رۆژی دووشەممە کورد ئەو ئامانجەی گەیشت و زیاتریش.

تاکە بەشی بەیاننامەکە کە تەنها قسە نەبێت، ئەو بەشەیە کە لە سەرەوە کۆتم کردووە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەغدا و نەیارانی کورد رووونی کردەوە کە ئەمریکا لەگەڵ بەکارهێنانی هێز نییە. خۆزگە کاردانەوەی دیپلۆماتکارانی ئەو وڵاتانەشتان دەدیت چۆن بەجدی ئەو بەیاننامەیەیان وەرگرت. ئەوان لە زمانی دیپلۆماسی باش تێدەگەن، دەزانن بۆچی تیلەرسن ئەو بەیاننامەیەی بڵاوکردەوە.

### بەڵام بە کردار ئەو رستەیە مانای چی دەگەیەنێت؟

هەولێر و هەر ئامانجێک کە ببێتە هۆی کۆتایی ئەزموونی هەرێمی کوردستان هێڵی سوورە، بەڵام کەرکووک و ناوچەکانی دیکە دیار نییە.

لە ئابی 2014 بینیمان کە چۆن هەولێر و لەناوبردنی یەکجارەکی هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی، بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە. مەبەستم لە "هێڵی سوور" ئەوەیە کە ئەمریکا ئامادەیە هێزی سەربازی بەکاربێنێت.

بەڵام دەربارەی هێرش بۆ سەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. بەگوێرەی دوو سەرچاوەی دیپلۆماسی، بەرپرسانی ئەمریکا ویستی خۆیان دەربڕیوە بۆ "تەدەخلول" ئەگەر گرژیی سەربازی لەو ناوچانە روویدات. بەڵام کاتێک پرسیم مەبەستیان لە "تەدەخول" چییە؟ ئەو دوو سەرچاوەیە دڵنیا نەبوون لەوەی ئەمریکا ئامادەبێت بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ رێگەگرتن لە بەرپابوونی شەڕ لەو ناوچانە.

بە کورتی، هەر هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ سڕینەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسی، ئەمریکا ئامادەیە بەهێزی سەربازی رێگەی لێبگرێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی سەربازی لە وجودی پێشمەرگە لە کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140، ئەمریکا ئامادەیە "تەدەخول" بکات. "تەدەخول" یانی چی؟ ئەو پرسیارە دەبێت بەرپرسانی هەرێم لە ئەمریکای بکەن. وەکو هەموو جار دەڵێم وردەکاری هەموو شتێکە.

ئەمریکاش ئەو "تەدەخولە" جا هەرچی بێت، لە پێناوی کورد نایکات، بەڵکو ئەوان نایانەوێت لە عێراقدا شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق ببینن: شەڕێک کە دەرئەنجامەکەی لەوانەیە لە ناوچوونی بەغدا یان هەولێر بێت.

### دەرفەتێکی دیپلۆماسیی گرنگ:

کورد هەندێک جار بەختەوەرە. ئەمڕۆ رۆژی دووی ئۆکتۆبەر فەرەنسا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگرێتە دەست. فەرەنسا تاکە زلهێزە کە سەرۆکەکەی پێش دوو هەفتە لە وەڵامی پرسیارێکمدا، نەرمییەکی نواند بەرامبەر بە گشتپرسی و وەکو "پرۆسەیەکی دیموکراسی" ناوی برد. فەرەنسا ئەو وڵاتەیە کە لە ساڵی 1991 پێشنیازی پرۆژە بڕیارێکی کرد بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ناوچەی دژە فڕین و هێڵی 36 ی بۆ کورد دیاری کرد.

وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایش لەلایەن فەرەنساوە دەرفەتێکی دیپلۆماسیی زێڕینە و ئەوان دەتوانن ئەمانەی خوارەوە بکەن:

پێشەکی بە هیچ شێوەیەک ئەنجوومەنی ئاسایش ناتوانێت بەیاننامەیەک یان پرۆژە بڕیارێک دەربکات بۆ "پشتگیری لە سەربەخۆبوون و گشتپرسی". دەتوانم زۆر بنووسم لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەوە لەلایەنی دیپلۆماسی و سیاسییەوە ئێستا مەحاڵە. بەڵام دڵنیابن ئەوە مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەش فەرەنسییەکان دەتوانن ئەم شتانەمان بۆ بکەن کە بە بۆچوونی من گرنگە بە زووترین کات سەرۆک بارزانی پەیوەندی بە سەرۆکی فەرەنساوە بکات و داوای لێبکات:

1- ئاوارەی عەرەبی سوننە:

زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەمان لایە کە لەبەر هەر هۆکارێک بێت رێگەیان پێ نادرێت بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. ئەمەش پرۆسەیەکی تەعریبکردنی نوێیە. ئەوان دەیانەوێت ئەو ئاوارە بەستەزمانانە لەو کامپانەی هەرێم بمێننەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە راستییەکی دیمۆگرافی لە باشووری کوردستان. بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی قورساییەکی سیاسی زۆری دەبێت کە بەغدا و لایەنەکانی نزیک لە ئێران ناچار بکات ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بکەن. ئەگەر ئێستا رێگەشیان پێنەدرا، ئەوا ئەو بەیاننامەیە لە داهاتوودا دەبێتە تاکە بەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئەو ئاوارانە خەڵکی باشووری کوردستان نین.

2- گوتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەنجوومەنی ئاسایش:

وەکو سەرۆکی ئەنجوومەن، فەرەنسا دەتوانێت لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەربارەی عێراق، بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی گوتارێک بخوێنێتەوە. ئەمەش لە عورفی دیپلۆماسیی ئەنجوومەنەکەدا زۆر ئاساییە. ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم لە ئەنجوومەنەکە دەبێتە پێشینەیەکی دیپلۆماسی کە دەرگا بۆ بوونی نوێنەری کورد لە زۆر کۆبوونەوەی فەرمی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە گرنگە لانیکەم بەغدا زۆر دژایەتی نەکات و بۆ ئەو کارەش دەبێت هەولێر قەناعەت بە بەغدا بێنێت و سازشیان بۆ بکات. ئەو کارە شایستەی سازشی گەورەیە.

3- داوایەک بۆ گفتوگۆ دەربارەی کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140:

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەتوانێت لە بەیاننامەیەکدا داوای ئەوە بکات کە بەغدا و هەولێر گفتوگۆ بکەن لەسەر کەمکردنەوەی گرژییەکان لە کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140. ئەو داوایەش زۆر گرنگ دەبێت، چونکە ئێستا دوای گشتپرسی، هەر گفتوگۆیەکی بەغدا و هەولێر لەسەر ئەو ناوچانە لەسەر ئەوە دەبێت کە پێشمەرگە بۆی هەیە لە کوێی ئەو ناوچانە بمێنێتەوە. کاتێک بەغدا رازی بوو لەسەر هەر سنوورێک کە پێشمەرگە بۆی هەیە بمێنێتەوە، ئەو سنوورە بە پراکتیکی دەبێتە سنووری کۆماری کوردستان. بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنەکەش بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ لەوبارەیەوە جۆرە شەرعیەتێک بەو سنوورە دەدات.

***بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## دیلانار یلدز: دەمویست ببمە ئەکتەر

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ

www.familymallarbil.com

E-mail: info@familymallarbil.com

Phone Number: 009647505618484